- ناوی کتێب : ئەوەی بریمەرلەکتێبەکەیدا یاداشتی نەکردوە.
- نوسینی : محەمەد عەرەب .
- وەرگێڕانی : لیژنەیەك .
- چاپی : یەکەم . سلێمانی ٢٠٠٧
- تیراژ : ٢٠٠٠ دانە .
- ژمارەی سپاردن : ( ) وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- چاپخانەی : پەیوەند .


هەواڵنامەی کتێب

ئەوبۆچونانەی لەم کتێبەداهاتوون دەربڕی دیدوبۆچوونی نوسەرەو وەرگێڕ وبڵاوکار بەرپرس نیە لێی .

# ئەم کتێبە

## ئەوەی بریمەرلەکتێبەکەیدا یاداشتی نەکردووە

ئەم کتێبەبریتی یە لەبەرهەمی هەوڵی ڕۆژنامەوانێکی عێراقی ،کە محەمەد عەرەبەوتوانیوێتی بەچەندین ڕێگەی جۆراوجۆر، خۆی بگەیەنێتەزۆرێك لەنهێنیەکانی سیاسەتی کۆلۆنیالّی ئەمەریکی وچەواشەکاریەکانی فەرمان ڕەوای سەربازی ئەمەریکالەعێراق دا... (نوسەر / پەیڤین کار)هەڵنەساوە بەشیتەڵکاری یان خستنەڕووی‌تێڕوانین وبۆچونێکی سیاسی وفکری ،بەڵکوهەلی تەواوی بەجێهێلاّوە بۆئەوانەی لەدەورووپشتی بریمەر بونەو نزیك بوون لەڕارەودالأدانەکانی سیاسەتی ئەمەریکیەوە تاکوئەوبەسەرهات و نهێنی وبەڵگەنامانە ئاشکرابکەن کەئاگادارو ئاشنان پیّ ی.

ئەم کتێبە بەتەواوکەروراستکەرەوەی ڕەوتی یاداداشتەکانی بریمەردا دەنویّ ئەمەش لەبەرئەوەی یەکێك لەهاوکارەنزیکەکانی (ویدادخانم) شتی وای لێدرکێنراوە ،کەسەرووی وێنا کردنە و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ئاشکراکردنی نهێنیەکانی وتیشك خستنەسەر ئەو نهێنیانەی لای خوێنەری یاداشتەکانی بریمەرهەیە سەبارەت بەدەست نیشانکردنی ئەوانەی بەشدارن لەگەمەی کۆلۆنیالی نەگریس دا .

(بلاّوکار)

## پێشکەشە

- بەئەوکەسەی زۆرئارامی لەسەرگرتم وچاوەڕوانی کێشا ....خێزانی خۆشەویستم ودایکی منداڵەکانم .

- ئەوکەسەی فێری کردم کەڕۆژنامەوانی هەڵوێست وجوامێرییە....مامۆستا ئیبراهیم خیاط.

- بەوکەسەی هاوکاری وپشتیوانی کردم ...دکتۆری ڕۆژنامەوان (طلال طعمة)

- ئەوەی چەندین ودەیەهاجار ستەمی لێکراوە ....گەلی عێراقی ستەمدیدە .

- بەوەی چەندین ودەیەهاجار چەواشەکراوە ...گەلی ئەمەریکی هەژار،

- بەهەمووئەوانەی ئەیانەوێ ئاشنابن بەڕاستی کەسایەتی بەڕێزباڵێۆز (پۆڵ بریمەر) لەهەموو شوێنێکی ئەم دوونیایەداهەن.

ئەم کتێبەی پێشکەش دەکەم لەگەڵ ڕێزدا ......

محەمەد عەرەب

## بەناوی خودا

تەواوی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لە وولاٌتێك دا ڕوو دەدەن ،وە ئەو کارەکتەرانەی ڕۆڵ دەبینن لە خولقاندنی ڕووداوەکان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا ،سەرجەمیان دواجار کاریگەریەسلبی و ئیجابییەکانی بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر خەڵکی و جەماوەرو دەڕژێتە خانەی ئەوانەوە ،لێرەوە ئەوەی ڕوودەدات دەبێتە مێژووی گەلێك بە تاڵ و شیرینەوە، هەر بۆیە مافی هەموو لایەکە تێبینی و سەرنج و ڕەخنە و بەدوا داچون و لێدوان و هەڵوێست گرتنیان هەبێت لە ئاست تەواوی ئەو نوسین و لێدوان و یاداشتانەی لەسەر بارو دۆخەکانی گەلەکەیان تۆمار دەکرێت بەو پێیەی بەشێکن لێ ی و لێپرسراون لەئاستیدا ، لەم ڕوانگەیەوە موحەمەد عەرەب وەکو عێراقییەك ئەو مافەی بەخۆیداوە کە لەسەر کتێبەکەی برێمەر بەدوا داچونی هەبێت و وەکو خۆی دەڵێ باس لەو شتانە بکات کە برێمەر لەکتێبەکەیدا باسی نەکردووە ،جا ئیتر چەندە زانستیانە دواوە و تۆمارەکانی لەم ڕووەوە چەندە وردوبابەتین، ئەوە مافی کە سانیترە (بەتایبەت ئەو کەسانەی لەم کتێبەیدا ناویان هاتووە) دا کۆکی لە خۆیان بکەن و ڕاستی ڕووداوەکان بخەنەڕوو ، تاوەکو لەبەرئەنجامی بەدوا داچونەکاندا ڕاستی زیاتر بەدەر بکەوێ و زۆرێك لەوەی کورد گوتەنی ( لەژێر بەڕەیە بخرێتە سەر بەڕە) .

هەر لێرەوە ئێمە وەکو وەرگێرەکانی ئەم کتێبە لێپرسراو نین لەهیچ زانیارییەکی نێوی ،بەتایبەتی ئەو باسانەی تەشەرولەکەداری تێدایە بۆ کەسایەتیەکانی ئەنجوومەنی فەرمان ڕەوایی و ئەوانیتریش ، بەتایبەتیتر ئەوەی پەیوەندی بەسەر کردە کوردەکانەوە هەیە ،کاری ئێمە تەنها وەرگێرانە بۆ ئەوەی خوێنەرانی کوردیش ئاشنابن بەڕوویەکتری ئەو سەرنجانەی کە سێکیتر لەسەر کتێبەکەی برێمەر هەیەتی و دوا جار دەکرێ ئەوان خوێندنەوەی تریان هەبێت بۆ

ڕووداوەکانی ئەو کاتی عێراق کە دابڕاو نی یە لە ئێمەش ، ئەمە جگە لەوەی خۆمان کۆمەڵێك سەرنجمان هەبوو سەبارەت بە هەندێك لەو خوێندنەوانەی جارو بار موحەمەد عەرەبی ڕۆژنامەنوس دەری دەبڕیّ لە توێ ی نوسینەکەیدا ...دیارە هەرکەسێکیتریش بە خوێندەوەی کۆمەڵێك زانیاری و تێبینی تایبەتی لاگەلاّلە دەبێت کە خوازیارین دواجار لەخزمەتی ڕاستی و حەقیقەتی ڕووداوەکاندا بێت و خزمەت بە دەوڵەمەند کردنی ڕەوشی هەنوکەیی و مێژوویی ئێمەش بکات و ببێتە مایەی لەسەر نووسین و بەدوا داچوونی ڕۆژنامەوانی تا دیوێکیتری باس نەکراویش لەم نێوەندە دا ئاشکرا بکرێت و ڕاستی ڕووداوەکان دیزە بەدەرخۆنە نەکریّ و پێش ئەوەی بچێتە مێژووییەکی دوورترەوە ئێستە جیّ ی مشت و مڕو قسەوباس بێت ، کە هێشتا بەرەنجامەکانی گەرم و گوڕن لەسەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراقیش دا.

لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو ئەوانەی لەم کتێبەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرتانەوتەشەر دەکەون چونکە ئەوەی دەدویّ موحەمەد عەرەبە لەڕێی سەرچاوەکانیەوە نەك ئێمەی وەرگێر، بەهیوای بەدواداچونیتر بۆ هەریەکە لە کتێبی (My year in Iraq ) و ( مالم یذکره بریمر فی کتابه) ....هەر شادبن .

لیژنەی وەرگێڕ ٢٠٠٧/٣/٢٥

## پێشەکی

پێش ئەوەی دەست بکەم بەنوسینی ئەم کتێبە زۆر ڕاڕابووم، لەبەرزۆری هۆکارەکانی ڕاڕایی ودوودڵی ، وەلەبەرئەوەی زۆر ئاشنای هونەری یاری وگەمەکردن بەئاگرنیم چونکە ئەوجۆرەگەمەکردنە پسپۆڕیی یاریزانانی سێرك وسیاسەتە لەجیهانی عەرەبی دا ،لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی سادەە لەنێوان ئەودووتوێژەدا، سێرك زانان یاریکردنیان بەئاگر بۆبەختەوەری ودڵشادکردنی خەڵکی یە ،بەلاَم گەمەی سیاسەتمەداران لەوڕووە وەبۆسوتاندنی خەڵکییە، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان بەرئەنجام وبەرهەمن بۆ ئەویارییە وئاساییە لەڕووی ئەندازەوە وچەندێتی یە کەشیەوەجیاوازبن... هەردوو حاڵەتەکەش ڕێساو بنەمایەکی جێگیرو سەپاو نین....

لۆژیکی شتەکان ئەوەدەسەپێنن بەسەر ژیرمەنددا کەزۆرلەسەرخۆو ئارام بێت وزۆربەچاکی بیربکاتەوە پێش ئەوەی دەست بخاتە نێو هەردوو شەویلگەی تیمساحێکی برسیەوە ،دەڵێم تیمساح چونکە خاوەنی ڕووبەڕووبونەوەیەکی جوامێرانەنیە ،بەلاَم کەسی شێت ئەوا دەکرێ بەوکارە هەڵسێت لەبەرنەبوونی بیر تیژییەکی ژیرمەندانە کەئەوەبە ئاگای بێنێ لەئەنجامی ئازایەتیە سەرکەش و هەڵەشەکەی ، شێتەکان ، خوشك وبرابەڕێزەکانم بەهۆی ئەزموونەوە ئازان، بێ ئەوەی قوڵ ببنەوەلەپێوەرەکانی ئەوئازایەتییە،ئەمەش بۆیەدەڵێم تاکوبرا شێتەکانم لێم زویرنەبن....

بەلاَم کەسی سەرچڵ وچاونەترس وجەربەزەی وادەبینم ژیری ئاوێتەی شێتی دەکات لەبۆتەی ئازایەتی وبوێریدا ،خودی پاڵنەرەکان ڕاڕایی و ئەندازەی کاریگەرییەکەی بەکەسی ڕاڕایی ودەوروبەرەکەیەوە جیاکەرەوەیە لەتەواوی ئەم بابەتە .......

چەندمانگێکی دوورودرێژم بەسەربرد لەنێوەندی ململانێیەکی بەردەوامی سێینەیی دا ، کەپەیوەست بووبەلایەنەکانی ئەم باسەو ڕاڕای ولەهەمانکاتدا پاڵنەروحەزەڕۆژنامەوانیەکانم بۆ بلاّوکردنەوەی ئەوپۆخڵەوات و گاڵتە جاڕی وگەندەڵیانەی کەکاتی ئەوە هاتووە بخرێتە پێش چاوو بەرگویٚ هەموولایەك ،پیٚ دەچێت ئەو کێشمەو ململانیٚ فکرییە توندە دواجار لەبەرژەوندی حەزو پاڵنەرەکانی مندابووبیٚ ،پاش ئەو ڕێکەوتنە ئاشکرایەی ئەوانەی دوایی کردیان بۆ خنکاندنی ڕاڕاییەکانم تائاستی نەهێلاّنی ومردنی ،لەتاوانێکدا کەیاساسزای لەسەرنادات چونکەلەجۆری ئەوتاوانە دادگەرانەیەیە کەڕێڕەوی مێژوو هەلّدەسەنگێنیٚ وهەمواری دەکا، ئەودێڕەونبوانە دەگێڕێتەوە بۆشوێنی خۆی لەکتێبەکەی بالیٚۆزی ئەمەریکی پۆلٚ بریمەر (My year in Iraq) دا چونکەوەدەرنانی ئەودێڕانە لەناشیرنترین ئەوتاوانە ڕەوشتیانەیەکەئامانجێتی ڕێڕەوو ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت و،پۆشاکێکی تریبەدەرلەپۆشاکەڕاستەقینەکەی خۆیی بەسەردابڕێت ،بەداخەوەمێژووبەردەوام وهەمیشە سەرکەوتووەکان دەینوسنەوە ...

هەربۆیەلەهەموولایەك مۆڵەتی دەست پێکردنی قسەکانم دەخوازم ، یەکەمییان ئەوئافرەتەعێراقیەئاشورییەیە کەچەندین نهێنی سەردەمی فەرمان ڕەوای سەفیر پۆلٚ بریمەر لەعێراق داپێبەخشیم ئەویش لەچەندچرکەساتێکی لاوازی ئافرەتانەی گێل وگەمژەییدا ،گێل وگەمژە لانی کەم لەتێڕوانێن وبۆچوونی من دا،چونکەئەویندارۆعاشقانی سیاسەت مەداران هەروەك لای هەموان ئاشکرایە سەرچاوەیەکی زانیاری نەبڕاوەن ،سەرەڕایی ئەوەی دەزانم کەئەم مۆڵەت خواستنەم ئەو تێڕوانینە ڕەفەزکەرەی ئەوناگۆڕیٚ بەوەی کەئەوهیچ شاراوەیەکی ئاشکرانەکردووە وهیچ دێڕێکی پشت ڕاست نەکردۆتەوە وهیچ دەروازەو

هەواڵنامەی کتێب

دەلاقەیەکی ڕۆشنای نەکردۆتەوە تاکوڕاستی لێیەوە تیشکی خۆی پەخش بکاتەسەرلاپەڕەکانی درۆ و ناڕاستیەکان....

هەروەها مۆڵەتی دەستپێکردنی قسەدەخوازم لەوڕۆژنامەنوسە عێراقیە باشورییەی وێنەی ڕووی دووەمی هەندێك لەو گێڕانەوانەی (ویدادفرەنسیس) ی بۆ کێشام ،وێنەی گێڕانەوەکانی (ویدادفرەنیس)ی خۆشەویستی بریمەر ، ماڵئاوای یەکجاریکرد لەبەرچاوی کاڵی کوڕونەوەی (سامی مام)، پێ ی دەڵێم تۆباشترین هاوڕێ وپشتیوان بویت،وەشتێکت بۆمێژوو تۆمارکردکەکەسانیتر تۆماریان نەکردووە ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆسوربوونی تۆ ،پەیوەندی پتەو وتوندی گرێدراوی تۆیە بەخاك وزەوی عێراقی بریندارو خوای گەورە باری ئاسایی بۆ بڕەخسێنێ و ئەویش بەساغ و سەلامەتی بگاتەوە ناو کەس وکارو خۆشەویستانی ،مۆڵەت دەخوازم لەهەمووئەوانەی پشتگیرو هاوکارییانکردووم بۆ تۆمارکردن ونوسینی تاکەپیتێك لەم تۆماری ڕاستی یە ، لێرەوە دەست دەکەین بەباسەکەمان .

کەواڵەمەی کتێب

## تەوەرەکانی ئەم کتێبە

**بەشی یەکەم :** لەوپەیوەندیە خۆشەویستی یە گەرم وگوڕو قوڵە دەکۆڵێتەوە کەفەرمان ڕەوای مەدەنی عێراق باڵیۆز پۆڵ بریمەری کۆکردۆتەوە لەگەڵ وەرگێڕی عێراقی ویدادفرەنسیس و زنجیربەندی ئەوڕووداوانەی پەیوەستن بەم پەیوەندییەوە بەپێی ئەوگێرانەوانەی کە(ویدادفرەنسیس )خۆی وچەندکەسێك لەخانەوەدەکەی وهەندێك لەسەرچاوە ڕۆژنامەوانیانەی کەزۆر پەیوەندی داربوون بەهەردووخۆشەویست وئەویندارو‌عاشقەوە ،بۆیان باسکردووم .

**بەشی دووەم :** باس لەوبیروبۆچوونەڕانەگەیەنراوەدەکات کەبریمەر هەیبوە سەبارەت بەئەندامانی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای (مجلس الحکم) وهەندێك کەسایەتی ئاینی وسیاسی وکۆمەلآیەتی عێراقی دیاروهەندێك کەسایەتی تری نێودەوڵەتی ،بەوپێیەی (ویدادفرەنسیس) وهەندێك سەرچاوەی تری ڕۆژنامەوانی بۆمان باس دەکەن ...

**بەشی سێ یەم :** تایبەتەبەخستنەڕووی لەدژیەکەکانی دیموکراسیەتی ئەمەریکی . داواکارم خوای گەورە هاوکاری ودەستگرۆیم کات .خوای گەورەش ئاگادری نیازو مەبەستەکانە.

کەوالنامەی کتێب

## سێ نامە

پێش ئەوەی کەشتی حەقیقەتت بەسەرشەپۆلەنهێنیەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی باڵیوزی ئەمەریکی بریمەر لەعێراقدا گەشتی دەریای بکات، پێویستەسێ نامەی زۆرگرنگ بنوسم بۆ دانانی خاڵ لەسەرئەوپیتانەی بۆم نێردراوە، وە هەندێکی ترکەدەمەوێ لەڕێگەی ئەم چەند دێڕەوە بینێرم .

**نامەی یەکەم ودووەم:** وەڵامی چەند دەربڕینێکی ترس و وەئاگاهێنەرن کە لەدوولای جیاوازەوە پێم گەیشتوون سەبارەت بەشێوەو جۆری ئەوترس ودڵە خورپەیە.

**سێیەمیش:** نامەیەکی کراوەیە بۆئەوکەسەی وێنەی خۆی وەکوڕزگارکەرو فریادڕەسێکی ئومەتی عێراقی وڕاستکەرەوەوهەموارکاری ڕێڕەوو ڕەووتی مێژوو ناساندووە لەکاتێکدا ئەوبریتی بووە لەکەسێکی مێ باز ومیری چێژوەرگرو ودزێکی لێزان وبوکە ڵەیەکی ناشیرینی واکەچەندپەنجەرەیەکی نهێنی قێزەون دەیجوڵێنێ کەلەووڵاتەکەمدا کوشتن وکاولکاری وپارەپارەو پەرتەوازەی وناکۆکی برەو پێداوە .

هەواڵنامەی کتێب

## نامەی یەکەم

### بۆپایەگای بەڕێز(ویدادفرەنسیس)

... خانمەکەم پاش سلاو پێم خۆشە بلێم حەزی بلاوکردنەوە لایڕۆژنامەوانیێ کەکارەکەی پێ خۆشەو باوەڕی بەکێشەو دۆزەکەی هەیە،لەکاتێکدا کەڕاستگۆبێت لەگەلێ خۆی وپێنوسەکەیدا ،گرنگترەلەهەمووهاندەرو فریودەرەدوونیایەکانیتر کەزۆرجاربەهاو نرخە ڕەوشتیەکەی زۆربەرزترە لەبەهامادییەکەی ....زۆربەمتمانەیەکی بەرزو سوربونێکی بالاوە پێت دەلێم :خانمەکەم،بەم نزیکانە ئەوزانیاریانەی پێتدام بلاویان دەکەمەوە ،چونکەزۆربەسادەی ئەمانەبەمیراتی وپاشماوەی خێزانە بەڕێزەکەت نازانم ،مافی هیچ کەسێکیش نیەبیان پارێزێت ،چونکەخاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوەبۆگەلی عێراق پاشانیش بۆگەلی ئەمەریکی بەلکو بۆ هەمووجیهان.... بەوزانیاریانەی ،لەنێوچنگی تۆدا دەرم کێشا ،عێراقیەکان ئاشنادەبن بەحەقیقەت وڕەوشتی ئەوکەسەی بۆسالێکی تەمەن سەرکردایەتی کرد ن،ئەمەریکیەکانیش لەداهاتوودا فێردەبن زۆر ورد تربن لەهەلبژاردنی سەفیرەکانیاندا ،تاگولای جیهان سیفەتەکەرەستەیی وماددییەکان قولێ ودا چەقاو چەسپاوترنەکەن کەبەردەوام وبەدرێژایی مێژوو ئاشنای یەکتربوون ولەیەکتر دانەبڕاون وبەردەوام گرنگی بەوەدەدەن ،وەتەواوی جیهانیش ڕاستی وحەقیقەتی ئەوە بزانێ کەڕوویداوە ولەچۆنیەتی و بۆچیەکەی ئاگاداربن؟

هەوالنامەی کتێب

## نامەی دووەم

### بەهەموو ئەوانەی زانیاری نێو ئەم کتێبەیان پیێ بەخشیم

..ڕێزداران تاماوم لەژیاندا ناوەکانتان بەنهێنی دەمێنێتەوە ،بیروباوەڕم لەم ڕوە وەئەوەیە ،کەپاداشتی چاکەکاران چاکەیە،ئێوە چاکەتان بەرامبەرهەموو جیهان نواند کاتێك نهێنی ساڵێکی ڕەشی مێژووی عێراقتان ئاشکراکرد،کەزۆرداران هەوڵیاندا ئەدگارەکانی لەڕیێ ی چەند دێرێکی ساختەوە بنەخشێنن، بەڵام بەهۆی گێڕانەوەی ئێوەو دەرخستنی نهێنی و شارەوەکانی ئەوساڵەنەهاتیە هەموو دێڕەکانی بریمەرتان دڕاندو چەنددێڕێکی ڕاستیتان بۆ مێژوو تۆمارکرد ،پاداشتیشتان لای پاشای بەتوانایە لەڕۆژێکدا کەسامان ودارایی ومنداڵ سودوکەڵکی نابێت، لەلایەن منەوە لەجیێ ی هەموو جوامێرو بەڕێزەکانی سەرگۆی زەمین سوپاس ورێز وپێزانینم هەیە.

## نامەی سێیەم

### بۆ باڵیۆز پۆڵ برێمەر

سەعادەتی باڵیۆزی نێردراو .......

ئەگەردەتوانی وەڵام بەرەوە ،گومانم وایەناتوانی لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی بەدواداچونتم .

محەمەد عەرەب

## بەشی یەکەم

### تیرێکی ئاشوری لەدڵی نەوەی سامدا

هەموولازۆربەپەرۆشەوە چاوەڕوانی وچاودێری گەیشتن بوون بەوپیرەی سواری پشتی ئەسپی دیبلۆماسیەتی ئەمەریکی ببوو لەعێراق دا،بیست لەکارمەندانی کۆشکی کۆماری سەردەمی فەرمان ڕەوای سەرۆکی پێشوی عێراق (سەددام حسین) ،کەلەلایەن فەرمان ڕەوای مەدەنی ئەمەریکی لەعێراقدا باڵیۆز پۆڵ بریمەر ەوە بانگهێشت کرابوون ،تاوڕێك کەون لەگەڵیدا بۆ میکانزمی نوێ هاوکاری کردنی ودانانی ناوکۆی کارگێڕی و سەرۆکایەتیە قۆناغ بەندیەکەی ، پێش بانگهێشت کردنیان بۆناوچەی (سەوز)هەواڵی ئەو دانیشتنەیان پێ دابوون،لەهەنگاوێکدا کەبەزیرەکی و فێڵبازانە دادەنرێ ،چونکە خەڵکی کۆشك زیاتر شارەزان بەوردو درشت وسایەوپەناگاکانی، بریمەری باڵیۆز باش دەیزانی کەئەم کارمەندانە دڵسۆزدەبن بۆی،چونکەبەئیمزایەکی سەرۆکایەتیانە لەلیستی داواکراوانی ئەومیلیشیایانەی کەتینوو بوون بۆخوێنیان دەگوێزرێتەوە بۆلیستی بەرپرسیارانی نوێ بەچەندین دەسەلاتی بەسەلاحیاتی هەمەچەشنەوە ،بەمەش لەبازنەی مەترسیداری تیرۆرکردنەوە دەچنە بازنەی خۆشگوزەرانی دەسەلات وسەلاحیاتەوە ،بەتایبەتی ئەگەر ئەوکارمەندە لەگەڵ هێزە ئەمەریکیەکاندا کاربکات ئەوا دەسەلاتەکانی لەهەندێك کاتدا هاوسەنگەبە دەسەلاتی وەزیرەکان ئەگەرزیاتریش نەبێت،چاوەڕێ کردن کات بەفیرۆدانە ،دەقیقە بەدوای دەقیقە دا دەهات و کاتژمێربەدوای کاتژمێر تێدەپەڕی ،هەرکاتژمێرێك کاتژمێرێکی تری لێپەیدا دەبوو ،بەلام کێ ئاوڕی دەدایەوە بۆدەوروبەری ودووردرێژی چاوەڕێکردنەکە،هەمولاهۆکاری بانگهێشت کردنەکەیان دەزانی ونوقلانەی

خێریان لێدەداو ئاواتەخوازی شتی بەنرخ وگرانبەهابوون ،پەیڤین وگفتوگۆلابەلاکان بەدرێژای کاتی چاوەڕێکردن بەردەوام بوو،

زمان و ژیرییەکان پێش برکێیان بوو بۆدانانی سیناریۆو گریمانەی چاوەڕوانکردنەکان،کەهەموویان دابەشبووبوون لەنێوان ترسی لەوەی بانگکردنەکە تەنها ڕۆتینێك بێت ومەبەست تەنهاکۆکردنەوەی زانیاری بێت،وەلەنێوان گەشبینی بەوەی پلەوپایەیەکی بەرزو نوسینگەیەکی شکۆدارو موچەیەکی گەورەیان پێببەخشرێت بەڵام ژیرمەندو بیرتیژو لێزانەکانیان داوایان لەترساوو گەشبینەکان کردوازبێنن لەئەستێرەگەری وپێشکەوتنی ڕووداوەکان ،چونکەچەند چرکەساتێك ماوەتاکو فەرمان ڕەوای مەدەنی ئامادەبێ ولەوێشدا پێویستە سەرەتاهەموولاڕێك بکەون لەسەرکارەگرنگ ویەکەمینیەکان وداخوازییە هاوبەشەکان ئەمەزۆرباشترەلەنوقلانەلێدانی بێ سەروبەرو خەونی دیبلۆماسی وچەندەها سیناریۆی گریمانەیی ،هەروەها پێویستەلەسەرییان کەسێك بکەنەنوێنەرییان کەلەهەمویان بەتوانا تربێت لەگفتوگۆو قسەکردنی ئینگلیزیدا تابتوانێ بەشێوازێکی دیبلۆماسی وزمانێکی پاراوەوە داخوازی ئەولەوتەکانیان بۆبخاتە ڕوو، تائەوەندەی‌لەتوانایداهەیە شت ببچڕێت لەئەمەریکیەکان....بەدەست هێنانی داخوازییەکان لەسەرەتای داگیرکاریەوەزۆرئاسان بوو لەبەرسادەی بیرکردنەوە ی قۆناغ بەندیانەی ئەمەریکی و حەزکردنیان بۆکەسپکردنی هەموولا لەڕێی پڕکردنی گیرفانیانەوە،وە کارەکەلەڕووی زمانەوەکۆتایی پێهێنرابوو بەهۆی ئەولێزانیە سییە ئاشوورییەی (ویدادفرەنسیەوە)کەزۆربەباشی دەیتوانی بەئینگلیزیەکی شێوەزاری ئەمەریکی بدوێ ،کەپێشتر وەك کارمەندێکی ڕێزلێنانەکان (تریفات) لەکۆشکی (السجود)دا کەیەکێك بوولەکۆشکەکانی سەدام حوسێنی سەرۆکی پێشوی عێراق کاریدەکرد ،تەنها ڕیزبەندیە یەکەمینیەلۆژیکەکانی

مابوکەلەپاراستنی ئاسایش وموچەی زۆرو نیشتەجێبوون لەشوێنێکی ئاسایش داتێنەدەپەڕی پێدەچێت سێ کاتژمێری چاوەڕوانی بەرهەمی خۆی دا بێت بەدەستەوە چونکەبەکەڵك بووتاکو ئەوان شتەگرنگەکانی خۆیان ڕیزبەندبکەن ... لەکۆتایدا بریمەربەدلەڕێك وسادەکەی ودەم وچاوەمناڵکارو بزە ووشکو چاوەپشکێنەرەکەیەوەبەدەرکەوت ،تاکوسلاَوێك ئاڕاستەکاو پێشەکی دەست بەکارەکانی بکا و لەسەرهەمان ڕێڕەوی باووباپیرانی مانگابەخێوکەرەکان(رعاده البقر) دەست بەدانوساندن بکات ،لەسەر ڕێبازی یاله گەلْمی یان دژمی...

هیچ چارەسەرێکی ناوەنجی لەمەسەلەی مەسەلەی هاوکاریکردن لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا بەدیناکرێت ، باڵوێزی بەڕێز پۆڵ بریمەر . ڕێك لەسەر دوانگەیەکی بچوك ڕاوەستا،کەبۆئەومەبەستەتایبەت کرابوولەهەرلایەکی ئەودوانگەیەوە وێنەی هەردووپیتی(ص و ع)کێشرابوو،کەدووپیتی یەکەمی سەرۆکی (صەددام حسین )ی پێشوی عێراق بوو،لەوانەیە مانەوەی ئەم دووپیتەلەبەرنەبوونی کات بووبێت تاگولاَی بەرن یان خود بەئەنقەست هێلْرابوونەوە تاکو وەکو نامەیەك وابن بۆلایەك ،ناکۆکیەکی سەرەنج ڕاکێشەوخاڵی نی یە لەگاڵتەجاڕییەکی قەدەرەکان....

بریمەر :.بەڕێزان وولاَتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێویستی بەیارمەتی وپشتیوانی ئێوەهەیە بۆبنیاتنانەوەی عێراقی نوێ ،هەڵبژاردنی ئێوەش بەپێی تواناو لێوەشاوەیتانە بەدەرەلەهەرپێوەرێکی ترکارەکەش بۆخۆتان بەجێ دەهێلْرێت تاکو پەیوەندی بکەن بەبنیاتنەرانی عێراق یاخود هۆڵەکە بەجێ بهێڵن،لەهەردووبارەکەدا سوپاسێکی زۆر تان دەکەم بۆبەدەمەوەهاتنی بانگهێشتەکەم....

ووشەکانی ئەم پیاوەلەسەرخۆو لەهەمان کاتدا تریشقەئاسابوو ،لەوانەیە ووتەکانی پیاوێکی سەرقاڵ بەچەندکاروبارێکی جۆراوجۆرەوە گەورەتر و گرنگتربێت لەگەڕاندنەوەی کارمەندێکی کۆشکی سەرۆکایەتی جارێکی تر بۆ خزمەتکردن ،چرکەکانی بێدەنگی بەدەنگێکی ئافرەتانەی ئارامەوە بڕێنرا کەلەیەك کاتدا کۆکراوەی مێیانەیەتی وئازایەتی بوو،سەرەڕای هەڵبژاردنی چەندین ووشەی بوێرانە و ڕازاوە و ئاوێتەبەچەندتێڕوانینێکی وورد لەچاوێکی ڕەشی کل دارەوەکەخۆی حەشاردابوو کەلەپشت چاویلکەیەکی جوانی پزیشکیەوە ...

- ویدادفرەنسیس: نیاز پاکی لەئارادان، بەڵام پێویستیمان بەوەیە بەڵگەکانی ڕاست گۆی و دڵسۆزی بینین لەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەپێناو عێراقێکی نوێدا

- بارودۆخەکەبۆکەسانێك کەلەزمانی چاوەکان تێنەدەگەیشتن تەم ومژی گومان وبێ متمانەی دەردەخست ،بەڵام ئەوکەسەی شارەزای ئەو وەرگێڕانە و تێگەیشتنەبێت هەرچەندە پێویستی بەوەرگێڕان نیەهەست دەکرد بەهۆی جۆرێك لەڕێزگرتن وسەرسامبوون لەنێوان نەوەی سامی مام(ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی ئەورووپی و ئاشوریەکان ـ وەرگێر ـ ) ونەوەی (ئاشوربنیپاڵ)دا لەدایك بوو.

- ویدادفرەنسیس: ئێمە پێویستمان بەئێوەیە هەروەك چۆن ئێوەپێویستیتان بەئێمەیەو عێراقیش پێویستی بە هەردوولامانە وئیرادەی ئەمەریکیش پێویستیبەعێراقێکی نوێ یە وپێویستی بەوەیە تێڕاوانینی گەل سەبارەت بەئەمەریکا بگۆڕێت ،ئەی باڵوێزی بەڕێز عێراقیەکان متمانەیان بەئێوەنیەیە ،هەربۆیەپێویستیان بە پشتیوانی ئەوکەسانەیەهەکەلەدەرگاتان دەدەن بۆهاوکاری یاخودڕونکردنەوە یاداوای پشتتیوانی ئێوەدەکەن وئێوەش دەبێت متمانەیان بەدەست بێنن ،دیارەئەوانەی ئێوەیان پەسەندنی یە وبەهەمووواتایەك

ڕازینین بەبونتان ولەدەرگاتان نادەن وخۆیان بەدووردەگرن،بەشێوەیەکی ئاسای زۆرزۆرترن لەوانیتر ،سیاسەتی گشتی ئێوە، بەرپرسیارێتی متمانەیئەوانەی لەئەستۆدایە،کارەکەشی نیازپاکی ئێوەی گەرەکە.

ـ بریمەر: شێوەزارو قسەکردنی تۆئەمەریکیانەیە، ئایە لە ئەمەریکا لەدایك بوویت ... ووشەکانی ئەوپیاوە پێگەیشتووە هۆلیۆدیانەبوو وەبۆئارام کردنەوەی بارودۆخەکەو سوککردنی ئالۆزی بووبەپێ ی بۆچوونی هەندێك لەئامادەبوان ،لەکاتێك داهەندێك لەئامادبووان پێیان وابوو ووشەکانی هێرشێکی نێرینایەتی کت وپڕولەناکاو بۆ وێنەکێشانی ئەوڕەنگەسورەی لەناوچەوانی ئافرەتاندا بەدەردەکەوێ ،وپیاوان ئەودینداری بینینی ئەونیشانەیەن وەکونیشانەیەك بۆزاڵ بوون وسەرکەوتنی ئەوان لەگفتوگۆو مشت ومڕەکاندا، بەلاّم سوربوونەوەی گۆناکان هاوکات بولەگەڵ پێکەنینێکی پڕوتۆکۆڵی ساحیرانەو چەندین ووشەی سوپاسگوزاری تەڕوپاراو باسی لابەلای خێرا .....

ویدادفرەنسیس :پێویستیمان بەکردنەوەی چەندین دەروازەی ڕەسمی هەیەبۆپێشوازی وگردکردنەوەی بیرۆکەی خەڵکی،هەوڵ دەدەین بۆچونەپێگەیشتوەکان جێ بەجێ کەین وهەڵەکان ڕاست کەینەوە وهەڵی سەنگێنین وسادەکانیش گەشەپێ بدەین وبیانگەیەنینە ئاستێکی بەرز،وەبیرۆ کەوفکرەناماقولەکان ئاوێتەی ماقولەکان بکەین تاوە کوپێکەوە وژیرانەدەرچن،لەهەمان کاتدا بزەیەکی هیوای ڕاستەقینە لەسەرلێوەکانمان بنەخشێنین ،پێش ئەوەی لەسەرلێویئەوانیتر بنەخشێنرێت و وێنە بکێشرێ، چونکە نەبوو نابەخشێ ....

بریمەر:.قسەکانت بەڵگەی ئەوەن کەتۆوهاوڕێکانت یەك دەنگن لەوەدا کەلەگەڵ ئەمەریکاداکاربکەن .

ویدادفرەنسیس : بۆبەرژەوەندی عێراق ،بەڵێ

بریمەر: بەڵێ لەپێناوعێراقداو لەدانیشتنێکی نزیکی کارکردندا پێتان دەگەین ، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموولایەك دەخوازم ...ئێوارەتان شاد.

ڕۆیشتن وبەجێێشتنەکەی بریمەر بەپێیبۆچوونی ئامادەبوان شانۆیانەبوو ، وەکو هاتنە جدییەکەی نەبوو ، هەردووچاوی کابرابەوێنەی دووکەشتی ئەمەریکیەکانی دەریایی لەکەناری ئاشوردا بیەوێت لەنگەربگرێت ،بەلأم کەناری چاوەڕەشکراوەکان شۆستەو ویستگەکانیان خستبووبەڕووی ئەوکەشتیانەدا چونکە خاوەنی سۆزێکی ئاشکراوڕاشکاوانە بوون یاخود ئەوەهەوڵدانێکی ئافرەتانەی ئەزەلی بوو بۆداناندیبناغەو پایەکانی ڕێککەوتنێکی سۆزداری لەهاتویەکی گریمانەیی یاخوددڵنیابەخشدا.

ویداد کاتێك ئەمانەی خوارەوەی پیّ ووتم کەمن سەرسام بوونی زۆری خۆمم دەربڕیسەبارەت بەئازایەتی وشێوازی پەیڤین وگفتوگۆکەی لەیەکەم پێگەیشتنی ودانیشتن لەگەڵ داباڵوێزی ئەمەریکا ویداد بۆیەپەنام بردەبەرئەم جۆرەگفتوگۆیە چونکەهەستم کرد کاریگەری زۆرترە لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا چونکە بیّ متمانەیی یەکێکەلەوپایەوبناغەسەرەکیانەی ئەمەریکیەکان هەرلەڕۆژی یەکەمی گەیشتنیانەوە لەگەڵ عێراقیەکاندا پیادەییان کردووە ،هەربۆیەپێویست بوولەسەرم هەستی ئارامیان بۆدروست بکەم لەرێی ڕوو بەڕووبونەوەی گرفتەکانیان لەبەڕێوەبردنی عێراق دا وەك ئەوەییەکێك بم لەوان...

هەربریمەردەرچو پیاوێکی چل ساڵی هاتەژوو رەوە کەپۆشاکێکی سەربازی ئەمەریکی پۆشیبوو ،بالأی بەرزبوو دەم وچاوی ئەسمەر بو قژی سپی بوو،وردوبیرتیژبەدەرکەوت ،ناودەبرابە ئەحمەد عێراقی نازناوی خۆی ئاوانابوو (لەسەردەمی سەرۆکایەتی دکتۆر عەلاوی وەکو سەرۆکی وەزیران وازیلەکارکردن هێنا لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا و تاگوڵەگەڵ دکتۆرعەلاویدا کاربکات

،بەپێ ی قسەکانی ویدادفرەنسیس ئەحمەد عێراقی بەزمانێکی عەرەبی فوسحەوە سلاوێکی کرد،داوای لەهەمولاکرد دەست بەگرێدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان بکەن،بۆبنیاتنانی نوسینگەیەکی سەرۆکایەتی ڕۆژنامەوانی کەببێتە واجیهەیەکی جەماوەری فەرمان ڕەوای مەدەنی عێراقی داوای لەهەمووان کردبەشێوەیەکی جدی کەخاڵی‌نەبوو لەهاندان ،وەداواشیکردکۆبونەوەکەبەبیروبۆچوون وپێشنیاری جیددی ناباو(غیر تقلیدی) دەوڵەمەندبکرێت ،تاکوبگاتەئەوئاستەی ئەم نوسینگەیەلەپێناویدادروست دەکرێ ، لەم نێوەندەدا سەربازێکی ئەمەریکی بەڕەگەزلوبنانی کەبە (فاطمة)ناودەبرا بەنێوئامادەبواندا

دەگەڕاتاکوئەرکی میواندارێتیان پێشکەش بکا،لەگەڵ کاغەزێك کەبەهۆنراوەی هاوپەیمانان دەستی پێ کرابوو،لەخوارەوەش ئیمزای ئەفسەرێکی پلەبەرزی‌لەسەربوو،لەگەڵ دەربڕینی سوپاس لەپێناوی عێراق دا کەوەکو گرێ بەستی کاردانرا،ماوەی گرێ بەستنی کارەکەشی یەك ساڵ بوو لەگەڵ بواری نوێکردنەوە بەموچەیەکی(٢٥٠٠)دۆلاری ئەمەریکی سەرەڕای زیادکردنی موچەی دوومانگ وەك بەخشش ودەستخۆشیەك ئەگەرهاتوو لایەنی دووەم (لایەنی عێراقی)کۆتای بەخزمەت وکارکردن هێنا ،سەرەڕای موچەتایبەتیەکە مەترسی داری(الخطورة)وخانووبەرەو گواستنەوەوگۆڕینی جل وبەرگ بەشێوەی پێدانی تایبەتی مانگانە ،کەبەهەموویەوە دەگەیشتەلەسەدا پەنجای موچە بنەڕەتیەك ، ئەمەریکیەکان گرنگیان دەدابەهاوکاری وپشتیوانەعێراقیەکانیان چونکە هەنگاوی پان وبەرینیان پێدەنان بەرەوبەدیهێنانی ئامانج وخواستەکانیان لەسەرئاستێکی جەماوەری ،هەموولاگرێ بەستی هاوکاریکردنی بریمەریان ئیمزاکردو یەکسەردەست کرابەکار،سەرچاوەڕۆژنامەنوسیەکانم هەواڵی ئەوەیان پێدام ، کەحەماسترین کەس بۆکاری نوێ بریتی بوە لە ویدادفرەنسیس بەهۆی ئەوەی

نوێنەری هاوڕێکانی بوەلەڕووی زەمانەوە لەگەڵ بریمەردا هەرئەمەش بوەتەهۆی ئەوەی سەرۆکایەتی کارەکانیان بکات،لەگەڵ ئەوەیلەهەموویان لێزانترنەبوو بەنهێنیەکانی کاری بەڕێوەبەری سەرۆکایەتی ، بەڵام پێدەچێت لەهەموویان زیرەکو ووریاتربووبێ ،من خۆم هەستم بەمەکردووە ماوەی ئەوهەشت مانگەی پەیوەندیم پێوەی هەبوو پێش ئەوەی بکەوێتەڕێ لەگەڵ سەعادەتی باڵێۆزی ئەویندارادا...

کۆبوونوەکارگێرییەکان لەگەڵ بەرپرسە ئەمەریکیەکان وئەوبەرپرسە عێراقیانەدا بەردەوام بووکەلەدەرەوەی وولاتەوەدەگەڕانەوە بۆپەرەپێدانی کاری ئەونوسینگەیەی ڕۆژانە پێشوازی لەسەدان کەس دەکردوداخوازییەکانیش بەپێ ی هەرسێ بەشی نوسینگەکەپۆلێن دەکران بەشی ڕامیاری ،بەشی ئاسایش،بەشی نەخشەدانان لەکاتێکدا بریمەرتاکو بن گوێی نقووم بوو لە ڕێکخستنەوەی کاروبارە ئاڵۆزەکانی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوایدا ،بریمەر ئەم بارودۆخەی خۆی بەشێوەیەکی تراژیدی شرۆڤەدەکات لەکتێبەکەیداو خۆی وەکو پاڵەوانێ وێنە دەکێشێ کەکاری لێك نزیکخستنەوەوی بیروبۆچوون ودیدەجیاوازەکان بووە ،لەهەوڵێکی ئاشکرادا بۆکێشانی وێنەیەکی ڕێزدار لەدیدی نەوەکانی داهاتوودا ، لەوانەشەبەشێوەیەك لەشێوەکان سەرکەوتووبێت لە گەیشتن بەمەبەستەکانیدا بەشێوەیەکی کاتی، بەڵام کاتێ ئابڕوو چوونە دارایی ودەسەڵاتخوازییەکەی ودواهەمینیان لەم کتێبەداسەبارەت بەئافرەت وباری ڕەوشتی ئاشکرادەبێت ،ئەوەبێ گومان ڕای زۆرێك سەبارەت بەئەودەگۆڕێت و چەندین تەوەری وەهادەکرێتەوە کەبەئاسانی داناخرێن.

- ئەوەی جێی گرنگی پێدانی منەلێرەدائەوەیە کەبریمەرلەکتێبەکەیداباسی نەکردووە ،ئەوبەشێوەیەکی ئاشکراوزیادەڕەوانە گەردش وگەڕانەوە فرە جەمسەرەکانی خۆی دەخاتەڕوو بەشێوەیەك کەئارام نەبۆتەوە تاوەکو گەیشتن

بەلانی کەمی ڕێککەوتنەسیاسیەکان لەنێوان جەمسەرە جیاوازەکانی هێزە نەیارە عیراقیەکان ،تائەوکاتەی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای چاوی بەڕۆشنایی هەڵهات ،سەرەڕای سەرنج وتێبینی لەسەرتێکەڵ کارییە سیاسیەکانی کەبەهۆیەوە هەندێك دەستەوگرۆی جۆراوجۆری گەلی عێراق پەراوێزخران بەپێی بۆچوونی هەندێك لەچاوو دێران ،بەلآم ئێمەلێرەدامەبەستمان نی یەمشت ومڕێکی سیاسی لەوبارەیەوەبکەین،بەڵکوهەوڵدەدەین ئەونهێنیانە بخەینەڕوو کەلای هەمووان شاراوەیە...ویدادو سەرچاوەڕۆژنامەنوسیەکانم هەواڵی ئەویان پێداوم قورسترین کۆسپ کەڕووبەڕووی باڵیۆزبریمەربۆتەوە کۆسپی هەڵبژاردنی ئافرەتە سەرکردەکان بووە لەبەر نەبوونی ئافرەتانی عێراقی سەرکردە کە مەشخەڵ ڕوون وناسراوبن،ئەوئافرەتانەشی پالێوراوو شیاوبوون زۆربەی جار دەتەقین بەدیواری پەسەنەکردنی یەکلاکەرەوە لەلایەن جەمسەرەنەیارەکانی پیاواندا یاخود نەیارێتی دەردەبڕا لەلایەن ئەوکەسانەی بریمەرلەکتێبی My year in Iraq بەحەوت گەورە کەناویان دەبات ،لۆژیکی وپەسەندیش نەبوو ئەنجومەنێکی فەرمان ڕەوای‌لەدایك ببێت‌بەبێ ئەوەی نوێنەرایەتیەکی ئافرەتانەی تێدابێت ،ویدادفرەنسیس پێ ی ڕادەگەیاندم کەبالۆێز بەدرێژایی ئەوماوەیەی پێشهاتنی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی هەفتەی جارێ دووجار سەریدەدا لەنوسینگەی سەرۆکایەتیەکەی بۆئاگاداربوونی لەکاروپێ دانی ئاڕاستەی کارگێڕی بەشێوەیەکی خێرا ،بەڕوکاریشیدا دڵەڕاوکێ دیاربوو لەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ جەمسەرە کانی هێزەنەیارەعێراقیەکان زۆرتر بخایەنێت لەوەی پێویستە، بەتایبەت نەیارەکانی دوێنێ وبەرپرسەکانی ئەمڕۆ تەنانەت لەسەرڕیزکردنی ناوەکانیشیان لە تۆمارکراوە سەرۆکایەتیەکەی یەکەم داکەبالێۆز بریمەر دەری کردبوو جیاواز ووناکۆك بوون بەپێ ی قسەی ویداد.

کتێبخانەی هەواڵ

هەمولادەزانیٚ ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی فە رمانڕەوایی‌لە وقۆناغەدا چ گرنگی یەکی هەبوو ،بەوپێیەی یەکەم بەردی بناغە لەبنیاتنانی سیاسی نوێداو دانانی لەئەستۆی بریمەردابوو وەپێویت بۆبیانگەیەنیێتە ئاستێك تاوەکوهەڵگری بەرپرسیارێتی یەکی گەورەبن ئەگەرهات وئەنجومەن بەهەمووجەمسەرەکانیەوە بتوانیٚ سەرکەوتووبێت لەوەداکەئەوان ئێستا کەلەنێودەسەلأت دان وپۆشاکی هێزێکی نەیاری دەرکراوی بەئامانج کراولەبەری خۆیان دارنن ،بەتایبەتی ئەوئیحراج بوونەی ڕووبەڕوی بریمەر بۆیەوە لەبەرامبەر هەڵبژاردنی چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی فە رمانڕەوایی‌ئافرەتان شتێکی شاراوەنی یە لای زۆربە،لەگەڵ ئەوەش دامەودایەکی وەها ی بۆدانەناوە لەکتێبی My year in Iraq

## سەودا گەرییەکی سۆزدارانە

لەم ماوەیەدا بریمەردووجارکۆبوونەوەی لەگەڵ کارمەنداندا کرد بۆ مشت ومڕی چەندمیکانزمێکی نویٚ وهەندێك پێشنیار ،هەمووش ئاشنان بەوەی کەبریمەر ماوەی پێش ڕاگەیاندن ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای پێشوازی لەسەدان کەسایەتی ئاینی وسیاسی وعەشایەری عێراقی کرد بۆئەوەی لەڕووکاردا سودلەبیینیٚ لەبیروبۆچونەکانیان ولەناخ وناوەخنیش دا پشتگیرییان بەدەست بهێنیٚ ،بریمەر ئەمەی لەکتێبەکەیدا باسکردووە .

ئەم دووپێگەیشتنە پشکداریەکی گەورەیان هەبوولەسەنگی سۆزداریانەی ویداد لەسەر عەقڵ ودڵی برێمەر، ئەوەبوو ویداد پیٚ ی ڕاگەیاندم کەبریمەر جارێك هاتووە بۆنوسنگەکەی‌و بەسۆزێکی وا وە سلاوی لیٚ کردووە کە خاڵی نەبووە لەداخوازی هاوکاری کردن وداوای لێکردووە هاوەڵی بێت بۆ نوسینگەکەی خۆی بۆکۆبوونەوەیەك کەئەم پەیڤین وگفتوگۆیەی تیابەئەنجام گەیشت ....

بریمەر: هیچ بیرۆکەیەکت لایە سەبارەت بەچەندکەسایەتیەکی ئافرەت کەشیاوی ئەوەبێت نوێنەرایەتی ئافرەت بکا لەعێراق دا.

ویداد: بەشێوەیەکی گشتی عێراقیەکان ڕێز لەو ئافرەتانەی دەگرن کەهەڵگری بڕوانامەی پزیشکین بەمەرجێ ڕەچاوی ڕەگەز وڕێبازەکانت تێیدا کردبێ ،چونکە هەمولا بانگەشەی ئەوە دەکات پەراوێزخراوەو ئێستا داخوازی پێشڕەوی وسەرکردایەتی کردنە وئەرکی تۆش قورسەوهەمولاش لێت ڕازی نابن هەرچەندەهەوڵی ڕازی کردنیان بدەیت بەپێ ی توانا ،بەرزترین ڕێژەی ڕەزامەندی ئەوان بەدەست بێنیێ .

ویداد: لەوکاتەدا گومانم هەبوو لەنیازەکانی باڵیۆز لەوەی کەداوای ئامۆژگاری لەمن دەکرد چونکە تێڕوانینە نێرینەیە تیە ،پڕ لەحەزەکانی وایلێکردم بڕوام وابێت لەوانەیەئەمەتەنها بریتی بێت لەهەوڵێکی ئاماژەیی لەڕێی ناردنی نامەیەکی ناڕاستەوخۆوە کەئەوپشتم پێ ی دەبەستێ وزیاترلەکەسانیتر سازو گونجاوم لەگەڵیدا .

ویداد فرەنسیس ئەوەش زیاددەکات ودەڵێ (بریمەر کاغەزێکی بچوکی ڕەنگ زەردی پێ دام کەچەندسەرنجی شفرەوهەندێ سەرنجی ئاشکرای لەسەربوولەوانەناوی شەش ئافرەتی پاڵێوراوی سیاسی تێدابوو لەوانە(سوون گوڵ چاپوك) و(رجاء الخزاعی ) تێدابوو ،لەوکاتەی من سەرقاڵی ناوەکان بووم بریمەر پێ ی ووتم :

بریمەر(من وادەبینم ئەم ناوانەگونجاوترین ئافرەت بن بۆئەوەی لەسەرکورسی ئـەنجومەنی فـەرمانڕەوایی ئـــافرەتانە بەهـــاوشانی پیاوانی هێـــزەنەیارە جەمسەرییەکانەوە دانیشن ،بەڵام هەندێك لایەن تەحەفوزی هەیەلەسەرهەندێك لەوناوانە ،هەروەها هەندێ ناوم بۆپاڵێوراوە کەوانابینم لەڕووی سیاسی وکۆمەلایەتەوە لێوەشاوەبن ،من لەم قۆناغەدا دەمەوێ دیموکراسی بم وگوێیان لێ

هەواڵنامەی کتێب

بگرم بەلاّم ترسی ئەوەشم هەیە،کەسانێك هەڵبژێرم کەلەداهاتوودا ببێتە کۆسپی بەردەم ڕەوتی دیموکراسی .

ویداد فرەنسیس پیّ ی ڕاگەیاندم کەئەو لەقسەکانی واتێگەیشتووە کەحەزی لێیە ناوی ویداد ئورفلی بەڕێوبەری خانەی پۆشاکی عێراقی سەردەمی سەدام وخانمێکی عێراقی دانیشتوی کەنەداو هاوسەری پیاوێکی کەنەدی کەناودەبرێت بەفەوزییە دولەیمی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایەلەدەرمانسازی داو دکتۆر ڕەندە ڕەحیم سەرۆکی پەیمانگای عێراقی بۆدیموکراسی بخزێنێتەنێو ناوەکانەوە ، هەروەهاناوی سەلامە خەفاجی بینیوە کەنیشانەی ئێکسێکی بە مەرەکەبی سورلەسەربوەونزیك ناوەکەیەوە چەندنیشانەیەکی سەرسوڕمان و پرسیاری لەسەربووەلەگەڵ ووشەی ئێران بەئینگلیزی ،وەناوێکی کوردی کەناوبرابووبە پەروین ولەنزیك ناوەکەیەوە ووشەی تاڵەبانی ولەسەر ڕووی ناوەکەیەوەبەرزانی هەبووە ،منیش پێم گوت:

ـ ویداد، گەورەم ئۆرفلی دەتخاتە بەردەم هەڵوێستێکی سیاسی تۆمەتبارەوە بەوەی  لایەنگری بەعسیەکان دەکەیت بەتایبەتی زۆربەی قسەوقسەلۆکەکان جەخت لەسەرئەوەدەکەنەوە کە ئەو بەرپرسی دەزگای هەواڵگری عێراقی بوبێت، تەنانەت ئەگەربەشێوەیەکی بڕاوە ئەوەی لەسەرنەسەلمابێت ،ئافرەتانی گەڕاوەی وەکو فەوزییەی دەرمانساز ودکتۆر ڕەندە لەکۆمەڵگەی ئافرەتانی عێراقیدا جیّ ی کاریگەری نابن ، ئەمەبۆچوونی منەبەلاّم کە سێتیەکی بەهێزی ئافرەتانە دەناسم ، ویدادی پیّ ی ووتم کەئەوناوی کەسایەتی دیبلۆماس عەقیلە موسەوی بۆپالاّوتووە کەپەیوەندیەکی خۆشی هەبووە لەگەڵیداو زۆر سەرسام بووە بەکەسایەتیەلەسەرخۆیەکەی وزیرەکیەکەی کەئاوێتە بووەبەحیکمەت و وپاش ئەوەی پێش دووساڵ لەوەزارەتی دەرەوەی عێراقی بینیوێتی لەکاتێکدا ئەو لەوکاتەدا سەرقاڵی برینی خولێك بووە بۆگەشەپێدانی زمانی فەڕەنسی

هەواڵنامەی کتێب

،وکەسێکی میانڕەو بووە هەرچەندەئەندامێك بووە لەحیزبی بەعس دا، زۆربەڕاشکاوی وخوێن گەرمیەکی ئاشکراوە بەبرێمەرم ووت ئەوخاتوونە بۆئەوەدروست کراوە ببێتە دبلۆماتێکی زیرەك و وریا هەروەك چۆن ماوەی کارکردنی لەگەڵ تارق عزیز دا لێزانیەکی باشی پێ بەخشیوەو وای کردووە تواناکانی زیاتر گەشەبکەن ومیکانزمی کاری پەرەبسێنێ لەولاٌتێکدا کەزۆرێك لەڕەگەزو ڕەنگەکانی تێدایە،ئەوەبوو ناوەکەی نوسی وژورەکەی بەجێهێلا پاش ووتنی دەربڕینی (گرنگی بەخۆت بدە !) لەلایەن هەردوکمانەوە .

لەوانەیەدەربڕینی ناسکی (گرنگی بەخۆت بدە !)بۆبەخشینی ڕەنگ و ڕوویەکی گرنگی پێدان بوبێ ،بەوپەیوەندییەی نێوانیان یاخود بۆبیرخستنەوەی ئەو تێڕوانینە ڕەمز ئاسایەی لەیەکەم پێگەیشتندا گۆڕیانەوەو تەئکید کردنەوە یەکیشەلەسەر زەرورەتی دووبارەکردنەوەی.

ئەمەدەقی ئەوگفتوگۆوبارەبوو کە لەنێوان برێمەرو ویدادا ڕوویدا بەپێ ی قسەکانی ویداد خۆی ،ویداد پێمی ڕاگەیاند کەپەلەی کردووە لەپەیوەندیکردن بە عەقیلە هاشمیەوە تاکو هەواڵی ئەوگفتوگۆیەی پێ ڕابگەیەنێت کەلەنێوان ئەوو برێمەردا ڕوویداوە داوای لێ بکاززۆربەزیرەکییەکی بەرزو ئامادەگیەکی تەواوە وە بۆکارکردن، هەڵس وکەوت لەگەڵ برێمەردابکات،لەگەڵ تەئکید کردنەوە لەوەی کەپێویستەئەم هەلە لەدەست نەداو کەڵکی لێوەربگرێت.

ئەم پێککەیشتنە بەردەوامانە لەنێوان پیری شەست ساڵەوکچە لاوی سی ساڵەدا بەردەوام بوو ،لەکاتێکدا برێمەر هەڵیدەدا نامەکانی خۆشەویستی خۆی لەڕێ ی گرنگی پێدانی سەرو ئاساوەبە خۆشەویستەکەی بگەیەنێ ،ئەویش هەوڵیدەدا لەڕێگەی لێ بڕان وکارکردن و کۆڵ نەدانەوە نامەکانی پێ سەرسام بوون وحەزبەکارکردن لەگەڵیدا بنێرێ ،گرنگی پێ دان وپێ سەرسامبوون

،ئەمەلەکاتێکدا عێراق لەسەربورکانی تەقینەوە کان بوو... خوات هەیە ئەی نیشتمان!

ویداد دەڵێ برێمەرزۆرجار حەزی بەوەبوو بەتەنها دانیشێ لەهەندێك کاتدا بەدەنگێکی بەرزبیری دەکردەوە ،بەلآم بەچەند دەربڕینێکی شیفرەدارو چەند جوڵەیەکی شانۆی ئاسایی پێکەنیناوی ،ئەوەبوو دەستی بەشێوەی چەندین بازنەو چوارگۆشەو نیشانەی سەرسوڕمان دەجولآندو دەیووت :پێویستمان بەفریاد ڕەس وڕزگارکەرە تائێستاش جورجەکەلەچاڵەکەدایە ،سەربازییەکان گێژوو گومڕەن لەکاتێك دابارەکەپێویستی بەهەڵس وکەوتی دیبلۆماسیانە هەبێت ، دزەزیرەکەکان کەمن ،دزەکان بۆگیرفانیان بیردەکەنەوە نەك بەژیری و عاقڵیانە ،دیموکراسیەت پێویستی بەحەزم هەیەتاکوپیادە بکرێ ،سەرسامم بەزیرەکیەکەت ئەی ڕێوی ،کەرێشکێکی ماڵ باشترەلەگورگی بێشەی شێر .

زۆرجاقەڵەمەکەی دەخستەپەرداخی ئاوخوارنەوەکەوەو زۆری لێ وورد دەبوەوە ،برێمەرزەوقی زۆرسەلیم بوو لەهەڵبژاردنی پێنوسە کان وئامرازی نوسینگەکەیدا ،سەرەڕای ئەوسەرقاڵیە زۆری هەیبوبۆ نزیك خستنەوەی بیروبۆچونی جەمسەرەکانی هێزە نەیارەکان تاوەکوئەنجومەنی فەرمان ڕەوایی لەدایك بێ وڕرشنا یی ببینێ و بەپێ ی نەخشەو ڕەوتی ئەمەریکیانە بەڕێوەبچێ...

پێش ڕۆژێك لەڕاگەیاندنی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای برێمەر بەتەلەفۆن و بەشادییەکی یەکجار زۆرەوە کەبەووتەکانیدا دیاربوو پەیوەندی کرد بەویدادەوە .

برێمەر:هیوادارم بەگرنگیەوە چاودێری تەلەفزیۆن بکەیت چونکە سبەی شتێکی کوتوپڕ چاوەڕێتە ،سەیر کردنی تەلەفزیۆن لەدەست خۆت نەدەیت ،ویداد دەڵێ: دووجار دووبارەی کردەوە لێم

ویداد : بەتەئکید وادەکەم بەلآم هیچ هەواڵێکی دڵخۆش کەر هەیە.

برێمەر : بامەسەلەکە کوتوپڕی بێت چونکە کوتوپڕییەکەی جوان دەبێت ،مۆڵەتی کۆتایی پێهێنانی پەیوەندییە کەی خواست لەبەرسەرقاڵی .

ـ ویداد دەڵێ : هیچ گومانێکم لەوە نەبوو کەتوانام هەبوە لەوەی کاریگەریم هەبێت لەسەربڕیاری برێمەر لەوەدا کەناوی عەقیلەهاشمی زیاد بکات.

ویداد: لەگەڵ هەمووجیهاندا تەماشای ئەو سەرئەنجامەدەکەم کەبلیمەتی تۆ بەدی دەهێنێ ،هەروەکو هەمووجارێکی تربەدەربڕینی گرنگی بەخۆت بدە کۆتاییمان بەپەیوەندییە تەلەفۆنیەکە هێنا کەببووە ویردی سەر زمانمان ،ویداپاش ئەوەی گلآسە ئاوەپرتەقاڵەسروشتیەکەی تەواو نۆشی کەزۆرحەزی پێ ی دەکردو، ڕۆژانە زۆری لێ بەکاردەهێنا، چونکە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش گرنگی بەلەش ولاری خۆی دەدا ،ئەوەی زیاکرد .

ویداد : ووردە ووردە هەستم بەوە دەکرد کەزیاتر دەتوانم زۆرێك لەبڕیارەکان لەڕێگەی دەرگای دڵی برێمەرەوە جێ بەجێ بکەم ،هەروەهائەمەش هەلێکی باش بوو تاوەکو داهاتووی خۆم وخێزانەکەم دەستەبەربکەم ودەست خۆشی وخزمەتی ئەو ماوەخزمەتەم وەرگرم کەزۆرکورت نی یە، ئەمە دەقی قسەی ویداد بوو هەرچەندە دواتر پێی وتم بۆ خۆ شی بوە بەلأم من گومانم وانیە،هەموو لاچاوەڕوانی پێکهێنانی کۆتای بون، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەناوەکان دزەیان کردبۆ ناودەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی و لەوێشەوە بۆهۆکارودەزگاکانی تری ڕاگەیاندن ، بەلأم ڕاگەیاندنەکەلەسەرزمانی برێمەرکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد،زۆر چێشت لێنەرێکی کارامە و زیرەکە، تامێکی تری هەیە ، بەڕاگەیاندنی ناوەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لەوسەردەمە ناخۆشەدا لێنانی خواردنێکی عێراقیە لەسەر مێزی ئەمریکیەکان لەچەندین پێکهاتەی دژیەك ،ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای ڕاگەیەنرا زۆرێك بەگەرموگوڕیەوە چەپڵەڕێزانیان کردوزۆرێکیش پێی دڵتەنگ و مات بون ویداد دەڵێ لەخۆشیدا هەرخۆم بەتەنها لەژورەکەمدا

بازمەداو هاوارم دەکرد و دەم ووت بەڕاستی کردم چەندینو چەندەهاجار ئەم دەربڕینەم دووبارەکردەوە بەچەندین شێوازی شانۆیانەی جۆراوجۆر چونکەبەبیٚ ئەوەی هەواڵێکی وەهابدەم کەشایەنی باس بێت توانیم خاتونێك ببەو بێشەلاَنی گەورەکانەوە لەڕێگەی قسەکردنمەوە لەگەڵ برێمەردا ویداد ئەمەش زیاددەکات دەڵێت لەسەعاتێکی درەنگی شەودا تەلەفۆنەکەم دووجارلێیدا ، یەکەم جار خانم عەقیلەهاشمی بوو سوپاسی کردم

وداوای لیٚ کردم بچم بۆدیدەنی،

دوەمیان برێمەربوو ، پێی وتم ، پێم خۆش بوو پێت بڵم ، سبەی بەخۆشیو شادی ڕۆژ دەکەیتەوە ، چونکەڕۆژێکی گەورەو پرشنگدارە لەتاریکا یی ئەم بارو دۆخودیمەنەی عێراقدا ، پەیوەندێکەدرێژەی نەخایەند ، برێمەری پێی وتبوو لەهەموکات زیاتر پێویستم بەنوستنێکی زۆرە ، بەلاَم ویستم دلَشادی

عێرا ق و هەموعێراق لەڕێگەی دەنگی تۆوە ببیستم پەیوەندیە خێراکە بەدەربڕینی ئاسایانەی گرنگی بەخۆت بدە بەکۆتای هات ویداد ئەوەشی زیادکردو وتی دەڵیٚ هێڵەکەم داخست ولەگەڵ خەونەوەنەوشەیەکانم زۆر بەرزفڕیم ، ئێستا بوومەتە خۆشەویستی پیاوی یەکەمی عێراق ، وە لەتوانامدایەلەئێستەو بەدواوە هەمووشتێك بکەم کەدیٚ بەخەیاڵم دا،بەلاَم بەوردی وزیرەکیەوە ،لەمیانەی چاوپێکەوتنەزۆرەکانمەوە ئاشنابووم بەوەی ویدادی ئەویندار وعاشقی کەسایەتیەسەرکردەودەسەلاَتدارەکانە،تاڕادەی شێتی، سەددام حوسێنی سەرۆکی پێشوی عێراقی خۆش ویستووە ،ویدادیەکێك لەویادەوەریانەی بۆ گێڕامەوە :

لەڕۆژێکی کارکردنم دا لەکۆشکی (سجود)هەمولاتوشی سەردانێکی کوتوپڕی چاوەڕوان نەکراوی سەددام حوسین هاتین ،لەوکاتەدا لەیەکێك لەهۆڵە گەورەکانی کۆشکدا ڕامابووم لە وێنەکەی، لەوکاتەدازەنگی کۆشك لێیدا ،

کەهەمولالەدەنگەکەیەوە دەلالەتەکەی تێدەگەیشتن کەواتای پێویست (الواجب) دەگەیەنێ ولەهەندێ ناوەندی نزیکیشدا ئەو نازناوەی دەدرایە ، منیش هەروەکو شێت بۆپێشوازی کردنی چوم ،هەرکەچاوم پێی کەوت ،یەکسەر لەهۆش خۆم چوم ،دوای سەعاتێك هاتمەوە هۆش خۆم ،ئەوکاتە ئەو شوێنەکەی بەجێ هیێشتبوو ویداد پێی وتم لەڕۆژی  دوای ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی فەرمان ڕەواییدا لەنوسنگەی هاشمی دادانیشتبوم وەك ئەوەی لەماڵی خۆم دابم وپاش پیرۆزبای کردن وماچ ماچۆنێ ئاهەنگئامێز، ئەم گفتوگۆیە لە نێوانماندا رویدا.

هاشمی: تا لە ژیاندام ئەم هەلۆیستە جوان و جوامێرەت لە یادناکەم کەلەگەڵ مندا نواندت ،من وەکو خوشکێکی تۆ وام هیچ دوودڵ مەبەلەوەی داوای پشتیوانی و هاوکارییەك بکەی هەرکاتێك کە ویستت ،شادومانم ئەگەر وەکو ڕ اوێژکارێك لەگەڵم داکاربکەی.

ویداد: تۆ مرۆڤێکی زۆر باشی وشایەنی هەموو چاکەیەکی و بۆ هەمیشەشی هاوڕێ وهاوکارت دەبم و بەو پەڕی تواناموە کاردەکەم بۆ ئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ بەرێز باڵێوز برێمەردا بەهێزبێت.

هاشمی: بەراستی توشی کتوپڕی بوم کاتێك سەعادەتی باڵێوز داوای لێ کردم بێمە ریزی ئەنجومەنی فەرمان ڕەواییەوە، سەرەڕای ئەوەی تۆش پێمت ڕاگەیاندبوو  چونکە من وام دەزانی ئەنجومەنی فەرمان ڕوایی تەنها تایبەتە بەو نەیارانەی لە دەرەوە هاتونەتەوە .

(هاشمی) لانی کەم بەواتەیەکی ئاشکرا نەیار نەبو، هەر بۆیە  ویداد دەیزانی چونە نێو ئەنجومەنی فەرمان رەواییەوە هەروەها ئاسان نیە .

ویداد: بەلاّم توشی سەرسامی هاتم کاتێك سەن گوڵ چاپوك و دکتۆرە ڕەجاء خوزاعیم لەگەڵ تۆدابینی، چونکە ئەو لیستەی بریمەر پێیدام ناوی ئەوانی

هەواڵنامەی کتێب

لەخۆنەگرتبوو، بەلاَم لەوانەیە لەژێرپەستانی سیاسی جەمسەرە گەورەکاندا زیادکرا بێتن.

هاشمی :بەوانەیەسەوداگەری چرکەساتەدواینەکان بووبێت ،ئەوەند دەزانم ناکۆکیەکی توند لەنێوان (عبدالعزیز الحکیم )و(أحمد جلبی )و(ابراهیم جعفر) ی لەلایەك و(پاچەچی) و(محسین عبدالحمید) وسەرکردەکوردەکان لەلایەکی ترەوە ڕوویداکەدرێژی ووردەکاریەکانم نەزانی ،بەلاَم هەندێك لەپێدراو(معطیات) ە سیاسیەکان ووردەکاریەکانی ئاهەنگی ڕاگەیاندنی گۆڕی ،لەنێو ئەو گۆڕانکارییەدا محەمەد بحرالعلوم کرابەقسەکەرو وتەبێژ لەجێ یپاچەچی لەگەلّ ئەوەی پاچەچی بەتەمەنتربوو، کەلەڕووی پڕۆتۆکۆلیەوە شیاوتربوو بۆ قسەکردن .

ویداد:لەوانەیەبریتی بوبێت لەسەوداگەریی دواچرکەساتەکانـ ویداد دەیووت لەکاوتەدا لەناخەوە پێکەنینم دەهات ودەمووت (ڕەجاو خوزاعی و صەن گولّ چاپوك ) بەرئەنجامی ڕێکەوتن وسەوداگەریەکی وسیاسی بوون لەدوا چرکەساتەکاندا ، تۆش لەدواچرکەساتەکاندا لەبەرئەنجامی سەوداگەری و ڕێکەوتنێکی سۆزدارییەوە چویتەنێوئەنجومەنی فەرمان ڕەواییەوەو دواکەسیش نابیت .ویداد: بارودۆخی ئەوپێگەیشتنەی لەگەلّ هاشمیدا بەخۆشی وگەرم وگوڕ وەسفکرد ، ئەوەشیی زیادکردو ووتی پاش ئەوەی پەیڤین وگفتو گۆسیاسیەکانمان کۆتای پێهێنا یەك سەعات دانیشتین لەهەمووشتێك قسەمانکرد تەنها سیاسەت نەبێت ،بیروبۆچوونی شەخسی خۆمم پێ ووت سەبارەت بەڕێگەی هەلّبژاردنی جل وبەرگ وئەوپۆشاك ورەنگانەی گونجاون لەگەلّ ڕەنگی پێستی داو شیاوە بەپلەو پایە نوێیەکەی ،وەپێم ووت دەبێت شێوەی داهێنانی قژی بگۆڕێ و وەبگوازێتەوە بۆشوێنێکی ترکەزۆرترئاسایشی تێدا دەستەبەربێت وچەن پاسەوانێکی باش بۆخۆی دەستەبەربکات ،وەپێشنیارم

هەواڵنامەی کتێب

بۆی کرد بۆدەستەبەرکردنی پاسەوانی نێت وپاراستنی پشت بەئەمەریکیەکان ببەستێ ،وەخۆی بپارێزێت لەدەرچوونی ناگرنگ ونێوانی زۆر خۆش بێت لەگەڵ ڕاگەیاندن ورۆژنامەنوسان (ئەوکەسەی بەدواداچونی ڕەوتی ژیانی هاشمی بکات ئەبینێ پێشنیارەکانی ویداد پیت بەپیت پیادە کردووە )

-بەدرێژایی بوونی هاشمی لەپێکهاتەی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای و پێش تیرۆرکردنی بەبەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ ویداد فرەنسیس دابەردەوام بوولەڕێ ی ناردنی دیاری وڕاوێژ پێکردنی بەردەوام لەوشتانەی پێویستی بەدەنگدان هەبوو،سەرەڕای ئەوەی شیعەبوو،بەلاّم لەسایەی شیعە دەرچووبو، بووە دەنگێکی هاوشانی (تالەبانی وبەرزانی وعەلاوی)ئەمەش چەند مشت ومڕی سیاسی توندی لابەلایبۆدروست کردبوو لەلایەن زۆرێك لەئەندامانی شیعەوە کەبەپێ ی ویداد لەهەموویان توندترئەوەبوو کەلەلایەن (موفق الروبیعی) یەوە توشی هاتووە لەوکاتەی بەنانیشتیمان پەروەر وبیرکردنەوە سەددامییەکان تۆمەتباریکردووە ،بەتایبەتی لەونەیارێتی یەی هەیبوو بۆیاسای لەڕیشە دەرهێنانی بەعس و بەعسیەکان (یاسای چەلەبی بەپێ ی ناونانی ویداد) لەهەندێك کاتداپەرەی دەسەند تاوەکودەگەیشتەدەست تێوەردانی سەعادەتی باڵیۆز،بۆکۆتای پێهێنانی کێشەکە بەوپێیەی پارێزەری سەرسەختی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوای عێراق بوو .

## (بیتی) ڕاوێژکار

پەیوەندی من لەگەڵ ویداد زۆرتوندو تۆڵتربوو ،وەبەئاسانی لەگەڵ لەگەڵمدا دەردەچوو ،وەك ئامانەتی ڕۆژنامەنوسی پێوستە ئەوڕاستی یەبڵێم کە ویداد لەگەڵ تەواوی سیاسەتەکانی ئەمەریکادانەبوو لەعێراق دا،بەلاّم هەروەك خۆی دەیوت ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی یش متمانەیان پێ ناکرێ کەهەمیشەلەهەوڵی بەدەست هێنانی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیانن

لەسەرحیسابی بەرژەوەندی عێراق برێمەرزۆرنمونەی لەکتێبەکەیدا هێناوەتەوە لەسەرخۆویستی ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ،بەڵام ویدادباوەڕی وابوو داهاتوویەکی باش بۆعێراق بەبێ ئەمەریکیەکان نایاتەدی بەڵام پاش دروستبوونی پەیوەندی سۆزداری لەگەڵدا برێمەر دا بەجۆرێك لەجۆرەکان بیروبۆچوونەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هات وەئەوەی زۆرلەخەمیدابوو بریتی بوولەپاراستنی گیانی خۆی وخانەوادەکەی پاش ئەوشەڕە دەمیەیی لەنێوان ویداد ویەکێك لەپاسەوانەکانی (محسین عبدالحمید) رویدا کە(ویداد )رێگری کرد لەبەشداریکردنی ئەوپاسەوانە بۆ ئەوەی هاوەڵی محسن عبدالحمید بێت بۆ کۆبوونەوەیەکی بچووك کەلەیەکێك لەو هۆڵانەدا ئەنجام دەدرا کە بەرپرسیاریەتیەکەی لەژێر دەستی ویداد دا بوو .

کەدواترئەوپاسەوانەڕاستەخۆیێ ی وتبوو بەشێوازێکی هەڕەشەئامێز :

(تۆلەناوچەی سەوزدا بەرپرسی منیش لەشەقامەکاندا بەرپرسم) کەئاماژەبوو بۆهەڕەشەکردن لێ ی،وەمنیش لەوکاتەدا پێم ووت ئەم ڕووداوە بە برێمەر بڵێ بەڵام ئەوپێ ی باش نەبوو ویستی کێشەکەبەهێمنی چارەسەربکات کەزۆرجار پشتی بەخۆی دەبەست لەکارومەسەلەکاندا چ لەگەڵ عێراقیەکان وچ لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا ، بەڵام ئەم ڕووداوەلەگەڵ سادەییەکەیدا چەند دەروازەیەکی مەترسی کردەوە بەڕووی ویداد دا کە لەوانەویە سەرئەنجامێکی ترسناك لەشەقامە بێ بەزەیەکاندا چاوەڕێی بێت ، پێ دەچێت دڵی خۆشەویستان لەیەك کاتدا پێکەوە لێبدەن هەربۆیە دوو ڕۆژ بەسەرئەم ڕووداوە دا تێ نەپەڕی یەکسەر برێمە ناردی بەشوێنیدا بۆنوسینگەکەی وئەم گفتووگۆیە لەنێواندا ڕوویدا :

بریمەر: من زۆر دڵخۆشم بەوەی لەگەڵ مرۆڤێکی تێکۆشەری وەکو تۆداکاردەکەم کەهەمیشە خەمخۆرو دڵسۆزە بۆ وڵاتەکەی ، وەزۆر جوانیشە ، (ئەم وتانەی بەخەندەیەکی ئاشکرا وە وت کەلەسەررووخساری ماندوییەوە دیاربوو)

ویداد: منیش زۆر شادمانم کەلەگەڵ سیاسەتمەدارێکی بەئەزموونی وەکو تۆکاردەکەم ، زیرەکی زیاترلەهەمووشتێکی تر من کەمەندکێش دەکات بۆلای پیاوان هەربۆیە کارم لەگەڵ زیرەکەکاندا پێ خۆشە ، بەخەندەیەکی شەرماوییەوە .

بریمەر: من تۆم هەڵبژاردووە بۆ کارێکی نوێ کەباشتر تواناکانت بەکاربهێنێت ،وە من دڵنیام کەسەرکەوتوودەبیت .

ویداد: سوپاسی ومتمانەی بەڕێزتان دەکەم جەنابی باڵیۆز ، من هەوڵئەدەم ئەوکەسەبم کە هیواتان پێیەتی وهەرکەسێك لەژێر چاودێری پیاوی ێکی چاك وپاك خوازی وەك بەڕێزتاندا کاربکات هەرسەرکەوتوودەبێت .

ویداد دەڵێت :ووتە مێینەکانم کەئەوینێکی ناڕاستەوخۆی لەخۆگرتبوو ،بەس بوو بۆئەوەی بریمەر لێم نزیك بێتەوە ودەست بەپرچمدا بهێنێت ،منیش هەستمکرد کەلەبەرامبەرئەوینێکی گەورەدام وتەواو خۆم دابەدەستەوە ،تادواتر ماچێکی گۆنای کردم و وازی لێهێنام وبەرەو نوسینگەکەی کەوتەڕێ ،لەجوڵەیەك کەبەسەدمەی کارەبایی دەچوو ڕایگەیاند کەچاو پێکەوتنەکە کۆتایی هات .

منیش بەشێوازێکی لاساری پێم گووت لەکاتی پێگەیشتنی تەمەنمەوە تاکو ئێستاکە سەرکەوتوونەبوومە لەهەڵبژاردنی جۆری بۆنەکان لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بەهیچ گرفتێك نەکردووە ،بەڵام ئەگەر کار بگاتە ئەوەی جۆری ئەوبۆنەی من بەکاریدەهێنم وا لەتۆبکات بەم شێوازە بەجێم بێڵی، ئەمە هەڵوێستێکەکەناکرێت لێی بێدەنگ بم،بۆیەنوسینگەکەیم بەجێهێشت بەبێ ئەوەی ئەو یەك ووشەیەك لەدەمی بێتەدەر.

هەواڵنامەی کتێب

لەیەکێك لەجارەکاندا ویداد پێ ی ڕاگەیاندم کەزۆرجار بریمەر لەسەر هەڵبژاردنی جۆری بۆنەکانم دەست خۆشی لێدەکردم دەیوت هەست بزوێنە، وە ویداد لەکاتی باسکردنی ئەم باسەدا دەستی کرد بەپێکەنین ووتی هیچ کاتێك بریمەر بەبێ مۆڵەتی خۆم نەیدەوێرا ئەویندارییم بۆ دەرببڕێ.

وەئەم ڕاستیەبریمەردانی پیدانابوو لەم دوایەدا بە پێی قسەکانی ویداد .

(دەشێت لێرەدا خوێنەری بەڕێز بپرسێت ،چی هانی ویدادی دابێت کەئەم نهێنیانەی خۆی لای ڕۆژنامەنوسێك باس بکات ؟)

ـ منیش لەوەڵامدا دەڵێم لەڕاستیدا پەیوەندیەکی زۆر بەهێزلەنێوان من وویداد دادروست ببوو ، وەزۆر سەربەستانە مامەڵەی لەگەڵم دەکرد تەنانەت بەشانازییەوە هەموو ئەوشتانەی بۆدەگێڕامەوە کەلەنێوان خۆی وبریمەردا و کەسانی تریشدا ڕووی دەدا .

چونکە بە سروشتی خۆی حەزی لە خۆ هەڵکێشان و بەرزەفڕی وشانازی بوو ، ویداد خۆیشی باش دەیزانی کەهیچ کەسێکی ژیر ناوێرێت ئەم نهێنیانە بگێڕێتەوە ، چونکە دواتر هەرچی تەمەنی ماوە دەبێت لە (گوانتەنامۆ) بەسەربەرێت بە تۆمەتی تیرۆری ڕۆژنامەوانی (الارهاب الصحفی ) ، هەروەها کاتی خۆی من بەهرەیەکی کۆنم هەبوولەم کارانەدا بەکارم دەهێنا ،کەئەویش خوێندنەوەی بورجەکان بوو بۆ دروستکردنی هەستێك لەناخی بەرامبەردا کەهەمیشەپێویستی بەمن هەبێت وزۆرکات ڕووبکاتە من (ئافرەتانیش بەداوای لێبوردنەوە) لەپێش هەموویانەوە هاوسەرەکەی خۆم ئاڵودەن بەوکەسانەی باسی داهاتوویان بۆبکات . ئەم بەهرە یە هەرچەندە سادەو ساکاربوو ،بەڵام هۆکارێکی بنەڕەتی گرنگی توندو تۆڵی پەیوەندیمان بوو پێکەوەلەگەڵ ویدادا ، وەهەروەها من تەنها کەسێك نیم کەئەم نهێنیانە دەزانم بەڵکوکەسانی تریش هەن لەوانەکچە هاوکار وهاوڕێ ی ویداد کەناوی (لبنی الداودی) یە دواتر توشی

پێکان هات لە ئەنجامی شەڕێ نێوان چەکدارەکان وسوپای ئەمەریکی لە(بغداد الجدیدە) و بەبڕیاری برێمەر لەووڵاتی هۆڵەندا چارەسەرکرا وئێستالەیەکێك لەوڵاتە دراوسێەکانی عێراق (سوریا یان ئەردەن) ژیان بەسەردەبات.

هەروەها ئەم ڕووداوەنهێنیانە کەسێکی تر دەیزانێت کەهاوڕێ ی من و ویدادەو ڕاوێژکاری برێمەرە کەئەویش ڕۆژنامەنوسی عێراقی بەناوبانگ (...........)ە ، لەسەر داوای خۆی ناویم نەبردووە لەڕاستیدا ویداد نێچیرێکی ئاسانتربوو . منیش ئەم ساویلکەیی وترسەی ئەوم قۆزتبۆوە ،تاهەرچی زانیاری نهێنی هەیەلام بیدرکێنێ ، لەچەندین وتوێژی چەندکاتژمێردا کە ویدادئەم وتوێژانەی بە دڵئارامی کاتی ناودەبرد.

پاش چەند ڕۆژێك لەو چاوپێکەوتنەی (برێمەرو ویداد)جەنابی باڵێوز برێمەر بڕیاریدا بەدامەزراندنی ویداد وەك ڕاوێژکاری هونەری بەموچەی (٧٠٠٠$) جگە لەدەرماڵە کەچەندین جار لەموچەکەی زیاتربوو .

وەنوسینگەیەکی تایبەتی ناوازەی بۆدامەزراند لەتەنیشتی نوسینگەکەی خۆیەوە کەتەنها جامخانەیەکی ئەلەمنیۆمی لەنوسینگەکەی خۆی جیای دەکردەوە .

وەسەیارەیەکی جۆری (GMC)ی گولەنەبڕو دووپاسەوانی لە(کۆمپانیای پاراستنی ئەمەریکی)بۆتەرخان کرد،کەتایبەتن بەپاراستنی بەرپرسانی ئەمەریکی وعێراقی ،وەپێدانی ناسنامەیەکی سەوز کەتایبەتەبە سوپای ئەمەریکی یەوە بۆ کارئاسانکردنی لەبەرامبەری ناوەکەی نوسرابوو عەریف بیتی هانس لەگەڵ وێنەیەکی ویداد،وەلەلای ڕاستیەوە دروشمی سوپای هاوپەیمانانی پێوەبوو ،گۆڕینی ناوی بۆکاری پاراستنی بوو ،پاشان ناوبانگی بەڕاوێژکار (بیتی)دەرکرد ، هەروەها برێمەرپەیمانی دایەکەماڵیان بگوێزێتەوە بۆناوجەرگەی ناوچەی سەوز لەبەرئەوەی کاروئەرکەنوێیەکەی واداوای لێدەکات (یاخود داخوازیە نوێیەکانی وای لێ داوادەکات )بەڵێ برێمەر ی عاشق بەڵێنەکانی بەجێ

گەیاند و ویدادوخێزانەکەی هاتنەناوچەی سەوزومالێکی قەشەنگی(٨٠٠)مەتری یان بۆدابینکرا کەڕازابۆوە بەباخچەیەکی خۆش چەندین شتومەکی نایابی تێدا بوو کەپێشتر جێی حەسانەوەی عیزەت ئیبراهیم دوری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش بوو ،دواتر ویداد بەهۆی کارو ئەرکەنوێیەکەیەوە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەدەست وەردان لەو گرێبەست و کەم کەردنەوانەی دەبەخشران لەلایەن ئەنجومەنی فەرمانڕەواییەوە ، ئەمەش بەپێی ئەو سەلأحیەتانەی لە پێشە نوێیەکەیدا پێی بەخشرابوو . وەپەیوەندیەکی باشی بوو بەزۆربەی سیاسەت مەدارانی عێراقیەوە لەوانە پەیوەندی خۆشی بە (کریم ماهود)ئەندامی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کە ویداد بە (اللولب) پێناسەی دەکرد وە مەحمود عوسمان کەڕۆژانە ڕاوێژی بە ویداد دەکرد لەسەرهەڵبژاردنی جۆری بۆینباخەکەی وشێوەی کەشخەی جل وبەرگەکەی وکەسانی ترو حزبە سەرەکیەکان وکەسایەتیەسیاسیەکان بە تایبەتی مەسیحیەکان ئەمەجگەلە(عقیله الهاشمی) کەبەتایبەتی لەرێی ویدادەوە چەندین هەلی زێرینی دەست کەوت لەبەدەستخستنی پارەوسامانێکی زۆر و پێدانی دیاریەو بەخشینی یەکی بێ شومار لەڕێگەی ڕاوێژکاری وپێدانی ڕێنمای بۆیان ،کەهەندێکیانم بەچاوی خۆم بینی و ئەوانی تریش ویداد بۆی دەگێڕامەوە .

## دیاریەگران بەهاکان

پێم باش بووهەندێك لەودیاریانەی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەواییەوە کە بەخشراوە بەویداد فرەنسیس (بیتی) بخەمەڕوو تاوەکوپەردەلەسەرلایەنی شارەوەیی کەسایەتی ژیانی سیاسی ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لابەرم.

- تاقمێکی ئەڵماس کەنرخەکەی ($٣٠٠٠٠) دۆلارەلەلایەن عاشقی شەیدا برێمەرەوە کەخۆم بەچاوی خۆم بینیومە و لە داهاتوودا کرم دەیخوات ..هەروەها سەیارەیەکی جۆری (ئەڤلۆن)ی نوێ کەسەرکردەکانی حزبی بەعس بەکارییان دەهێنا پێش چەند مانگێك لەڕوخاندنیان ،ئەم دیاریانەی بەهۆی دەست بەکار بونیەوە بوە لەکارو ئەرکەنوێیەکەی وە تاپۆکردنی شوقەیەك لەکۆمەڵگەی (٢٨نیسان/صالحیە)ی ئێستا نزیك ناوچەی سەوز ،دیاری تر کەبواری باسکردنیان نی یە نەوەك بەزیادەڕەوی تاوانبارم بکەن ،چونکە دیارییەکان ئەوەندەزۆرن پێویستی بەکتێبێکی سەربەخۆهەیە .
- سەیارەیەکی جۆری( مرسید س (مۆدێلی٢٠٠٢)) کەلەسەیارە ئاساییەکانی سەردەمی سەددام بوو، کەلەلایەن مەحمودعوسمانەوە ئەندامی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ەوە بەدیاری درابووبە ویداد .
- کۆمەڵێکی زۆر گران بەها لە جل وبەرگ وبۆن وپارچە خشڵی زێڕو ئەڵماس لەلایەن ئافرەتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی بەتایبەتی بەڕێز خاتوو(عقیلە الهاشمی) .
- خانوویەکی (٤٠٠) مەتری چوارگۆشە لەپارێزگای سلێمانی دیاری بەڕێزمام جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عێراق وەئەندامی پێشوی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی.
- پارچەزەویەکی (١٠٠٠)مەتری چوارگۆشە دیاری بەڕێز کاك مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وئەندامی پێشوی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی .

وەچەندین دیاری لەبۆنەتایبەتی یەکاندا کاتەئاسایەکاندا لەلایەن بەڕێزان (پاچەچی ،چادرچی ،چەلەبی ،عەلاوی ،جعفری،محسین عبدالحمید ،موفق الربیعی ،یونادم کنە)ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کەلەڕاستیدا

لەهەمووشتێکدا جیاوازی وناکۆك بوونە ، سوپاس بۆخودا تەنها لە دیارییە مادییەکانیاندا بۆ ویدادفرەنسیستەباو کۆك بوونە ،کەبڕەکەی هەرهەمویان (٥٠٠٠$) ئەمەریکی بووە لەهەرجارێکدا .

–سەیارەیەکی جۆری نیسان (٢٠٠٤)خزمەتگوزاری لەلایەن شازدەی هۆڕەکان بەڕێز کریم ماهود ئەندامی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی .

–مۆلیدەیەکی مەزنی کارەبای لەلایەن وەزیر ئەیهەم سامرانی کەدواتر ویداد فرۆشتی بەکۆمپانیای (أهل الجزیره) لەناوچەی (عرسات) کە بازرگانێکی کوردی بەناو(ئازاد بەرزانی)خاوەنێتی ، چونکە ویداد پێویستی پیّ ی نەبوو وهەمیشە کارەبای هەبوو .

چەندین دیاری هەمەجۆر لەکەسایەتیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ەوە کەلێرەدا تەنها ناوییان دەبەین ( نورالبدرانی ،السید الحسین الصدر ،بریکاری وەزیری ناوخۆ أحمدکازم ،حاجم الحسینی ،بیان جبر صولاغ ،السعدون الدلیمی ،مصدی حافظ، الشریف علی بن الحسین ،برهم صالح ،فؤاد معصوم ، جوان فؤاد معصوم ، سوسن الشریف ، مفید الجزائري ، حازم الشعلان ، سامي المظفر ،باسکال وردة ، عادل عبدالمهدي ، هۆشیار زێباری ، بەختیارئەمین وهاوسەرەکەی ، فلاح النقیب ، مالك دوهان الحسن ، مهدی الحافظ ، نسرین برواری ، رشاد منان ، محەمەد الجبوری و کەسانی تریش) ئەم ناوانە لە ویدادەوە وەرگیراوە.

- وەزۆربەی دیاریەکانم بینیوە ، لەڕاستیدا بەڕێزان ئارەزوەکانیان لەیەکەوە زۆرنزیکە .

لێرەدا دەمەوێت ئاماژەبەوەبکەم کە ویداد هەموودیاریەکی وەك پارچە زەوی و خانووی ڕەت دەکردەوە کەلەناوچەکانی ڕۆژئاواوباشوری عێراق وەك دیاری لەئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی پێی دەبەخشرا ،لەبەرهۆکاری ئەمنی

،وەهیچ کاتێك لەیادو بۆنەکاندا ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ویداد وخانەوادەکەیان لەیادنەکرد بەدیاری وبەخشین.

## برێمەری ئەویندار

ویداد دەڵێت (انتفاض قنبر) نەرم ونیان بووبەرامبەرم وزۆرلێم دەهاتەپێشەوە ،بەلاّم من هەستم دەکردکەسێکی بێ ڕێزە بە تایبەتی دوای بلاّو بوونەوەی ئەوهەواڵەی کەڕێی گرتووە لەیەکێ لەفەرمانبەرە ئافرەتەکانی کۆشکی سەرۆکایەتی.

بۆیەمنیش ڕێ ی وشوێ،ی توندم گرتەبەروهەمووئەوکارانەی (انتیفاض) لەگەڵ من هەیبوو ، ڕوو بەڕوی فەرمانبەرێکی ئەمەریکیم کردەوە ،برێمەربەمەی زانی بۆیەبانگی کردم وداوای کردئەمەی بۆڕوون بکەمەوە ،منیش بۆم ڕوونکردەوە ، لەئەنجامدا برێمەر ووتی بەلای منەوە تۆگرنگتری لەئەوو هاوشێوەکانی ، چونکە تۆوهاشێوەکانت نوێنەری عێراقن زیاترلە(انتیفاض) و (چەلەبی ) بەلاّم بلێم چی فریشتەیەك لەسەرزەوی بێت ناچاردەبێت تێکەلاّوی بکات لەگەڵ شەیتانەکان .

ویداد دەڵێ منیش ووتم: ئەم قسەیەت بەدەمەوەهاتنی بەڕێوبەرێکی بۆ فەرمانبەرەکەی ، یاخودپەرۆشیە بۆخۆشەویست یابەتەنگەوەهاتنی سیاسیە؟

برێمەریش ووتی: من بەردەوام حەزم لەچارەسەری ناوەڕاستە لەبەر ئەوە لەوبۆچوونانەی کەوتت دوەمیان هەڵدەبژێرم.

ویداد ووتی: ئێتردەستم کرد بەوەی کە هەرچی کارێك دەمزانی دەبێتەمایەی گرفت بۆخۆم ودواڕۆژم دەمدایەدەستی فەرمانبەرە ئەمەریکیەکان بۆئەوەی لەبازنەی کێشەکان دووربکەومەوە .

ئەوکێشانە زۆرجارلەنێوان بەرپرسەنوێیەکان وئەوفەرمانبەرە عێراقیانەدا ڕویدەدا ، کەبرێمەرهەڵیبژاردبوون بۆیاریدەدەرێتی خۆی،وەڕۆژێ برێمەرپێ ی وتم

(چەلەبی) و (مەحمودعوسمان)لەهەموو ئەندامەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی دا زیاتر کێشە دروست دەکەن ،لەبەرئەوەی (چەلەبی) کەسێکی پیسە، وە (مەحمود عوسمان) کەسێکی (حشریە)ئەمەلەسەر وەسفی ویداد پاش نزیکەی دووهەفتە ویداد توشی ڕووداوێك بوولەماڵەوە لەکاتی خۆئامادەکردنی خێزانەکەی بۆئاهەنگی لەدایك بوونی خوشکەکەی (نور) ئەم ڕووداوە ناچاری کرد ماوەی هەفتەیەك لەماڵە وەبێت لەم ماوەیەدا ڕۆژانە بریمەر پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ دەکردبەشێوەیەکی بەردەوام ، وەهەروەها زۆرلەبەرپرسەکانی تر ، تەنانەت من خۆم ئەوژمارەزۆرەی چەپکەگوڵەکانم بینی کەناوی کەسایەتیە سیاسی وکۆمەلآیەتیەکانی لەسەرنوسرابوو دەهات بۆ ویداد کەئەوەندە زۆربوو شەقامەگشتیەکانی بغداد دەڕازاندەوە.

ئەوەبوولەڕۆژی چوارەمی ڕووداوەکەدا بریمەرچوو بۆسەردانی ویدادلەکاتێکی دیاری نەکراودا،لەسەرڕاخەرەکەی لەتەنیشتێوە دانیشت وخۆشەویستی خۆی پیَ ڕاگەیاند لەکاتێکدا کەویداد ئازاری قاچ لەیەك ئالآنەکەی هەرمابوو....ویداد دەڵیَ منیش دەستم گرت وپێم ڕاگەیاند کەمن لەیەکەم سەیرکردنەوەئەوم خۆش دەوێت ، ئیتر ڕێککەوتین لەسەرخۆشەویستی ودڵسۆزی بەرامبەریەك تالەژیاندا بین، ئیتر پەیوەندیەکەمان زۆر بەزووی پەرەی سەندو چاوپێکەوتنەکانمان زۆر دەبوو لەزۆرشوێنی جیاواز لەناوچەی (سەوز) ئەمەلەکاتێکدا کەبارودۆخی ئاسایشی تێکچووی بەغداد مردنی دەبەخشی بەهەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی ،بەلآم بۆ ئەم وانەبوو هەرچەندە وەك عێراقیەك دەهات ودەچوو چونکە ئەم فەرمەنرەوای مەدەنی وسەفیری ئامادە نقومی خۆشەویستی ببو تابناگویَ ی ، وەهەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی فە رمانڕەوایی(مجلس الحکم)نقومی کارەکانیان ببون تەنهائەوکارانەی لەبەرژەوەندی خۆیاندابو ، خوات هەیە ئەی نیشتمان ! .

جارێکیان هاورێ ی ڕۆژنامەنوسەکەم باشووریەکەم پیێ ی ڕاگەیاندم نیشانەی شەیدایی بەئاشکرا دیارەبە برێمەرەوە بەتایبەتی ئەوکاتەی کارکردن کۆی دەکاتەوە لەگەڵ ڕاوێژکار ویدادفرەنسیس(بینی) ، ویداد بووەکەسێکی توندو تیژ لەبڕیاردان وڕاسپاردەکان ،بەشێوەیەك وەك (هەنگی) لێهاتبوو، وەستانی نەبوو لەکارکردندا بەردەوام هاوڕێیەتی برێمەری دەکردلەزۆربەی سەردانیەکانی بۆدەرەوەی ناوچەی سەوز .

لەکاتی سەردانەکەی برێمەربۆشاری (حیلە)ویدادو هاورێ ڕۆژنامەنوسەکەم وهەندێك فەرمانبەری عێراقی وئەمەریکی یاوەری بوون،بەدرێژای ئەم گەشتەویداد برێمەری تاقیدەکردەوە لەو وانانەی کەخوێندبووی بۆفێربوونی زمانی عەرەبی ،وەتەنانەت برێمەر هەوڵی ئەوەی دەدا کەهەندێك لەشیعرەکانی (متنبی)بۆبخوێنێتەوە ، برێمەر بەگەرمی هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبی دەدا لەلای مامۆستایەکی زمانی عەرەبی بەڕەگەز میسری کە ناوی(رفعت ابوالهول) بوو،هەرچەندە نازانم ئەمەناوی ڕاستیەتی یان نازناوە .

وەلەکاتی ئەم گەشتەدا بەدەنگی بەرز پرسیاری کرد لە ویداد دەربارەی خوێندنەوەی فاڵ کەهەموویان گوێیان لێ بوو بۆیەویداد و کۆمەڵەکە دەستیان کردبەپێکەنین لەبەرنامۆی پرسیارەکەوەلەبەرئەوەی ئەم پرسیارە نامۆیە لەبەرزترین دەسەلآت لەعێراق دەردەچێت ،لەمانەوە دەردەکەوێ و گومان نامێنێت کەپەیوەندی ویدادوبرێمەر لەچ ئاستێکدا بووە،ئەم بابەتەپێویست بەئاشکرا کردن ناکات . چونکە ئەوانەی چاودێری ڕەفتاری برێمەریان دەکرد دەیانبینی کەچۆن تا بناگوێی نقوم بووە لەخۆشەویستی ویداد دا.

وەلەبەڵگەیەکی تردا هاورێ ڕۆژنامەنوسەکەم ووتی هەندێ لەفەرمانبەرەکانی نوسینگەی ڕۆژنامەوانی برێمەر گازندەیان کردلەمامەڵەی خراپی مولازم (جونسن بالاك)کەگەنجێك بوو هێشتا تەمەنی سی ساڵی تەواو نەکردبوو ،خوای گەورە

جوانی وبالآبەرزی پێ بەخشیبوو بەلآم هۆش وژیری لێ سەندبویەوە ،وەجارێکیش پەلاماری یەکێك لەسەربازە(نیپاڵیەکانی)داو خراپ لێیدا لە بەرئەوەی سستی کرد لەجێ بەجێکردنی ئەوئەرکەی پێ ی سپێرابوو ، وەزۆرجار بەخراپ دەجولآیەوە لەگەڵ ئەوعێراقیانەی کەلەگەڵ بریمەردابوون.

بەئاڕاستەکردنی قسەی ناشیرن وناشیاو ،بۆیە فەرمانبەرەکان داوایانکرد لەویداد لەگەڵ بریمەردا قسەبکات سەبارەت بەم بابەتە،ئەویش قسەی لەگەڵ کردوئەنجامەکەی ئەوەبوو لەبەرخاتری خۆشەویستەکەی گواستیەوە بۆبەشی پەیوەندیەکانی ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ سوپای ئەمەریکی ،وەسەرچاوەکانم هەواڵی ئەوەیان پێدام کەفەرمانبەرەعێراقیەکان وئەمەریکیەکان لەناوخۆیاندا چاویان لەیەکتر هەڵدەتەکان وئیشارەتیان دەکرد،کاتێك بریمەرو ویداد تەنها دەبوون لەنوسنگەکەی بریمەر(لەوانەیەئەم چیرۆکەبەشی دووەمی فلیمەکەی کلینتۆن ومۆنیکا بێت)

بونی پەیوەندییە سۆزداریەکەیان لەبەرلووتی هەمواندابوو،وادەردەکەوت بریمەرلەم قۆناغەدا هاوسەنگی لەدەست دابێت وەك پیاوێکی بەرپرس بەرامبەر هێرشی گەورەی خۆشەویستی .

لەهەمووی خۆشتر ئەوەبوو کەویداد پێی ڕاگەیاندنم کەلەم ماوەیەدا ڕۆژێکیان بریمەر پرسیاری لێکردم دەربارەی گەورەترین گۆرانی عەرەبی کەباس لەخۆشەویستی دەکات،منیش لەوەلآمدا ووتم(سيرة الحب) ی ئەستێرەی ڕۆژهەلآت (السيدة أم كلثوم) پاش ئەم پرسیارە چەن ڕۆژێك تێنەپەڕی بریمەر هەندێك برگەی ئەو گۆرانیەی دەووتەوە بەعەرەبیەکی ناتەواوی پێکەنیناوی،وە ویدادیش ڕوبەڕووی دە بوەوە وەك شەیدایەکی زمان شیرین،من و ویداد زۆر پێکەنین لەم کاتەدا ، ئەی خوێنەری خۆشەویست ئێوەش بیربکەنەوە کەبریمەر گۆرانی (السيدة أم كلثوم) دەڵێتەوە ...

## کوشتنی عودەی و قوسەی

عودەی وقوسەی بەردەوام مایەی دڵەڕاوکێ بوون بۆبرێمەر چونکەبەبڕوای ئەوعودەی وقوسەی فیدائی سەدام بەڕێوەدەبەن، کەبەبۆچونی سیاسی ئەمەریکی ترسناکترین گوروپەسەربازیەکانی سەردەمی سەدامە،بۆیەهەواڵی کوشتنیان هەواڵێکی خۆش وئاهەنگ ئامێزبوو بۆ ئەمەریکیەکان بەچاوپۆشین لەهەڵوێستی جەماوەری عیراق کە دابەش بوبوون لەنێوان پشتیوانی لەکوشتنیان وناڕەزایی .

ویداد ووتی برێمەر پێ ی ووتم کەزۆر دڵخۆشم بەلەناوبردنی ئەم دووتاوانبارە ترسناکە ، چونکە کوشتنیان دەبێتەهۆی پەرتەوازەبوونی ئەم گروپە چەکدارە، کەبرێمەر بەگرپی مەرگ ناوی دەبرد، بەڵام لەبەرامبەر ویداد دا ئەوەی درکاندوەکە عودەی وقوسەی شارەزاو بەتوانا بوونە لەپارێزگاری کردنی خۆیان . وە ویدادیش ئەوەی نەشاردبۆوە لەبرێمەر کەپێش بینی دەکرد.

وەك زۆربەی بەرپرسە عێراقیەکانی تریش عودەی وقوسەی چوو بێتنە دەرەوەی وولآت ،برێمەر ریش وتبووی دەبوایە ئەمانەش لەدەرەوەی عێراق بونایە بەلآم هەردووکیان ڕێگەیەکی هەڵەیان گرتەبەربۆڕاکردن.

وە ویداد ئەوەی لەبرێمەربیستبوو کەعودەی وقوسەی بڕیاریاندابوو لەڕێگەی موسڵەوە بەرەو سوریا هەڵبێن ،دوای ئەوەی هەوڵەکانیان بەفیڕۆ چوو کە لەڕێگەی ڕۆژئاواوە بەرەو (ئوردەن) هەڵبێن ، بەڵام هێزەکانی ئەمریکا زۆرنزیك بوون لەوانەوە لەسەرسنور بەهاوکاری هەندێك ( فیتنەچی و دووزمان) کەلەنێوانیان پیاوێك هەبوو بەناوی (ردام) کە یەکێکەلەپیاوەکانی ناوچەی (دۆر)ی سەربەعەشیرەتی سەدامە ، کە ئەم ڕێگای هەڵهاتنەکەیانی بەرەو سوریا ڕێکدەخست.

بەپێچەوانەوەی گێڕانەوەی ئەمەریکیەکان دوایەمین کەس کەکوژرا قوسەی بو چونکەئەولەبەرزای بیناکەوە شوێنێکی دیاری کردبوو تیایدا دەجەنگا کە دووچەکی پیێ بوو قەناسێك و کلاشینکۆفێك ، وە دوان لەپیاوەکانی یارمەتیان دەدا ،وەعودەی و سێ کەسی ترلەخوارەوەی بیناکەبوون ، عودەی جلێکی جێنزی ی ڕەنگ شینی لەبەردابوو ،چەکێکی ئۆتۆماتیکی پێبوو کەجۆرەچەکێکی تازە دروست کراوبوو ، بەیەك دەست بەکاردەهێنرێت لەگەڵ کۆمەڵێ ڕومانەی دەستی ، لێرەدا تێبینی بابەتێکی گرنگم کرد ئەویش ئەوەیەکە برێمەر ناوی کوڕەکەی قوسەی نەبرد ، لەلای ویداد ، پێدەچێت مصطفی دەست بەسەربێت لای ئەمەریکیەکان ونەکوژرابێت لەوڕووبەڕوو بونەوەیەی کەماوەی پێنج کاتژمێری خایاند .

**سەدام لەقەفەزی تاواندا**

ڕۆژی گرتنی سەدام ڕۆژێکی تایبەت بوو لەژیانی هەمووماندا بەبێ گومان چونکە پشتیوانەکانی لەبارودۆخێکدا بوون نەدۆست ونەدوژمن خۆزگەی پێنەدەبردن ، وەبەرهەڵستکارەکانیشی ئەوڕۆژەیان بەڕۆژی سەرکەوتن دادەنا سەرکەوتنێك کەهەرگیزلەبیرناچێتەوە ،وەئەمەریکەکانیش ئەمڕۆژەیان وەسفکرد بەڕۆژی گۆڕانکاری ڕوون وئاشکرا لەسیاسەتی سەربازی و دبلۆماسی لەناوعێراقدا ، چونکەدادگای کردنی سەدام کەبەردەوام دادگا وەك بنێشتێکی بۆن ناخۆش دەیجوێت وبۆنی ناخۆشی ماوەیەك عێراقیەکان سەرقاڵ دەکات وبێ ئاگایان دەکات لەهەندێك کاروبارکەلەودادگایە گرنگترەو کەپەیوەندی بەدواڕۆژیانەوە هەیە ، وەبڕیاری پەخشکردنی ڕاستەوخۆ کە(وەکالەتی ئاسۆ شێتد پرێس) ی ئەمەریکی بەهاوبەشیی لەگەڵ تەلەفزیۆنی (فۆکس نیوز)ی ئەمریکی بەدەستیان هێنا ،کەبەشێوازێکی نهێنی بوو وەك چۆن ویداد هەواڵی پێدام کەبووە مایەی ئەوەی ملیۆنەها دۆلار بخاتە سەرحیسابی برێمەر لەکەنەداو هۆڵەندا ونەرویج

بەتایبەتی، وە بێجگەلەو رێککەوتنە نهێنیە قەبارەبچوکانە بەبەراورد لەگەڵ قەبارەی مامەڵەسەرەکیەکان لەگەڵ کەناڵەعەرەبی و بێگانەکان بۆ ئامادەبوونی پەیام نێرەکانیان لەدانیشتنەکانی ئەم دادگایکردنە کەلەسەرەتای دەست بەکاربونیەوە بەشێوەیەکی ماراسۆنی درێژخایەن دەستیپێکرد هەروەك چۆن ئەمەریکیەکان دەیانەوێت ،ئەوەی لێرەدا گرنگەبەلامەوە گێڕانەوەی ئەوگفتوگۆ سۆزدارییەی یەکەلەنێوان ویداد وبرێمەردا ڕوویدا پێش چەند کاتژمێرێك لەڕاگەیاندنی هەواڵی گرتنی سەدام بەپێ ی ی ئەوسیناریۆی کە ڕۆژگار بەدرۆی دەخاتەوە ،چونکەئەوزانیاریە باوڕپێکراوەی لەبەردەستی من دایە سینارۆیەکی تر دەگێڕنەوە کەپێچەوانەی ئەوچیرۆکە هەڵبەستراوەیە کە ئەمەریکیەکان دەیگێڕنەوە وهەندێ لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن هەندێك جار بەنەزانی ،وهەندێك جاریش بەخۆفرۆشی ڕەواجی پێدەدەن دەربارەی گرتنی سەدام ، بەهەرحاڵ ویداد هەواڵی گرتنی پێگەیشت پێش ئەندامەبەرێزەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی،ویداد دەڵێ یەکەمجار نەمدەتوانی دەست بەسەرخۆما بگرم هەستێکی دولایەنەی غەمبار بەسەرمدا هات ،یەکەمیان غەم وناخۆشیم لەگرتنی سەدام و دووەم ترسم لەدەرئەنجامەکانی لەسەرعێراق ،چونکە پێش بینی ئەوەم دەکرد کەلایەنگرانی سەدام بێدەنگ نابن وهەمو سەرزەوی دەکەن بەئاگر،لەژێر پێی ئەمریکیەکان وهاوپەیمانەکانی ،کەئەمەش ڕوویدا لەزۆربەی ناوچەسوونیەکان وناوچەکانی ترلەبغداد .

لەگەڵ ئەوەشدا ( ئەمە قسەی ویدادە) هیوام وابوو کەعێراقیەکان لەنێوان خۆیاندا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە دوای سەدام ،بەڵام خۆم هیچ ئامادەییەکم نەبوو سەدام ببینم لەقەفەزی تاواندا،لەگەڵ ئەوەی سەدام لەچاوبرێمەردا هیچی بۆم نەکردووە،چونکە خۆشەویست زیاتر دەبەخشێت لەسەرۆك لە هەموو جیهاندا.

ویداد دەیووت: لەنێو  حاڵەتێکی ناهەمواردابووم کەئەمەش ئاشکرا بە دەنگمەوە دیاربوو لەکاتی ئەوپرسیارانەدا لەبرێمەرم دەکرد دوای ئەوەی هەواڵی پێدام کەسەدام لەژێر دەستی ئەمەریکیەکاندایە،

برێمەر : ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتە چونکەسەدام لەدەستماندایەو وەکومشك لەکونێکی بۆگەندا گرتمان ،ئەمەئەوکەسەبوو کەئێوەبەسواری عەرەب ناوتان دەبرد  وەدیکتاتۆرێکی ستەم کاربوو.

ویداد: ئەمەهەواڵێکی باشەبەڵام پێش بینی تۆچی یە؟لەدەرئەنجامەکانی ئەم گرتنە بەتایبەتی لەوناوچانەی پشتیوانی سەدامن ؟

برێمەر: ئەولەژێر دەستی ئێمەدایە وهەتا ماوە ڕزگاری نابێت ، شادومان بە خۆشەویستەکەم ئەم شەو یەکێکەلەشەوەکانی(شەوێك وهەزار شەو)کەئازادی ودیموکراسی دەیان گرێتەوە بۆگەلی عێراقی .

وەزۆربەتوندی لەگەڵ ئەوکەسانەدا مامەڵەدەکەم کەبیەوێت ئەم شادومانیەمان لیّ بشێوێنێت ،سەری ئەژدیهاکەلەدەستم دایەوڕزگاری نابێت ،وەهیوادارم سەرجەم سەری ئەژدیهاکانی تریش لەودەستەی ترم دابێت لەنزیکترین کاتدا ،برێمەربەزمانێکی سەرکەوتوانەوەقسەی دەکرد هەرچیەك بێت شێوازی دەستگیرکردنی سەدام جۆریك لەورەبەرزی دابوە برێمەر کەپێشتر حاڵی باش نەبوو.

ویداد:ئەی ئێستا چی دەکەیت...؟

برێمەر: بەڕاستی تۆزۆر سەیری خۆشەویستەکەم ئەم هەواڵەبەشێوەیەکی ئاهەنگ ئامێزەوە ڕادەگەیەنم ، ئەوڕۆژە هات کەسەرجەم قوربانیەکانی دەستی سەدام لەگۆڕەکانیاندا ئاسو دەدەبن  وەسەدامیش لەدەستی دادپەروەراندایە وەقوربانیەکانی دەژمارد ، لەگۆڕەبەکۆمەڵەکان وهەڵەبجەو کوشتنەکان وئەمڕۆبەسەریەکیّ لەدیکتاتۆرە کانی سەردەم داسەرکەوتین.

ویداد: باشتر وایەئەمەوەك ڕۆژێکی پشو ڕابگەیەنیت ،ئەم ووتەیەم بەشێوەیەکی خەمۆکیەوە ووت، مەبەستم لەگاڵتە پێکردن بوو.

بریمەر: هەرچەندە تۆلەخۆشی سەرکەوتنەکە کەم دەکەیتەوە بەلاّم پێشنیارێکی جوانە بۆهەندێك لەدۆستەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی باسی دەکەم ،ئەم ووتانەی بەجۆرێك دەربڕی کەتێکەڵ بوولەوریایەکی ناڕاستەوخۆ.

ویداد، پیَ ی ڕاگەیاندم کەمەترسی ئەوەم هەبووکەئەوەی لەبیرم دایە ئاشکرای بکەم هەربۆیە ڕێڕەوی گفتو گۆکەم گۆڕی ووتم ڕۆژانی مەزن وسەرکەوتن زۆردەبێت لەژێرسایەی سەرکردەیەکی لێهاتووی وەك بەرێزت ،بۆیەکەم جار بوو کەئەو زیرەکیە سەرنج ڕاکیشیە لەچاوی بریمەردا ببینم کە بەزەردەخەنەیەکەوە پێی ووتم : (من ئەزانم کەزۆربەی گەلی عێراق سەرسامن بەسەدام لەبەرئەوەی ئێوەگەلێکن پیاوی زیرەکتان خۆش دەوێت،بەلاّم ئێستاکاتی ئەوەهاتووە کەجیاوازی بکەن لەنێوان پیاوێکی زیرەك وپیاوێکی دیکتاتۆردا ، سەدام یرەکی ودانایی نەبوو ،هەرچەندە هەندێك وای بۆدەچن ئێستاکەگەلی عیراق لەگەڵ گەلی ئەمەریکیدا بەرەو ئازادی دەڕوات ،بەلاّم لەسەردەمی سەدامدا سەدام خۆی بەدوژمنی ئەمەریکا دادەنا ،وەبەردەوام دوژمنانی ئەمەریکا دەدۆزین).

ویداد: ووتەکانت هەمووی ڕاستن بۆیە پێویستە هەمو جیهان لەگەڵ ئەمریکا بێت ئەگەردەیانەوێت بەهێمنی وئاشتیانە بژین.

بریمەر: گەلان خۆیان ئاشتی دروست دەکەن بەلاّم دەبێت جیهان لەگەڵ ئەمەریکادابێت ئەگەربیانەوێت بەخۆشی ودیموکراسی وئازادیەوە بژین ،وەجیاوازیەکی زۆرهەیەلەنێوان باوەڕی من وتۆدا،(دەستەکانی بەسەرپرچیدا هێناو بەشێوەیەکی بەسۆز وسینەمایانە ووتی ڕۆژگارەکانی داهاتوو بەسە بۆئەوەی قەناعەتی تۆش بگۆڕێت ئەی بچوکەسەرسەختەکەم ) ویداد دەڵیَ هەستم کردکەخەم بۆسەدام دەخۆم یان بەرگری لێدەکەم ،تازە من و عێراق

هەواڵنامەی کتێب

وعێراقیەکانیش لەژێردەستی ئەمەریکادا‌ین هەر بۆیە ووتم(برۆ خۆشەویستەکەم خۆت بۆئەمڕۆژە خۆشەئامادەبکە ،منیش لەگەڵ هەموو جیهاندا چاوەڕوانی ڕۆژێکی نوێ دەکەم لەڕۆژەکانی برێمەر .

ویداد ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کەلەهەمولایەکەوە بەتەلەفۆن هەواڵیان لێدەپرسیم پاش دزەکردنی هەواڵەکە ،بەڵام من بەپێ ی ڕێنماییەکانی برێمەر هیچم نەدەووت،لەڕۆژیی ڕاگەیاندنی دەستگیرکردنی سەدام دا من و ویدادوچەند ڕۆژنامەنوسێکی عەرەبی وعێراقی وبیانی وبێگانە لەهۆڵی کۆشکی گۆنگرەکاندا دا چاوەڕێمان دەکرد،بینیمان برێمەرو چەندئەندامێکی تری ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی هەواڵەکەیان ڕاگەیاند لەشێوەی شانۆگەریدا، بەچەپڵەلێدان پێشوازی لێکرا بەتایبەتی لەلایەن ڕۆژنامەنوسە عێراقیەکانەوە .

لەم کاتەدا (فتاح الشیخ)سەرنوسەری ڕۆژنامەی (اشراقات الصدر) وئەندامی پەرلەمانی کاتی (لەمەوپاش) وەکومنداڵ دەستی بەگریانکرد ،لەبەرئەوەی ئەمەریکیەکان ئەوخەونەیان بۆهێنایەدی کە(سەدام) لەقەفەزی تاوانباریدا بمێنێتەوە (لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا ،بەشێکی سەیروسەمەرەی (فتاح الشیخ)تان بۆدەخەمەڕوو کاری ڕاگەیاندنی هەواڵەکە کۆتای هات بەوەلآم دانەوەی چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەنوسان و(محەمەدبحرالعلوم وچادرچی) هێرشیان کردەسەر ڕاگەیاندنی عەرەبی ،بەم شێوەیەکۆتای بەڕۆژێك هات لەڕۆژە خۆشەکانی برێمەر.

هەواڵی دەستگیرکردنی سەدام هەواڵێکی ئاسایی نەبوو لەسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراو خوێنراوپەخش کراو هەموویان لەکێ بەرکێ دابوون بۆبلآوکردنەوەی تاگەیشتەئەندازەیەك کەسەدام بوو بوەبەشێکی گرنگی سەرجەم هەواڵەکان وەهەردەزگایەك ولایەك بەپێ ی بیروباوڕی خۆی هەواڵەکەی بلآودەکردەوە ،وەئەوەی بەلای منەوە جێگەی سەرنج بوو ئەو وێنانەبوو

کەلەگەڵ ڕاپۆرتەهەواڵەکەی گرتنی سەدامدا نیشان دەدرا، ،ڕاگەیاندنی دژ بەسەدام وێنەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان وهەڵەبجەو کوشتن وکوشتارەکانی سەدامی نیشاندەدا،بەلاَم ڕاگەیاندنی لایەنگرانی سەدام وێنەی سەدام نیشاندەدا کەبەجل وبەرگی جوانی سەربازیەوە لەبەرەکانی جەنگی(عێراق ـ ئێران ) و(قادسیەی سەدام) دا بوو، یاخود هەیان بووچەند دیمەنێکی لەکۆبونەوەکانی سەدام نیشان دەدا ،بەپەنجەکانی جگەرەی (کوبی) بەناوبانگەکانی پێ گرتبوو ، کەس نەبووبەرامبەرسەدام بێ لایەنبێت یان دژی بوون یان لایەنگری بوون ، بەڵکو پێم وایەهەواڵی گرتنی سەدام دەمامکی بێ لایەنی لەسەرسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵمالی .

ئەمانەبابەتی گفتو گۆی من وویداد بوون لەودوو ڕۆژەی دەستگیرکردنی سەدام دا ، پاش جەختکردنێکی زۆر داوای لێکردم دوارۆژی سەدام لەڕووی فەلەکیەوە بخەمەڕوو ،هەرچەندەنەمدەزانی لەپێشودا چەندە هۆگری سەدام بووە،منیش ڕەزامەندیم نیشانداو ووتم (دادگایکردنی سەدام کەبریارە بکرێت دادگایەکی ئاسان نی یەبەڵکوبەدادگای سەردەم دادەنرێت ،شتانێکی زۆری تێدا دەخرێتە ڕوو وەبەئاسانی سەدام لەسێدارە نادرێت)ئەم چەند وتەیەی من بەس بوو تا لە خەمی ویداد کەم بکاتەوە .

ویداد: سەدام پیاوێکی ئازابوو تۆ ئەڵێ ی‌چی؟ وەوتی بەلاَم ناپاکیان لەگەڵ کردوپشتیان بەردالەشەڕەکەدا .

محەمەد: ئازایی بەتەنها گرنگ نی یە بەڵکو کارەکەپەیوەستەبە تێڕوانینی ئەمەریکابۆهەر وولاَتك و سەرۆکەکەی کە بۆداهاتووی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی چی بەدی دێنێ ، ئەمە سیاسەتە.. بەسیفاتەکاندا نانێت هەوڵ بۆگەیشتن بەئامانجەکان دەدات ، وەهەمووبیانووەکانیش ئامادەبوون بۆئەمەریکامەبەستەکانی خۆی بەدی بێنێت ، لەوانەیەهەندێك من بەلایەنگری

سەدام دابنێت گەربلێم کەمن یەك ڕابووم لەگەڵ بۆچونەکەی  ویداد دا تاکو زیاتر زیانیاری لەهەگبەکەیدا دەربهێنم تا هەڵوێستی کەسەکە،

ویداد: کەواتەکارەکەپەیوەندی بەڕزگارکردن ودیموکراسی ئازادی گەلی عێراقەوە نی یە لەدەستی دیکتاتۆرێك ،ئەمەریکادەیویست بەلەناودانی سەدام بەهەموو جیهان بلێت دۆستی من بن نەك دوژمن بن ئەگیناوەك سەدامتان لێدێت.

محەمەد: ئەمەگفتوگۆی ناوێت هەموان دەزانن کەئەمەریکا ئەگەر بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ وولآتە هاوپەیمانەکانیشیدا دژبکەونەوە ئامادەیەزۆری بۆ بهێنێت وئەگەرپێویست کات داگیریشی دەکات ، وەلەهەرهەولێکدا بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکانی ویداد ئەوڕووداوەی علی شندبی ڕۆژنامەنوسی بیانی هاوڕێم بۆی گێڕایەوە کەلەگەڵ ستافی نوسینگەی (LBC)کاریدەکرد لەبغداد کەئەم پیاوەبیروباوڕی نەتەوەیی هەبوو وەزۆر بەشان وبالی سەدامدا هەلیدەدا پاش دەستگیرکردنی  سەدام ،ناچار بغدادی بەجێ هێشتو گەڕایەوە بۆلوبنان چونکەنەیدەتوانی زاڵ بێت بەسەرهەلوێست وبۆچوونەکانیدا،منیش پێم خۆشەتۆش ئەم ناخۆشی وخەمانەت بشاریتەوە وکەس پێت نەزانێت ، مۆڵەتێکی کورت وەرگرە چونکەدواتریش کێشەی گەورەتر دەبێت ،ئەویش بەپێ ی داخوازی من لەگەڵ دایك وخوشکەکەی و دەستگیرانی خوشکەکەی کەلەگەڵ ئەمەریکیەکاندا (وەرگێرە) و (لەبنەڕەتدا ئوردونیەولەگەڵ خوشکەکەیدا یەکتریان بینیوە دواتر بوون بەدەستگیرانی یەکتری ) چون بۆئوردەن.

ویداد بۆی گێڕامەوە کەبریمەر باوەڕی وابوو کەسەدام بەردەوام مامەڵەی لەگەڵ (پاراسایکۆلۆجیەکان وڕووحیانەتەکاندا دەکردچونکەئەوانەی دەهاتنەلای بە بینینی تەنها تەماشایەك دەیانی ترساند، هەربۆیە بەهێمنی ولەسەرخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد،تەنانەت روبەیعی وچەلەبیش ، وە بریمەر لەچەلەبی تورە دەبێت کاتێك وێنەی خۆی لەگەڵ سەدامدا دەگرێت بەئامێری مۆبایل

هەواڵنامەی کتێب

بەدزێوە کەچەلەبی پیَ ی بوو وەدابوی بە ڕوبەیعی بۆ هەمان مەبەست و تا ببێتە وێنەگرێکی مێژوویی ، وە ووتبوی صدام بەبیَ باکیەکی ئاشکراوە برێمەری پشت گویَ خستوە ، هەروەها برێمەر ئەوسیناریۆیەی روبەیعی بەدرۆخستەوە و ووتی روبەیعی درۆزنێکی گەورەیە دەیەوێت خۆی بکات بەپاڵەوان وبەرگری لەمافەکانی شیعە باکات ، کەدەڵیَ من لەگەلَ سەدامدا شەڕەدەمییان بووە لەسەر صەدر وگۆڕەبەکۆمەڵەکان،لەڕاستیدا هیچ لەمانە ڕاست نەبوون ، وەبۆمێژوو دەیلێم من توشی کێشەیەکی گەورەی خێزانی بووم لەگەلَ هاوسەرەکەم بەهۆی تەلەفۆنەکانی ویدادوە کەبەبیَ گوێدانە کات وشوێن هەمیشەتەلەفۆنی دەکرد هیچ ئافرەتێك نی یە بتوانێت خۆی بگرێت بەرامبەر بەپیاوەکەی کەڕۆژانە چەندین کات ژمێر لەگەلَ ئافرەتێکی تردا بباتەسەرو شەوانەش بۆچەند کاتژمێرێك بەتەفۆن ووتوێژ بکەن هەرچەندە بیانوی ئەوە بهێنێتەوە کەپرۆژەی کتێبێکی داهاتوو لەم چاوپێکەوتنانەدا هەیە بەناچاری لەسەرغیرەتی هاوسەرەکەم خۆم گرت کەهەندێك جار خۆش وچێژی هەبوو وە هەندێك جاری تریش دەبووە ناخۆشی بەڵام سوپاس بۆخودا خۆم گرت و زۆر جار کێشەکانم کۆنترۆلَ دەکرد.

## تەلەفۆنی سەرۆك برێمەر

برێمەر پەیوەندیەکی زۆرباشی هەبووە بە بۆشە وە کەهەمیشە و توێژیان دەکردو بۆچوونەکانیان دەگۆڕییەوە وەزۆر کات برێمەرلەگەلَ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پاولَ دا گفتوگۆی ئەوبابەتانەی دەکرد ، پێش ئەوەی پێشنیاری بکات بۆ بۆش بەڵام بەپێچەوانەوە زۆربەی پەیوەندیەکانی برێمەر و وەزیری بەرگری بەوتەی توندو مشت ومڕ کۆتای دەهات لەبەرئەوەی زۆرجار هەڵسو کەوتی سەربازەکان برێمەریان دەخستەحاڵەتێکی شەرمەزارییەوە بەرامبەر

عێراقیەکان ،هەر چەندە نێوان خۆشی هەبوو لە نێوان بۆش وبریمەر بەلآم زۆر بریمەر ناڕەحە ت دەبوولەسەر ئەو داواکاریە سەیرانەی بۆش دەیکرد لێی برێمەر نەیدەزانی لەچ سوچێکی کاری دیبلۆماسیەتی خۆیدا جیّ ی بکاتەوە وەك فەرمانڕەوایەکی مەدەنی لەعێراقدا، ویدادپیّ ی ڕاگەیاندم کەبۆش زۆر بەتوندی لەتەفۆنێکدا دابەزیوتەسەر برێمەر لەسەرهەندێك کاری لەوانە دابەشکردنی وەزارەتەکان وجێگرەکانی و وڕێدان بە مەسعودبەرزانی (٨٠٠) سەربازی بەرگری شارستانی لەنێوان کەرکوك وسلێمانی دا بلآوکردۆتەوە (بۆڕێگرتن لەدزەنەکردنی لەباکورەوە و وەبەپێچەوانەوە) هەروەها کۆمەلّە لێدوانێکی کابۆی کەبرێمەربۆدەزگانی ڕاگەیاندن داویّتی بەتایبەتی هەڕەشەی ڕووبەڕوبونەوەی هەرسەرکردەیەکی عێراقی کەبیەوێت شەیعەتی ئیسلامی بکاتە سەرچاوەی یاسا لە دەستوری نوێدا ،وەدەست نیشانکردنی بریکاری وەزیرەکان کەلەناوەوە ودەرەوەی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی دا بووبووە جێگەی ناکۆکی کەژمارەیان دەگاتە (٧٥) بریکار بەڕێژەی سیّ بریکار بۆهەروەزارەتیّ ،وەزۆرێك پێیان وایەکەئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کەبەشێوەیەکی تایەفیانە دابەشکراون (١٣) شیعەیەو (١١) سوونیەو مەسیحیەك وتورکمانێك ، کەڕەنگ دانەوەی هەبووەلەسەردابەشکردنی وەزارەتەکان لەفەرمانڕەوایی تدا بەهەمان شێوەدەیانەوێت لەبریکارەکانیشدا هەروابکەن .

ویداد دەلّیّ لەدوای ئەم تەلەفۆنە دەم وچاوی برێمەر بە تەواوەتی تێك چوو وەسور هەلّگەڕابوو یەکسەر تەلەفۆنە تایبەتەکەی هەلّگرت و بەتوڕەییەوە داوای کۆبوونەوەی ڕاوێژکارەکانی کرد ، زۆربەخێرای بۆ وتوو وێژکردن لەسەرئەم بابەتانە ، وەلەبەردەم خۆیەوە ووتی ئەگەرسەرۆك لەدۆزەخی عێراقدا دەبوو قەت بەم شێوازەقسەی نەدەکرد دواتر ڕووی کردەدواوەو وەدستیکردبەگێڕانەوەی ئەوکێشە سیاسیەو دیبلۆماسی وفشارانەی کەڕوو

بەڕووی دەبێتەوەلەعێراقدا ،کەدواتر لەبەشێکی ئەم کتێبەدا دەیایخەینەڕوو ،بەهەرحاڵ ئەم پەیوەندیە تەلەفۆنیە بوو کەپاڵی بەبرێمەرەوە نا تا بریکاری وەزارەتەکانی ڕاگرت ، وەبەخێرای چەن وەزارەتێکی سادەی دابەشکردو چەند بڕیارێکی داکەبوەهۆی

بێزاربوونی کوردەکان ، بەهەرحاڵ پەیوەندیەتەلەفۆنیەکەی (بۆش) هەڵسانگاندنی کارەکانی برێمەر بوو تا تاك ڕەونەبێت لەبڕیارداندا .

## هەوڵی تیرۆرکردن

کەناڵی (LBC) تاکە کەناڵ بوو هەواڵی ڕزگاربوونی برێمەر ی لە هەوڵێکی تازەی تێرۆرکردندا بلآوکردەوە ، دوای ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسی بەتوانای لوبنانی (إبراهیم خیاط) ئەم هەواڵەی ڕاگەیاند لە هەواڵەکانی کاتژمێر (٩) شەو بەکاتی بەغداد لە کەناڵی (LBC) بە پشت بەستن بە گێڕانەوەی ئەو کەسانەی ڕووداوەکەیان بەچاوی خۆیان بینی بوو .

هەواڵنامەی کتێب

ئەمەش دەقی هەواڵەکەیە لەسەر زمانی (إبراهیم خیاط) .....

هەواڵەکان لەبەغداد باس لە ڕزگار بوونی حاکمی ئەمریکی لە عێراق (بول بریمەر ) دەکەن لە هەوڵێکی تێرۆرکردندا لەگەڕەکی (حی العامل) سەر لەبەیانی ئەمڕۆ ، لەکاتێکدا بەرەو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد بە ڕێکەوت بوو لە کەژاوەیەك کە لەسێ ئۆتۆمبیلی زریێ پۆش پێکهاتبوو ....

لەم کاتەدا بریمەر لە ناو ئۆتۆمبیلیکی جۆری جیب(هامر)ێکی زریێ پۆشدا بوو وە ئۆتۆمبیلێکی پاسەوانەکانی لە جۆری (GMC) لە پێشەوە دەڕۆیی و ئۆتۆمبیلێکی تر لە هەمان جۆر لە دوایەوە . لەم کاتەدا قەناسێك فیشەکێکی داوە لە تایەی لای ڕاستی پێشەوەی ئۆتۆمبیلی سێ یەم لە کەژاوەکە . بە بۆچوونی ئەو بریمەر لەو ئۆتۆمبیلەدا بووە ، لە ئەنجامدا ئەو ئۆتۆمبیلە کە زۆر

بەپەلە دەڕۆیی وەرگەڕا و هەرسێ سەرنشینەکەش بەپەلە گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانە، چونکە پێکانەکەیان مەترسیدار بووە .....

وە کەناڵی (LBC) ئەوەی زانیوە کە ئەو سێ بریندارە سەر بەیەکەی سەربازی (تغورکا)ی نیپاڵین لەوانەی کە پێشتریش لە سوپای بەریتانیا خزمەتیان کردووە لە هێزی یەکە تایبەتەکانی کە ئەرکیان پاراستنی بریمەر و کۆشکی کۆماریە کە بریمەری تێدایە ، وە هەروەها لە سەرەتای مانگی ڕابردوو جارێکی تریش بریمەر ڕووبەڕووی هەوڵێکی تری لەم جۆرە بوویەوە بە تەقاندنەوەی بۆ مبێکی چێنراو کە بووە هۆی برینداربوونی چەند کەسێك لە کەژاوەکەی بەبێ ئەوەی خۆی هیچی بەرکەوێت .

(١٠) خولەك بەسەر ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە تێ نەپەڕی بوو . کە (إبراهیم خیاط) راستەوخۆ لە سەربانی نوسینگەی کەناڵی (LBC) بلاّویکردەوە لە بەغداد .

زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا کە هەڵم گرت ویداد بوو دەیەویست لە ڕاستی ئەم هەواڵە دڵنیا بێت ، چونکە پێشتریش پەیوەندی بە بریمەر وە کردبوو بەلاّم تەلەفۆنەکەی داخرابوو ، ووتی زۆر بێ ئارامم . منیش ووتم هەندێ کاتم بدەرێ تا ڕاستی هەواڵەکەت بۆ پەیدا بکەم نەم توانی لەو شەوەدا پەیوەندی بە (إبراهیم خیاط) ەوە بکەم ، بۆیە پەیوەندیم بەهەندێ لەکارمەندانی کەناڵی (LBC) لەبەغداد کرد ، ئەوانیش ڕاستی ئەو هەواڵەیان بۆ گێڕامەوە کە کەسانێك بەچاوی خۆیان ئەو ڕووداوەیان بینیووە ، وەهەروەها فشارێکی زۆر بەهێز لەلایەن بەڕێوەبەری کەناڵەکەو چەند کەسایەتی سیاسی ئەمریکی و عێراقی کە هاوپەیمان و نزیکن لە بریمەرەوە دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووس (إبراهیم خیاط) ، تا ئەو هەواڵە بەدرۆبخاتەوە لە هەواڵەکانی داهاتوودا بەلاّم (إبراهیم) بەهیچ شێوەیەك بەمە ڕازی نەبوو لەگەڵ ئەو هەموو فشارە زۆرەی کە دەکرایە سەری چونکە دڵنیا بوو کە هەواڵەکە ڕاستە و کەسانێك هەن بەچاوی خۆیان بینیویانە

بەلاّم لەئەنجامی ئەو هەموو فشارە زۆرە کەناڵەکە لەکاتژمێر (١)ی دوای نیوەی شەو لەهەواڵەکانی (جیهان لە ئێستادا) کە ڕاستەوخۆ لە لەندەنەوە پەخش دەکرا لەسەر زمانی بێژەری هەواڵ . ئەو ڕووداوی تێرۆرکردنە بەدرۆخرایەوە . لەگەڵ ئەوەش ئەو کەسانەی لەکاتی ڕووداوەکە لەو ناوچەیەبوون ، چەند پارچەیەك لە ئۆتۆمبیلە تێکشکێنراوەکەیان هێنا بۆ تیمی کەناڵی (LBC)ی لە ناو ئەو پارچانە ، پارچە شووشەی شکاوی ئۆتۆمبیلەکەی تێدابوو کە ئەستوریەکەی (٧سم) بوو .

کۆمەڵێ هۆکار هەبوو کە کەناڵی (LBC) ناچارکرد ئەو هەواڵە بەدرۆ بخاتەوە ، لەوانە ئەم کەناڵە لەگەرمەی ئەوەدا بوو گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی ببەستێت بەنرخی (نەوەدو شەش ملێۆن) دۆلار بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کەناڵی (العراقیە) کە کەناڵێکە لەژێر چاودێری ئەمریکایەکاندایە بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامە نووسیەکان...

لێرەدا ئەوە زۆر بەجوانی دەردەکەوێت کە هەواڵەکان لە عێراقدا بەردەوام دەکەوێتە ژێر کاریگەری و قشاری سیاسی و مەقەسی چاودێری ئەمریکی ، وە ئەو هەواڵەی کە لەدەستی ئەمریکیەکان یا هاو پەیمانەکان دەرباز دەبێت ئەو جۆرە هەوالأنەیە کە بۆش خۆی مەبەشتێتی وە هەندێ هەواڵی گرنگ هەندێ جار دەکەوێتە بەردەستی ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکی بەمەبەستی سیایی ناوخۆیە لە ئەمریکا یا بە مەبەستی پارەو داراییە ........

ئەوەی کە زۆر منی سەرقاڵ کردبوو لەو کاتەدا دڵنیاکردنەوەی ویداد بوو ، بۆ ئەوەی بیکەم بە خاڵێکی بەهێز بۆقازانجی خۆم لەو پەیوەندییەی کەهەمان بوو ، بۆیە پەیوەندیم لەگەڵ کرد و داوام لێ کرد ئارام بێتەوە چونکە ئەو هەواڵە ڕاست نەبوو ، لەگەڵ ئەوەی من زۆر دڵنیا بووم کە ئەو هەواڵە ڕاستە، وە پێم ووت بەیانی یەك دەبینین و ئێستاش بەدڵنیاییەوە بخەوە ...........

دووکاتژمێری نەخایەند جارێکی تر ویداد پەیوەندی لەگەڵ کردم بۆ ئەوەی دڵنیام بکات کە بریمەر سەلامەتەو بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردبوو . دوای ئەوەی کە ئەو هەواڵە پانتاییەکی فراوانی ڕاگەیاندنەکانی داگیرکردبوو . تا دووڕۆژ نەمتوانی ویداد ببینم . تا لە ڕۆژی سێ هەم پێکەوە کۆبووینەوە لە کۆشکی کۆنگرەکان (قصر المؤتمرات) ، تا هەواڵی ڕزگار بوونی بریمەرم پێبدات لەو هەوڵی تیرۆرکردنە کە برێمەر خۆی لەیەکێك لەو ئۆتۆمبێلانە دا بوو کاتێك بووە ئامانجی قەناسێکی نادیار ، بۆیە لێرەدا دەڵێم بە متمانەیەکی زۆرەوە (إبراهیم خیاط) ڕاستی ووت ، وە بریمەر و کەناڵی (LBC) درۆیان کرد .

## هەڵەبجە

ویداد داوای لێکردم هاوڕێتی بکەم لەوەفدێکی ڕۆژنامەنووسی بۆ شاری هەڵەبجەی کوردی لەیادی ڕووداوە بەناوبانگەکەی (ئەنفال) ، چونکە کوردەکان ساڵانە یادی ئەو کارەساتەنە دەکەنەوە کەلەسەر دەمی نەیارەتیان بۆ ڕژێمی سەدام دووچاری بوونەتەوە ، لەو ڕۆژە کە بڕیار بوو گەشتەکەمان بکەین ، نزیکەی بیست و پێنج ڕۆژنامەنووسی عێراقی لەگەڵ ئامێرەکانی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەنووسی بە فڕۆکەیەکی کۆپتەری ئەمریکی بەڕێکەوتین ، هەندێ لەو ڕۆژنامە نوسانە لەیادم بێت بۆ نموونە (علیاء البیاتی ، أحمد جبر ، أحمد الربیعي ، کاظم البهادلی) کە زۆربەیان لە ڕۆژنامەنووسە گەنجەکان بوون کە زۆرپەرۆش بوون بۆ کارەکەیان

فڕۆکەکە دەستی کرد بەفڕین بە ئاسمانی نیشتمانی بریندار ، کە باشوری وڵاتی شیوەن دەکات و ڕۆژئاوای گری گرتووە و ناوەڕاستی لەسەرەمەرگدایە و باکوریشی ئاهەنگ دەگێڕێت ، بەڕاستی ئەمە پانۆرامایەکی کەم وێنەیە لەمێژوودا (ولله في خلق شؤون) .

هەوڵمدا لەناو فڕۆکەکە لە نزیك شوێنی ویداد دابنیشم تاوەکو لەم کاتی تەنهاییە هەندێك لەو زانیاریە بەنرخانە وەربگرم کەلەسەریدا حەشاری داوە .

کاتی گفتوگۆکردن هات ، سەرەتا ویستم بەخوێندنەوەی بورجەکەی کە (الجوزاو) بوو، دەست پێبکەم چونکە ویداد لەدایکبووی (٥/٢٩) ە تاوەکو هەندێ لەو پەیوەندیەی لەگەڵ بریمەر دا هەیەتی دەستم بکەوێت . چونکە هەموو شتێك بۆ من دیرێکی تازەیە لەم کتێبەدا ، وە من شەوی پێشوو زۆربەی سایتەکانی ئەنتەرنێت گەڕام بۆ پێشهاتەکانی گەردوون ناسی بۆ لەدایك بووی (بورجی جوزاو) بۆ ئەوەی ئامادەبم بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە ئافرەتانانەی کە بەردەوام خولیایەکی ئافرەتانەیە . ئایا خۆشی دەویێم یان نەو....؟ دوای ئەوەی هەندێ لەو پێشهاتانەم پێدا کە ئەو ئالودەی ببوو ، یەکسەر پرسیارێکی کتوپڕم دەربارەی بریمەر ئاراستەی کرد بەم شێوەیە :

محەمەد: بورجەکەت هەنگوینە لەم دوو ڕۆژەی داهاتوو ، هەواڵی جەنابی باڵوێز، چۆنە لەگەڵتا ؟

ویداد: (سەیری کردم دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی درێژ ، دەستیکرد بە ووتنی چەند ووشەیەکی بەجۆش و فرمێسکی بێ گریان ) ، خێوی ژنەکەی لەگەڵیدایە لە هەر شوێنێك بێت ، لەگەڵ ئەوەی کە من دڵنیام لە خۆشەویستی ئەو بۆ من ، وەدەبینم لە نێوباوەشمدا دەتوێتەوە لە کاتی پێکەوە بونمان ، بەڵام ئەو هەرباسی ژنەکەی دەکات (فرانسی دوما) کە سایەتیەکی بەهێزوو خاوەنی حیکمەت و ژیری و ......و .....و ..... لەگەڵ ئەوەی کە دەزانێت ئەمە من بێزار دەکات وەك هەموو ئافرەتێکی تر لەم جیهانە ( من کە ووتووێژم لەگەڵ دەکرد لە دڵی خۆمدا دەم ووت پێویستە بە ووریاییەکی ڕۆژنامە نووسانەهەموو ئەو زانیاریانەی لایەتی وەربیگرم ، چونکە ئەو وادەردەکەوێت ئامادەیی تێدایە هەموو درێژەی ژیانیم بۆ بگێڕێتەوە بەرامبەر بەو پێشهاتە ئارام بەخشە

گەردوونیانەی سەبارەت بە پەیوەندی دوا ڕۆژی لەگەڵ بریمەردا، بەڵێ منیش لەکاتی ووتوێژمدا لەگەڵ ویداد دەچوومە سەر درێژەی ئەو پەیوەندیەی کە کۆیان دەکاتەوە لەگەڵ جەنابی باڵوێزی عەوداڵ لەنێوان ڕابردوو ئێستا و داهاتوو دا تاوەکو ڕۆژێك بەم شێوەیە کە ئێستا دەیخوێننەوە بیخەمە بەرچاو )

محەمەد : لەوانەیە بیەوێ بەم پێوەرە پێگەیەشتنی ژیریت بپێوێت ، چونکە زۆرێ لەپیاوان دەیانەوێت غیرەی ئەوانەی خۆشیان دەوێن بجوڵێنن و بەمەش تام وچێژ وەردەگرن ، وەهەروەها بریمەر ناتوانێت پاش چەند ساڵ هاوسەری وا بەئاسانی ژنەکەی لەبیر بکات ، پێویستە تۆ زیاتر ئارام بگریت ، چونکە ئەو پیاوە لەتەمەنی (٦٠) ساڵیدایە و تۆش دەزانیت قەناعەت کردن بەو کەسانە لەم تەمەنەدا کارێکی گرانە .

ویداد : بەڵام باش دەزانم بۆچی لەم ڕۆژەی دوایدا بەردەوام باسی دەکات .

محەمەد : ئەگەر هۆکەی بزانیت سەرسوڕمانی پێ ناوێت !

ویداد: ئەو بەردەوام پەیوەندی پێوەدەکات بەمەبەستی وەرگرتنی ئامۆژگاری و ڕاوێژکردن چونکە بریمەر ئێستا لەگێژاوی داواکاریەکانی سەرانی ئەنجومەنی فەرمانڕەواییدایە ئەو ئەنجوومەنە کە لەناوەوە پچڕ پچڕە بۆ نموونە کوردەکان داوای کەرکوك دەکەن وەك کەسێك وان (جنۆکە) یە سوار پشتیان بووبێت ناوی (فیدراڵی) بێت ، وە شیعە و سوونە بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکەن کلکێك وەردەنە ناو داخوازیەکانی کوردەکانەوە . لەگەڵ ئەوەی شیعەو سوونە بەردەوام جیاوازن لەنێوان خۆیاندا لەسەر بابەتی ڕیشەکێش کردنی بەعس و چەمکی تێرۆر و هەندێ شتی مێژوویی ، بەڵام ڕێکن لەسەر کەرکووك لەوانە یە بۆ ئەوەبێت وەك کارتێکی فشار بەکاری بهێنن لەوتوێژی داهاتوویان لەگەڵ کوردەکان ، وە ئەیاد علاوی بەدەست هەندێ گرفتی سیاسیەوە دەناڵێنێت . هەرچەندە ئەو هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمریکایە ، وە کێشەکانی (چەلەبی)

تەواو نابێت . وە موقتەدا و فەلوجە و ضاری و قاعدە و زەرقاوی . بوونەتە مایەی سەر ئێشەیەکی درێژخایەن بۆی ، وە ئیتر باسی ئەو شەرمەزارییە دیبلۆماسیە مەکە کەڕووبەڕووی دەبێتەوە لەئەنجامی ئەو بێ ڕێزیەی سەربازە ئەمریکیەکان ئەنجامی دەدەن بەرامبەر گیانی خەڵکی لێرەو لەوێ ، وە ئەو ئابرۆچونانەی کە ڕاگەیاندنەکانی عێراق و عەرەبی و بێگانە بڵاوی دەکەنەوە لەئەنجامی هەموو ئەمانە دەبینم وەك منداڵێکی بچووك گاگۆڵکێ دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بە هاوسەرەکەیەوە ، وە هەندێ جار داوای ئامۆژگاری لە منیش دەکات ، بەڵام هەست دەکەم زۆر بڕوایی بە بۆچوونەکانم نیە بەڵام لەبەر بریندارنەکردنی هەستم نایدات لە ڕووم .

محەمەد : پێویستە هەوڵ بدەیت لەیاریەکە زیاتر تێ بگەیت ، لەوانەیە ڕۆژێك بێت تۆ ببیتە ئەو هاوسەرەی کە بریمەر بەگاگۆڵکی بێ بۆلات ، چونکە ئەم پیاوە نقومی خۆشەویستیت بووە ، پاشان تۆش ئافرەتێکی سەرەنج ڕاکێش و جوانی ، وە پیاوی عاشق بە سروشتی نێرینەیی ڕەفتار دەکات لەگەڵ خۆشەویستیەکەی ، ئامۆژگاریت دەکەم کە گرنگی پێبدە وەك مرۆڤێك ئەمە ئەو هەستە ی لادروست دەکات زیاتر لێت نزیك ببێتەوە .

ویداد : هەوڵ دەدەم .

محەمەد : ئەو تۆی خۆش دەوێت و باوەڕناکەم دستبەردارت بێ بە ئاسانی وەهەروەها ناتوانێ تۆ لەبیربکات چونکە ئافرەتێکی جوان و زیرەکیت بە شێوەیەك کە پیاوان خۆیان بەدواتا بگەڕێن وە بەختت لە پێشهاتە گەردوونیەکان لە باشترین کاندایە تۆش ئەم هەلە لەدەست مەدە ، .

ویداد : سوپاس ئەمە دەزانم ، (ئەمەی بەگاڵتەوە ووت) ئینجا هەردووکمان تۆزێك پێکەنین ، وە دەستمان کرد بە ووتوێژ لەسەر زۆر شت بێجگە لە بریمەر ، لێرەدا بەتەواوی بۆم دەردەکەوت کەویداد بریمەری خۆش دەوێت بەهەمان

پلەی خۆشەویستی بریمەر بۆ ئەو کەلەهەڵس و کەوتیدا دەردەکەوت. بەڵام هەردوولا بە دووڕێگای جیاواز ، ویداد بەدوای دواڕۆژێکی سەرۆکانە دەگەڕا کە بەبێ بریمەر بەدەستی نەدەهێنا ، وە ئەویش بەدوای جوانێکی ئاشوریدا دەگەڕا کە لەکەسایەتی ویداد دا هەبوو، پاشان هەندێ نوکتەی سیاسیمان ئاڵوگۆڕکرد ، من ئەوەم بۆ گێڕایەوە کە لەناو خەڵکیدا باوە لەو نوکتانەی کە ڕەخنە لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوا و بریمەر دەگرێن ، ویداد کاتێ گوێی لەم نوکتانە دەبوو زۆر پێدەکەنی ئەویش ئەو نوکتە سەرۆکانەی بۆ دەگێڕامەوە کە بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەیبەخشێنێتەوە بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوا دا لە هەموو کۆبوونەوەیەکداو بەبێ بەرامبەر بە بۆنەو بەبێ بۆنە بریمەریش لەساتەکانی بەیەکگەیشتنی عاشقان بۆ ویدادی دەگێڕایەوە ، کە بەردەوام لە زۆر بووندابوو ، بەهۆی ئەو فشارە زۆرە سیاسیە ناوخۆی و دەرەکیانەی لەسەر بریمەر هەبوو لە عێراقدا . هێشتا ئەوەی لەگیرفانمدا بوو لەنوکتەی تازەو کۆن و بەکارهاتوو بەتاڵمان نەکردبووەوە یەکێك لەو سەربازانەی کەیاوەرمان بوو ووتی ئەوە گەیشتینە گوندی هەڵبجەی کوردی لەباکوری عێراق .

## سێ ڕۆژی هەنگوینی

هەموو دابەزین و شوێنەکە پڕبوو لە لافیتە کە زۆربەی بەزمانی کوردی نوسرابوو. لەناوەڕۆکدا دروشمی ڕەگەز پەرستی سیاسی بوو ، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئاڵای کوردستان و هەردوو حزبە سەرەکیەکە هەڵکرابوو ، بەڵام ئاڵای عێراق بوونی نەبوو ، تەنها چوار لافیتە بەرچاو کەوت کە بەزمانی عەرەبی نوسرابوو زۆر لاواز بوو ، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون بوو لەسەر ئەوەی گرنگی بەمیوانە عەرەبەکان نادرێت وە لەبنەڕەتدا هاتنیان نەخوازراوە .

ئەوەی لەپێشوازیماندا بوو نوێنەری هەردوو حزبە سەرەکیەکە بوو لەباکوری عێراق (یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات) دوای گۆڕینەوەی بەخێرهاتن بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی گەنجێکی بیست ساڵە لێمان هاتە پێش کە ناوی ئیسماعیل تاڵەبانی بوو تاوەکو باسی ئەو دەرئەنجامە مرۆیی و دەروونی و مادیەمان بۆبکات لەکارەساتی ئەنفالدا ڕوویداوە، هەندێ جار زیادەڕۆیی تێدادەکرد و هەندێ جاریش بەویژدانەوە ، وەك باران قسەی ناشرینی بەصەدام و عەرەب دەوت بەزمانی کوردی و ئینگلیزی، ئەمەوای کرد ڕۆژنامە نوسەکان هەڵوێست وەربگرن و داوای لێ بکەن کە گرنگی بەئەرکەکەی خۆی بدات ، وە هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ئەمە سنورشکاندنە و لەڕاگەیاندنە جیاوازەکانەوە بلاٌوی دەکەنەوە ، ئەویش هەڕەشەکەی بەلێشاوێك لەهەڕەشە و ترساندن وەلاٌم دایەوە ، ڕووداوەکە لەپەرەسەندنابوو تا پیاوێکی ٤٠ ساڵە بەناوی کاکەحەمە هات و ئاوی کرد بەسەر ئاگرەکە (لەپاشاندا بۆمان دەرکەوت ئەو کەسە ئەفسەرێك بوو لەپێشمەرگەی کوردەکان) ، ناچار ویداد داوای لێ کردین بگەڕێینەوە بۆ ناوفڕۆکەکە بە ئاماژەیەکی سەربازانە ، ڕۆژنامەنووسەکانیش بەفەرمانەکەی بەڕێز ڕاوێژکار یەکسەر گەڕانەوە ناو فڕۆکەکە . تا وای لێهات هەڵوێستەکە بەقازانجی ئێمە شکایەوە دوای ئەوەی ویداد چەند ناسنامەیەکی فەرمی کەلەسوپای ئەمریکیەوە دەرچووبوو دەرهێنا کە ئەمە هاوتای فیشەکی بەزەیی بوو درا لە سەرکەشی لێپرسراوانی مەراسیمی یادکردنەوەی هەڵەبجە .

ویداد زۆر چاوەڕوانی نەکرد بەتەلەفۆنە( سورەیا) کەی وەك سوارێك لەگەرمەی جەنگدا شمشێرەکەی هەڵگرێت پەیوەندی کرد بەژمارەی تایبەتی بریمەر، دوای زانیم کە بریمەر دوو ڕۆژە لەباکوری عێراقە هاتووە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی کە لەنێوان مەحمود عوسمان و کریم ماهود دروست بووە لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەندا ، ئەم دووانە وەك هەمووان دەزانن لە لێدوانەکانیاندا توندو تیژن و

هەواڵنامەی کتێب

پەیوەستن بەوەی لە مێشکی گەورەکانیاندا دەجولێت کە گەورەکانیان زۆربەی کات بەکاریان دەهێنن تا بەردیان پێ فڕێ بدەنە ناو ئاوی لێڵەوە . وەهەروەها سەردانەکە چەند مەبەستێکی تری سیاسی و بازرگانی هەبوو لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بارزانی بەهەرحاڵ دوای ئەم پەیوەندیە تەلەفۆنیە شێوازی مامەڵەی لێپرسراوانی ئەم مەراسیمی یادکردنەوەیە (١٨٠ ) پلە گۆڕا لەگەڵماندا ، ئێمە هێشتا کامێراکانمان دانەمەزراندبوو بۆ ئەوەی وێنەی ئەو یادەوەریە بگرین سێ فڕۆکەی کۆپتەری ئەمریکی لەنزیکمان نیشتەوە و کۆمەڵێك بەرپرسی سەربازی و مەدەنی ئەمریکی هەڵگرتبوو ، لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی و هەندێ کەسایەتی سیاسی ناودار ، ئاهەنگەکە کۆتایی هات بەهەندێ ووتار و لێشاوێك لەماچ کردن لەنێوان برا دوژمنەکانی سیاسەتدا .( خوا ئێمەش و ئێوەش پارێزراوکات لەچوونە ناو دالأنێ کە کۆتایی نایەت) ، گەڕاینەوە بۆ بەغداد کە بە دەیەها پۆستەرو وێنەمان لەگەڵ خۆمان هێنا و بریتی بوون لە دروشمی ڕەگەز پەرستی ئێمەش هەر لەناو فڕۆکەکە زۆربەیمان دڕاند و ورد وردمان کرد و لەفڕۆکەکەوە فڕیماندایە سەرخاکی ووڵات و گەڕاینەوە بۆ بەغدادی غەمبار بەڵام بەبێ ویداد فرەنسیس .

پاشماوەیەك لەخۆیم بیست کە ئەو لەهەڵەبجەوە چووە بۆلای خۆشەویستی دڵ بریمەر لە نێو باوەشی سورشتی جوانی باکوری ووڵات ............

دوای ئەوەی گەڕاینەوە بۆ بەغداد هەوڵمدا پەیوەندی تەلەفۆنی بکەم لەگەڵ ویداد بەڵام بۆماوەی سێ ڕۆژ پەیوەندیم لەگەڵیدا پچڕا ، دوای ئەوە لەویداد خۆیم بیست کە ئەو سێ ڕۆژەی لەگەڵ بریمەر لەسلێمانی بەسەر بردووە لەمیوانداریێتی بەڕێزمام جەلال تاڵەبانی کە ڕۆژگارێکی جوان و خۆش بووە، بەپێی قسەکانی ویداد بریمەر وتویەتی بەڕاستی باکوری عێراق لەجوانترین ئەو

جێگایانەیە کە سەردانی کردووە لە ژیانیدا . وە ئەو برێمەر هەوڵدەدات ئەم باکورە بخاتە ژێر دەستی کەسێکی ئەمین کە لەعێراقی جیای نەکاتەوە ، بریمەر لەمیوانداری تاڵەبانیدا بووە بەڵام ڕۆژانە پەیوەندی لەگەڵ بەرزانیدا دەکرد تەنانەت لەماوەی ئەو (٣) ڕۆژە دووجار سەردانی بەرزانی کردووە ، چونکە کاك مەسعود بەرزانی لەلای بریمەر بەکلیلی کوردەکان دەژمێردرا ، لەگەڵ ئەوەی کە تاڵەبانی سەرکردەیەکی سیاسی جەماوەری خۆشەویستە بەڵام بارزانی بەخەباتی مێژوویی درێژخایەنی بنەماڵەکەی بەهێزە ، وەهەروەها بارزانی لەئیسلامیە میانڕەوەکانی کوردستان نزیکە ، زیاتر لە تاڵەبانی بەپێی بۆچوونی جەنابی سەفیر بریمەر . ویداد باسی میوانداری ئێوارەخوانێکی زۆر گەورەی بۆ کردم لەماڵی مەسعود بارزانی کە بریمەر گۆشتی ئاسك و هەندێ خواردەمەنی کوردەواری تێدا خواردووە وە سێ گلاس ماستاوی هەولێری خواردوەتەوە . لەکاتی گێڕانەوەی درێژەی ئەم مێوانداریە ویداد پێدەکەنی . چونکە لێردا نوکتەیەکی جەلال تاڵەبانی بیر کەوتەوە کە بۆ دڵنیاکردنی هاوڕێکانی لەئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لەعەرەبی شیعەو سووننە . وتبووی کوردەکان بیر لە جیابوونەوە ناکەن چونکە ناوەڕاست و باشوری عێراق بازارێکی نایابە بۆ فرۆشتنی ماستی هەولێر ، لەم سەردانەدا بریمەر دانشتنێکی داخراوی لەگەڵ مەسعود ئەنجام دا کە تەنها کەسێکی جولەکە نەبێت ، کەسی تر ئامادەی نەبوو ئەم جولەکەش هەڵگری ناسنامەی ئەمریکی یە و لە بنەڕەتدا عێراقیە و نزیکەی دەساڵە لەباکوری عێراقدایە و ناسراوە بە داود حلیان ئەم داود حلیانە لەکاتی نان خواردنەکەدا لەگەڵ ویداد دا کە وتبووە گفتوگۆ . ووتبووی من بازرگان (رجل أعمال)م دەمەوێ گوندێکی گەشت و گوزاری زۆر گەورە لەباکوری عێراق دروست بکەم وە ویداد یش درێژەی هەندێ شتی

هەواڵنامەی کتێب

دەربارەی ئەو وەرگرتبوو . چوونکە پیاوێکی زۆر بلّیّ و خۆهەڵکێش بووە ، وە لەقسەکانی ویداد وادەرکەوت . کە داود سەرسام بووە بەجوانی ویداد .

دوای کۆتایی هاتنی ئەم کۆبونەوە سیّ کەسیە ئەوەی تیایدا باس کرا هیچم لیّ نەزانی چونکە بریمەر لەگەڵ ویداد باسی نەکردبوو ، زیاتر سەرقاڵ بوون بە قسەی عاشقانە بەرامبەر بەیەك . پاشان ئەم دووعاشقە باکوری عێراقی ئارامیان بەجێهێشتوو گەڕانەوە بۆ بەغدادی گڕ گرتوو ئەو بەغدادەی کە لەسەردەمانی ڕابردوو ناسراو بوو بە (دارالسلام) .

## تیرۆرکردنی هاشمی

ڕۆژی تیرۆرکردنی (عەقیلە هاشمی) ڕۆژێکی زۆر سامناك بوو بۆ ویداد ئەو زۆر تیایدا گریا ، گریانەکەی بۆخۆیشی بوو کە چ دوا ڕۆژو داهاتوویەکی وون و نادیار چاوەڕێی دەکات زیاتر لەگریانی بۆ ئەو هاوڕیّ خۆشەویستەی کە ئەم هۆکاری هێنانی بوو بۆ ناو ئەم جەنگە ترسناکە .وە جارێك زۆر بەغەمباریەوە ووتی من بوومە هۆی کوشتنی . هەروەها ویداد پێشبینی ئەوەی دەکرد کە شیعەکانی نا و ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی (عەقیلە هاشمی ) یان کوشتبێت چونکە لە زۆر هەڵوێست و بیر و بۆچوونی هەستیاردا پێچەوانەیان بووە ، وای بۆ دەچووم ئەمە لەو کاتەدا دەرئەنجامێکی سۆزداریەو شیعەکانی پیّ تاوان بار دەکات .

بەڵام دواتر باسی کرد ئەمەی لەبریمەر بیستووە ، ئیتر هەر لەیەکەم ڕۆژی پێکانی بەڕێز (عەقیلە هاشمی) ویداد دڵنیا بوو کە جارێکی تر ناگەڕێتەوە ژیان چونکە پێکانەکەی ترسناك بوو بەگوێرەی سەرچاوە پزیشکیە ئەمریکیەکان ، هەروەها ئەوەی بەسەر (عەقیلە هاشمی ) دا هاتبوو کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر بریمەر لەو کاتەی لەگەڵ ویداد دا دەربارەی (عەقیلە هاشمی) ووتووێژمان

دەکرد چەند ووشەیەك بەپەلە لەدەمی دەرچوو کە ووتی : من بەدرێژایی ئەو شەوە گریاوم و بریمەریش دڵنەوایی کردووم لە کۆشکی سەرۆکایەتی ....

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ویداد ئەو شەوەی لەگەڵ بریمەر بەسەر بردووە لەکۆشکی سەرۆکایەتی (بێ توانج) لەپاش ئەم ڕووداوە بریمەر ژمارەی سەربازە پاسەوانەکانی ویداد (بیتی) زیاد کرد ، وە ٣ نیپاڵی دانا بەپاسەوانی تایبەتی کە هەریەکەیان ماوە ماوە لەگەڵیدا بوون لە ٢٤ کاتژمێردا وە ئەوانە کرێ گرتە بوون. پاش ماوەیەك مردنی هاشمی ڕاگەیاندرا بەهۆی سەختی برینەکانی، ئیتر بریمەر کەوتە ژێر فشارێکی شیعی گەورەوە تا (سلامە خەفاجی) لەجێگای دابنێن ، بەگوێرەی قسەی ویداد لەگەڵ ئەوەی بریمەر زۆر حەزی لێنەدەکرد چونکە شیعەیەکی دەمارگیری توندڕەوە ، بەڵام لەئەنجامی گرێبەست و مامەڵەیەك لەگەڵ شیعەکان لەسەر چەند کاروبارێکی سیاسی ئێستاو داهاتوو ڕازی بوو، ئەمە بە پێی قسەکانی ویداد کە زۆر حەزی بەخەفاجی نەدەکرد سەرەڕای ئەوەی خەفاجی لەگەڵی بەخشندە بوو .

## بریمەر داخوازی ویداد دەکات

پەیوەندی نێوان ویداد و بریمەر قاڵبێکی خۆشەویستی وەرگرتبوو، چونکە بریمەر کاتی ڕۆیشتنی نزیك ببوو بۆیە پێویستی بە خۆشەویستی و ڕۆمانسی یەتی ویداد هەبوو زیاتر لە ڕاوێژکردن و دانایی (فرەنسی) هاوسەری ئەمە وای لەبریمەر کرد گەشتێکی کتوپڕ بکات بۆ ووڵاتی کوەیت بە هاوەڵی ویداد، لەدوایدا بۆم دەرکەوت ئەم گەشتە بۆ پشودان و کاتێکی خۆش بەسەربردن بوو لە خۆشەویستی و ڕۆمانسی ، چونکە بریمەر پێویستی بەباوەشێکی گەرمی ئاشوری بوو بۆ ئێسقانە بەتەمەنەکانی کە ساڵانی کاری سیاسی ماندووی کردبوو. ئەمە هەستێکی جوانە بە ژیان و تام و چێژەکانی وەهەر لەو جێگایەدا

ئەم دووعاشقە خاڵەگوڵینەکانی سەر پیتەکانی چیرۆکی خۆشەویستیان دادەنا ، ئەو خۆشەویستیە یەی کە لەناوەڕاستی مەرگ و خوێن و وێرانکاری پەیدابوو وە یەکەم هەنگاوی مام بریمەر بۆ دواڕۆژی هەردوکیان ئەوە بوو بەتەلەفۆن داخوازی ویدادی کرد لەدایکی (مرکریت باسل) لە بەغدادو لەناوچەی سەوز ، بە پێی قسەی ویداد دایکی زۆر بەگەرمی پێشوازی لەم داواکاریە کرد و ڕەزامەندی نیشانداو هیوای خواست کە جەنابی سەفیر بۆڵ بریمەر زاوایەکی فەرمی بێت بۆ عێراق و مەسیحیەکان بەتایبەتی .

پاشان هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی ویداد و خێزانەکەی بچنەدەرەوەی عێراق تاوەکو دوو دەزگیرانەکە ئامادە سازی هاوسەرگیریان تەواو بکەن ، ئەوە بوو پاش ماوەیەك ئەمە ڕوویدا . وە لەدوا پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان من ویداد ، هەستم بەساردیەك کرد کە تەنها چەند ووشەیەکی دەربڕی لەسوپاس و پێزانینی بەرامبەر بە من ئەمە سروشتی ئافرەتە کاتێ ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازێ دەستی کەوێت ئیتر هەموو ئەوانە لە بیر دەکات کە یارمەتیان داوە بەهەرحاڵ مەرج نیە هەموو کچەکانی حەوا وەك یەك بن .

هەروەها منیش بەوەفا نەبووم لەو ڕاسپاردانەی کەدەستم کەوت وەك هاوڕێیەك، چونکە منیش پلانی ئەوەم داڕشتبوو کە ئەم ڕاستیانە ئاشکرابکەم ، وەمن لەو کاتانەدا مەترسی ئەو ڕۆژەم لەدڵدا بوو کە ناچار دەبم پەیوەندی لەگەڵ ویداد ببچڕم وەك گوێگرێك بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی دەستم کەوتووە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی پەیوەندیەم لەگەڵیدا هەبوو .

ویداد : محەمەد ئەوەی پێشبینیم دەکرد ڕوویدا ، بەتەلەفۆن لەگەڵ دایکمدا داخوازی کردم لەداهاتوودا دەبینە هاوسەری یەکتر ، سوپاسی هەموو ئەو هاوکاریەت دەکەم هەتا ماوم ئەو هەڵوێستە جوانانەی بەرامبەر بەمن هەتبوو لەبیری ناکەم (تێبنی یەك : بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی بریمەری نەبرد) .

هەواڵنامەی کتێب

محەمەد : ئەمە هەواڵێکی گەورەو خۆش بوو پێم نەووتی ئەو دەستبەردارت نابێ .... ئەو پیاوە کەوتۆتە ناو دەریای خۆشەویستی تۆ وە تاماوە لێ ی دەرناچێت .

ویداد : محەمەد تکات لێ دەکەم ئەوانەی باسمان دەکرد بانهێنیێ بێت لەنێوان هەردووکماندا .

محەمەد : کەی دەتگوازێتەوە ؟ (تکام وایە تێبینی ئەوە بکەن کە من پەیمانم پێنەدا ئەمە وەك نهێنیێ بمێنێتەوە) .

ویداد: کاتی تەواو بوونی هەندێ کاری تایبەت بەئەوەوە ، وەهەرکات جێگێر بووین پەیوەندیت لەگەڵ دەکەم .

محەمەد : لەچی جێگایەك جێنشین دەبیت ؟

ویداد: ئێستا دەچین بۆ ئوردن پاشان لەسەر ئەو جیگایە ڕێك دەکەوین بەلاَم بەڵێنی پێداوم کە زۆر نەخایەنێت . خوات لەگەڵ .

محەمەد: خوات لەگەڵ .

دوای ئەم پەیوەندیە بە بیست ڕۆژ ویداد پەیوەندی لەگەڵ کردم بەتەلەفۆنێك کە ژمارەکەی لەلام دەرنەکەوت . پێی ڕاگەیاندم کە دڵ خۆش و بەختەوەرە، داوای لێ کردم ژمارەی تەلەفۆنی هاوڕێ ڕۆژنامە نووسەکەم باشووریەکەمی بدەمێ منیش پێمدا بێ ئەوەی درێژەی پێبدەین پاش ئەوە پەیوەندیم کرد بەهاوڕێکەمەوە تا هەواڵی ئەم پەیوەندیەی ویدادی پێ ڕابگەیەنم ، پاشان زانیم کە ویداد داوای لەو هاوڕێیەم کردووە کە لەجیاتی من بەڵێنی بداتێ ئەوەی کە دەیزانێت بە نهێنی بمێنێتەوە و ئاشکرای نەکەین ، تاوەکو ئەو زانیاریانە کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندی ویداد و جەنابی سەفیری عاشق نەبێت ، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە ئەوان لەسەروبەندی هاوسەرگیریدان بۆیە هاوڕێکەم لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی پێدابوو ، وەهەروەها بەڵێنی پێدابوو کە لەگەڵ منیش

هەواڵنامەی کتێب

قسە بکات لەسەر ئەو بابەتە ، ئەوە بوو هاوڕێکەم لەسەر ئەوە قسەی لەگەڵ کردم ووتم هەوڵ دەدەم بەگوێرەی توانا دەست بگرم بەسەر حەزە ڕۆژنامەنووسیەکانمدا ، ئیتر هیچ بەڵێنێکی ترم پێنەدا ئەویش هەندێ دڵنیایی بۆهات چونکە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ناڕەحەتیەکانی ژیان و پێویستی یەکانی هەندێ داناییان پێ بەخشیبم . لەو کاتەوە بەردەوام من لە هەوڵی دامرکاندنەوەو کپ کردنی حەزە ڕۆژنامەنووسیەکانم دابووم ، بەڵام ئەوا لێرەوە لەڕێگای ئەم کتێبەوە بە هاوڕێکەم دەڵێم بۆم دەرکەوت کە ئەم کپ کردن و دامرکاندنەوەیە بۆ سنوردار کردنی ئارەزووە ڕۆژنامەنووسیەکانم کاتی یەو نەم توانی بەسەریدا زاڵ بم ، ئایەوەتا کتێبەکە دەکەوێتە بەردەست بۆ ئەوەی هەموو جیهان بیخوێنێتەوە ، ئەو لاپەڕانەی کە بریمەر لە کتێبەکەی ( My Year In Iraq ) ی خۆیدا هەڵیگرتووەو باسی نەکردووە .

## نور فرەنسیس

پاش نزیکەی ساڵێك لە خواردنگەی (صمد) لەناوچەی مەنصور دانیشتبوم ، کەیەکێکە لەخواردنگەکە بەناوبانگەکانی بەغداد ، لەو کاتەی خەریکی خواردنەوەی چای بەغدادی بەهێلەوە بووم ، هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەباشووریەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم چونکە پەیوەندیمان زۆر پتەو بوو لەکاتێکدا ئێمە لە پیشەیەکدا کار دەکەین کە لەعێراقدا بەپیشەی مەرگ ناسراوە ئەویش ڕۆژنامەنووسیە ، ووتی ئێستا لەگەڵ نور فرەنسیس دانیشتبووم ، ئەم ووتەی هاوڕێکەم دڵی بردم و گەڕامەوە سەر لەنوێ بۆ چیرۆکی ویداد و بریمەر چەنکە من باش دەمزانی نور فرەنسیس کێیە ! خوشکی بچوکی ویداد بوو ، هەر بەدەم چای خواردنەوە لەسەر مێزەکە ئەو جێگایەی کە ئەوان لێی دانیشتبوون نووسیم، منیش زۆر بەپەلە کەوتمە ڕێ بۆ ئەو جێگایە تەنها مەگەر خوا خۆی

هەواڵنامەی کتێب

بزانێت بەچەند ڕێگای نایاسایی هاتووچۆم کردبێت لەو بیست خولەکەی تاگەیشتم و یەکسەر لەسەر ئەو مێزە دانیشتم کە ئەوانی لێ دانیشتبوون نورو شادی دەزگیرانی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئوردنیە و هاوڕێ ڕۆژنامە نووسەکەم پاش بەخێر هاتن و هەواڵ پرسین چونکە ناسیاوێکی باشم هەبوو لەگەڵیدا وە من زۆر سەردانی ویدادم دەکرد ئەو کاتەی لەماڵی خۆیاندا لە ناوچەی سەوز پرسیارەکانم لەزمانەوە بۆ گوێیەکانی وەك هاژەی ئاوی تاڤگەکان وابوو .

محەمەد : سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتن کەی گەڕایتەوە عێراق ؟

نور: دوو ڕۆژە ، کۆتایی ئەم هەفتەیە دەگەڕێمەوە .

هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم : دەنگ و باسی ویداد ؟

نور : پێکەنی و سەیری دەزگیرانەکەی کردوو ئینجا ڕووی کردە من و ووتی ویداد نقومی هەنگوینە .

محەمەد : ئێستا لەکوێیە ؟

نور : بەپێکەنینەوە ئێوەی ڕۆژنامەنووس نهێنیتان لاباس ناکرێت .

هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم : دەنگ و باسی جەنابی سەفیر چۆنە لەگەڵیدا ؟

نور : باشە جارجارە سەردانی دەکات .

محەمەد : ئایا گواستوویەتیەوە ؟

نور: ئەمە کاروباری تایبەتیە .

محەمەد : بەڵام پێمان خۆشە بەشداری خۆشی و ئاهەنگتان بین .

نور : سوپاس ژیانمان ١٠٠٪ باشە (نور نەیدەزانی کە من هەمو شتێك دەزانم دەربارەی ئەو پەیوەندیە کە لە نێوان ویداد و بریمەر دا هەیە چونکە ویداد ئەم شتانەی لاباس نەدەکرد و خۆی بەبەرپرس لەئەمیش و دایکیشی دادەنا ، وەنور وایدەزانی ئێمە بەس بوونی پەیوەندیەکە دەزانین نەك هەموو درێژەی پەیوەندیەکە) .

هەواڵنامەی کتێب

محەمەد : حاڵی دایکت چۆنە ؟

نور : لەکەن ......... دایە ( بەپەلە وەستا بەلاّم مەبەستی کەندا بوو بەدڵنیایەوە ) .

تورەبوو ووتی ئەمە پرسیاری هەواڵگیریە ؟ دایکم باشە . رێگەمان بدەن ئێمەدەڕۆین .

نەدەکرا ئەم هەلە لەدەست بدەین بۆیە هاورێکەم ڕێڕەوی دانیشتنەکەی گرتە دەست و هێوری کردەوە و پێی ڕاگەیاند ویداد زۆر جار کاری رۆژنامەنووسەکانی ئاسان دەکرد لە عێراقدا لەکاتی فەرمانڕەوایی جەنابی سەفیر بریمەر بۆیە ئەوان پرسیاری دەکەن ، لەهەڵچوونی هاورێکەم ببورە ( لەم کاتە دا لەناخەوە زۆر سوپاسی هاورێکەم دەکرد کە ڕزگاری کردم وە ئەوەی هەڵچوون و خۆبردنە پێشەوەکەی من تێکدا ئەو چاکی کردەوە ) دەرکەوت هەڵوێستی هاورێکەم بارودۆخی دانیشتنەکەی ئاسایی کردەوە ، پاشان دەزگیرانەکەی کە ناوی (شادی) بوو کۆمەڵێ ئامۆژگاری کردم دەربارەی چۆنێتی قسەکردن و تەکنیکی ووتوێژ لەگەڵ ئافرەتاندا ، منیش بە ناچاری وەرم گرت چونکە هەستم دەکرد من لەبەردەم نچیرێکی چەوردام کە هەندێ لە درێژەی چیرۆکەکەم بۆ تەواو دەکات کە ماوەیەکە لێی دوورم بەهۆی گەشتی ویداد بۆ وولاّتێکی تر .....

هاورێکەم کۆتایی هێنا بە ساتەکانی بێدەنگی بەلێشاوێك لە پرسیاری باو و تەقلیدی کە ئاراستەی دوو دەزگیرانەکەی کرد وەك بارودۆختان چۆنە و کەی ئاهەنگ دەگێرن ، کەوتینە نا و چەند باس و خواسێکەوە کە دوور بوو لە بریمەر و خۆشویستەکەی (هاوسەرەکەی)مەبەستم لە ستراتیژیەتێکی تازەدا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەرکات هەل ڕەخسا بگەڕێینەوە سەر خاڵی مەبەست (بیت القصید).

پێنج جار بەیەك گەیشتین لەگەڵ (نور فەرەنسیس) و دەزگیرانەکەی لەیەکێ لە کلێساکان و هەندێ ئۆتێل . کە چەند زانیاریەکی زۆری تێدابوو لەسەر چیرۆکەکەی ویداد و بریمەر ، کە بەم شێوەیە لەگەڵ ڕێزدا بۆتان دەگێڕمەوە .

- گەشتەکەی ویداد و خێزانەکەی بەفڕۆکەیەکی سەر بەسوپای ئەمریکی بووە بۆ دەرەوەی عێراق وەك وێستگەی یەکەم گەیشتنە ئوردن (تکام وایە پنتاگۆن و کۆنغرێسی ئەمریکی تێبینی ئەم خاڵە بکەن ) .
- بریمەر کۆشکێکی گەورەی لەیەکێ لەدورگەکان کڕیوو بۆ ویداد و خێزانەکەی بەپێی قسەکانی نور ی خوشکی ویداد لەگەڵ دایکی دا ماوە ماوە لەنێوان ئەو دورگەیەو کەنەدادا دەژین .
- بەهاوکاری بریمەر ویداد ڕەگەزنامەی کەنەدی بەدەست هێنا ، وە لەکۆشکێکی گەورەدا ژیان بەسەر دەبات کەماوە ماوە جەنابی سەفیر سەردانی دەکات ، وە نور دەڵێت ئەم دووعاشقە چاوەڕێی هەندێ کاروباری تایبەتین بەبریمەر تاوەکو هاوسەرگیریان ڕابگەیەنن (ئاخۆ بریمەر بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی دەکات بۆ ئەم ئاهەنگە ، وە ئایا سیاسەتمەدارە بەڕێزەکان بەدەنگ ئەم میوانداریەوە دەچن ئەمە تەنها وەك شتێك بەخەیاڵدا هات لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانە)
- بریمەر کۆمپانیایەکی گەشت و گوزاری دامەزراندوە لەکەنەدا بەسەرمایەیەکی زۆر گەورە ، کە هاوسەری داهاتووی بەڕێوەی دەبات .
- بریمەر لە عەممانی پایتەختی ئوردن شوقەیەکی گەورەی کڕیوە بۆ خوشکی خۆشەویستەکەی و شادی دەزگیرانی کەڕەگەزنامەکەی ئوردنیە ، وەك وەرگێڕێك لای هێزەکانی ئەمریکا کاری دەکرد .

- بریمەر ئەم پەیوەندیە بەنهێنی دەهێڵێتەوە لەترسی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ ئەوەی ناوی نەزڕێت و وێنەی ناشرین نەبێت لای ئەوانەی بەڕێزەوە تەماشای دەکەن ، ئێستا لەهەوڵی ڕاگەیاندنی ئەڵقە گۆڕینەوەدایە بۆئەوەی ببێتە پێشینەی ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەڵقە گۆڕینەوەو هاوسەرگیریە ڕوویداوە ، وە ئەوبریمەر پێش هەمووشتێ لەهاوسەرەکەی پێشووی جیادەبێتەوە .
- بەرهەمی ئەم پەیوەندیە خۆشەویستیە گەرم و گوڕە کچێك بوو کە ناونرا ڤینۆس و ناوی یەکێکە لەخواکانی بابلی کۆن ، ئەم ناوە ویداد هەڵیبژارد و بۆ بریمەری ڕوون کردەوە ئەویش زۆر بەدڵی بوو بە پێی قسەکانی نور و دەزگیرانەکەی .
- بریمەر تووشی نەخۆشیەك بووە بەڵام (نور فەرەنسیس) هیچی لەبارەیەوە نەووت ، بەردەوام بەشێوەیەکی نهێنی چارەسەر وەردەگرێت لەیەکێ لەنەخۆشخانەکانی کەنەدا .
- بریمەر بەنیازی نوسینەوەی کتێبی دووەمە لەسەر شێوەی گێڕانەوەی سۆزداری بە ناونیشانی (ویداد سحری ئاشوری) ، وە قازانجی ئەم کتێبە دەبەخشێت بەمندالآنی عێراق ، کە پێشتر مافەکانی دزین .
- وەمن یەکەم کەس بووم لە ڕاگەیاندندا بەشێوەیەکی سەر پێی لەسەر ڕۆیشتنی خۆشەویستەکەی بریمەر لە ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی نوسینێکم بلاّوکردەوە وە بۆ ئەوەی سەرم لەلاشەم جیاناکرێتەوە .... مامۆستا (إبراهیم خیاط) ناومی لەخوار هەواڵەکەوە نەنووسی . لەو کاتەشدا هیچ وەلاّم و بەرپەرچ دانەوەیەك لە بریمەرەوە دەرنەچوو سەبارەت بەو هەواڵە کە ئەمەش دەقی ئەو هەواڵەیە لەسەر لاپەڕەکانی حەیاتی لەندەنی بەرچاوکەوت ، و مەقالەیەکی تر کە بۆچوونە

جیاوازەکانی ڕۆژنامەنووسی عەرەبی دەخاتە ڕوو لەسەر ڕۆیشتنی بریمەر وەلەم مەقالەشدا ئاماژەیەك بۆئەو هەواڵە هەیە .

**خۆشەویستە عێراقیەکەی بریمەر لە پێش بریمەردا عێراقی بەجێ هێشت**

**بەغداد حەیات ٢٠٠٤/٦/٢٩**

عێراق بەبەردەوامی ئامادەیی دەبێت لەژیانی حاکمی ئەمریکی بول بریمەر، دوای ئەوەی دوێنێ بەپەلەعێراقی بەجێهێشت بەبێ مەراسیمی ماڵئاوایی و بەڕێکردن . ئەو سەرچاوانەی کە یاوەری بریمەرن لەم دواییەدا زۆر بەچڕی ئاماژە بەم هەواڵە دەکەن وەباس لەپەیوەندی سۆزداری بریمەر بەئافرەتێکی عێراقی تەمەن سی و پێنج ساڵە دەکەن . وەهەر ئەو سەرچاوانە باس لەوەش دەکەن کە ئەم ئافرەتە لەبەشی برۆتۆگوڵی سەرۆکایەتی لەسەردەمی صەدام حسێن کاری کردووە ، هەروەها دوای ڕووخانی ڕژێمیش لەسەر کارەکەی بەردەوام بووە ، توانی سود وەربگرێت لەو زمانە ئینگلیزیە ڕەوانەی کە دەیزانێت وە بیگەیەنێت بە ناسینی بریمەری تەمەن (٦٣ساڵ) . تالە ئەنجامدا پەیوەندیەکی سۆزدارانە لەنێوانیاندا هاتە کایەوە ، وە بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئاسایشی عێراق ئەم ئافرەتە و خێزانەکەی گواستراونەتەوە بۆ ناوچەی سەوز ئەمەش بەخششێك بوو کە تەنها بەر ئەوانە دەکەوت نزیك بوون لەدەسەلاَتی داگیرکەر .

وە سەرچاوە کان ئاماژە بەوە دەکەن سەرەڕای کەم دەرامەتی ئەم ئافرەتە بڕیاری داوە خێزانەکەی بگوازێتەوە بۆ عەممانی پایتەختی ئوردن و سێ ڕۆژ بەر لەئێستا بۆ نیشتەجێ بوون لەوێ لەنگەری گرتووە بۆ خۆ ئامادەکردن تا ئەو کاتەی دەگوازرێتەوە بۆ ئەمریکا ، وەلای هەندێ لەکەسە نزیکەکانی ئەوەی درکاندووە کە ئەم پەیوەندیە بەرەو هاوسەرگیری لەنێوانیاندا هەنگاو دەنێت .

وەلێرەدا تیشك دەخەینە سەرهەواڵی ڕۆیشتنی بریمەر لە ڕۆژنامە عەرەبیەکان.

## وەرگرتنەوەی دەسەڵات..

## ڕۆژنامەکانی عەرەب پێشوازی دەکەن و وریایی دەدەن

ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی نووسیبووی (ڕێ و ڕەسمەکە ماوەی ٥ خولەکی خایاندوە بەبێ ئاهەنگ گێڕان .. بریمەر لەبەڵێن نامەکەدا کەلەچەند دێڕێك پێك هاتبوو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی داگیرکەری ڕاگەیاندن و دوای دوو کاتژمێر لەڕێ و ڕەسمەکە عێراقی بەجێهێشت )

بەلاَم ڕۆژنامەی (الدیلی ستار) ی لوبنانی کە بەئینگلیزی دەردەچێت باسی لەوە کرد (ئەو شارەوایی و نهێنیەی کە دەوری بڕیارێکی وا گرنگی دابوو کە تایبەت بوو بە گەڕانەوەی دەسەلاَت ...... دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە بول بریمەر یەکێکە لەو نموونانەی کە زۆر گرنگە لەعێراق وەدەرنرێت ) .

وە لەلای خۆیەوە ڕۆژنامەی (النهار) ی لوبنانی لە ناونیشانێکدا " گەڕانەوەی دەسەلاَت پێش تیرۆر دەکەوێت " وە زۆربەی ڕۆژنامە عەرەبیەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی لەسەر حکومەتی کاتی عێراق پێویستە ئاگادارو وریای کارو بارەکان بێت وە ڕۆژنامەی (الدستور)ی ئوردنی نوسیبوی (پێویستە پشتیوانی سەرکرادایەتی عێراق بکرێت لەم قۆناغەدا ) وە هیواو ئومێدی ئەوە هەیە عێراق بەرەوڕۆژێکی باشتر هەنگا و بنێت . ڕۆژنامەی (الجمهوریە) کە لەقاهیرە دەردەچێت باسی لەوە کرد ( ئەوەی گرنگە بریمەر لەعێراق دەرچوو وە ئومێدەوارین ڕۆیشتنێك بێت گەڕانەوەی نەبێت ) وەڕۆژنامەی (الخلیج) کە ئیماراتیە وای بینی کە ( پەلەکردن لەگەڕانەوەی دەسەلاَت بۆ عێراقیەکان بە دووڕۆژ بەر لەماوەی دیاری کراو . ئەو ناگەیەنێت کە ئەمریکیەکان پەلەدەکەن لەجێهێشتنی عێراق . چونکە ئەوان دەست بەرداری ئەو پلانە نابن کە لەپێناویدا هەموو ئەو هۆکارو بەلگە درۆینانەیان دروست کرد تا داگیری بکەن ) .

ڕۆژنامەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت (حکومەتی کاتی عێراق لەپێگەیەکدایە حەسوودی پێ نابرێت چونکە دەسەڵاتی وولاتێکی وەرگرت کە ئەمریکا بڕیاری داوە لەژێر چاودێر و سەرپەرشتی خۆیدا بێت ، وە ئەو دەستبەرداری نابێت وەك بۆش دوێنێ دووپاتی کردەوە ، تا ئەوکاتەی بارودۆخەکە پێویست بکات ئەوەی داواکراوە لەوولاتانی عەرەبی و جیهان کە کاتی پێویست بدەن بەم حکومەتە وەدەستی یارمەتی و هاوکاری بۆدرێژبکەن چونکە ئەوەی کە گرنگە قازانجی عێراق و گەلەکەیەتی، لەگەڵ گواستنەوەی دەسەڵات عێراق دەچێتە قۆناغێکی تازەوە بەڵام قورس و ترسناکە، ئومێدەوارین بەسەرکەوتویی ئەم قۆناغە ببڕێت )

وەڕۆژنامەی (الرایە) ی قەتەری لەسەر ووتارەکەیدا نووسیبووی ( عێراقی دوێنێ چووە قوناغێکی تازەوە لەمێژووی سیاسیدا گواستنەوەی دەسەڵات لەلایەن داگیرکەر بۆ حکومەتی کاتی عێراق ڕووداوێکی گرنگە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوان دەکرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەدا )

وەهەروەها دەڵێت " گرنگە ئەوەیە کە پێ لەسەر ئەوەدابگرین کە ئەو ڕێوشوێنەی دوێنێ گیرایەبەر بەس نی یە ، بەڵکو ئەوە ناونیشانێکی گەورەیە پێویستە بکرێتە کردەوە لە دانانی پلانێکی کاری حکومەتی کاتی ، وە دەرکردنی چەند یاسایەکی تەشریعی بۆ بەڕێوەبردنی وولات "

وە ڕۆژنامەکە لە نووسینەکەیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت " وە لەگرنگترین ئەرکە بنەڕەتیەکانی بەرنامەی ئەم حکومەتە کە زۆر گران و قورسە ئەوەیە کە ئاسایشی وولات بپارێزێت و متمانەی گەلی عێراق بەدەست بهێنێت ، ئامادەسازی بارو دۆخ بکات و ڕێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئاسانکاری گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراتی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتی دیاری کراودا کە کۆتایی ئەم ساڵە لەگەڵ دانانی دەستوری هەمیشەیی "

وەزۆربەی ڕۆژنامە فەرمیەکان و نیمچەفەرمیەکان وای بۆ دەچن کە " لەگەڵ ئەوەی ئەم حکومەتەی عێراق پەیکەرێکی هەڵبژێردراو نی یە بەواتای پێویست ، بەڵام پەیکەرێکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ کەسایەتی کە لەلایەن زۆرینەوە وەرگیراون " وە زۆرێك لەڕۆژنامە عەرەبیەکان ئاماژە بەوەدەکەن " لەگەڵ ئەو ئەرکە زۆرەی لەسەر شانی ئەم حکومەتەدایە ، ١٦٠ هەزار سەربازی بێگانە هەیە کە لەژێر فەرمانیدا نین بەڵام بوونی ئەوان لەسەر ڕەزامەندی حکومەتی عێراقە ، وەمانەوەیان بەندە بەویستی ئەم حکومەتەوە "

وەهەروەها هەردوو ڕۆژنامەی (الحیاە ) و (الشرق الأوسط) ووتیان پێویستە ڕۆڵی عەرەبی هان بدرێت لەعێراقدا چونکە " جووڵانەوەی عەرەب بەرەو دامەزراندنی پەیوەندیەکی تەواو وکردنەوەی سەفارەتەکان لە بەغداد دەبێتە یەکێك لە هۆکارەکانی ئاسایش و جێگیری و ڕێگەگرتن لە تیرۆری دەوڵی کە عێراقی شێواندووە"

لەم کاتەدا ڕۆژنامەی (الحیاە) ووریایی دا کە قۆناغی داهاتوو دەبێتە قۆناغی (عەلاوی) و (زەرقاوی) وە ئەوەی دووپات کردەوە کە هەڵبژاردنی دووەم وەك هەڵبژاردنی مەرگ و خۆکوشتن وایە بۆ عێراق و عەرەب و ناوچەکە .

وەهەرهەمان ڕۆژنامە لەهەواڵێکدا کە ناوی سەرچاوەکەی نابات دەڵێت " خۆشەویستەکەی بریمەر تەمەنی ٣٥ ساڵە ... لەسەردەمی پێشوودا لە پرۆتۆکۆلاتی سەرۆکایەتی بۆ صەدام حسین کاری دەکرد پاش ڕوخانی ڕژێم لەسەرکارەکەی بەردەوام بووە بەهۆی ڕەوانی زمانی ئینگلیزی "

وەهەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێت " ئەم ئافرەتە لەگەڵ خێزانەکەیدا گواستراونەتەوە بۆ ناوچەی سەوز پێش ئەوەی بەجێیبهێڵێت و بڕوات بۆ عەممان سێ ڕۆژ پێش ئێستا "

کەواڵنامەی کتێب

وەهەمان ڕۆژنامە لەهەمان سەرچاوەوە دەڵێت " ئەم ئافرەتە بەنهێنی لای هەندێ لەکەسە نزیکەکانی ئەوەی ووتوە کە ئەم پەیوەندیەی لەگەڵ بریمەردا بۆ هاوسەرگیری هەنگاو دەنێت "

وە وای دەبینم کە بۆخوێنەری بەڕێز سوودی هەبێت ئەو مەقالە ڕۆژنامەنووسیەی کە مامۆستا (إبراهیم الخیاط) بەڕێوەبەری نووسین لە نوسینگەی کەناڵی (LBC) لەبەغداد لەوکاتەدا لەسەر ڕۆیشتنی بریمەر بلاّوی کردبووەوە ، جارێکی تر لێرەدا بلاّوی بکەمەوە ...

هەواڵنامەی کتێب

**زۆرکەس خۆشیان دەویست و زۆرکەسیش ڕقیان لێ بوو بەلاّم پێشوازی لیّ ناکرێت ئەگەر جارێکی تر بگەڕێتەوە .**

**" دیکتاتۆر" ی عێراق ، عێراقیەکان لەیادی ناکەن لەگەڵ پێلاّوە سەربازیەکەی**

**إبراهیم خیاط٣٠/June/٢٠٠٤**

لە یەکەم لێدوانی ئاشکرای بەرپرسێکی بالاّی سیاسی عێراق دوای چەند کاتژمێرێك لە ڕۆیشتنی حاکمی مەدەنی پێشوو لە عێراق سەفیر پۆل بریمەر . دکتۆر (موفق الربیعی ) ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی . زۆر بە ڕوونی لە ووتەیکدا ووتی ( لەو باوەڕدانیم جارێکی تر بریمەر بگەڕێتەوە (بۆ عیراق ) ئەگەر گەڕایشەوە پێشوازی لیّ ناکرێت).

ئەو بریمەرەی کە لە دوایەمین پەیامی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت ڕەنگی بزرکاو تێکچووبوو. کە پاش ڕۆشتنی پەخش کرا . هۆنراوەیەکی عەرەبی خوێندەوە بە شێوازێك کە لێی تێنەدەگەیشتی . لێدوانی دا دەربارەی کۆتایی هاتنی گومڕایی لە عێراقدا و ئاواتی خواست ڕۆژێك بگەڕێتەوە بۆ عێراق لەگەڵ صوفی کچەزای کە تەمەنی دووساڵە ، بۆ ئەوەی عێراق ببینێ بووە بەعێراقێکی ئازادو سەربەست .

وە لەدواهەمین کۆنگرەی ڕۆژنامە نووسی نێردراوی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (الأخضر الابراهیمی) ڕاشکاوانە باسی بریمەری کرد لە ئەنجامی ئەو گەڕان ودانیشتنانەی کە لەگەڵیدا ئەنجامی داوە ، ووتی (دیکتاتۆری عێراق بوو، بە ویستی خۆی ئیمزای دەکرد یا ڕەتی دەکردەوە . وە ئەوەی خۆی نەیوویستایە ڕەتی دەکردەوە).

ئەو پیاوە شەست ساڵەی کە حەزی دەکرد فێری خواردن دروستکردن بێت ، حەزی لە جوانکاری بوو لە جل وبەرگیدا ،سەرەتای کارەکانی بەوە دەستی پێکرد کە چەند سەردانێکی کۆمەلأیەتی کرد بۆ لای سەرۆك هۆزەکان ، تادەریخات ئەو لە فەرهەنگ وکلتوری عێراق تێ دەگات ، پاشان وازی لەوسەردانیانە هێناو خۆی لە ناوچەی سەوز توند کرد ومامەڵەو ڕەفتاری گۆڕی . لە ئەنجامی ئەو فشارە زۆرەی لە سەری بوو. بێجگە لەو ڕەخنانەی کە بەردەوام دووبارە دەبوونەوە کە لەلایەن لێپرسراوەکانی پنتاگۆنەوە ئاڕاستەی دەکرا بەوەی کە شکستی خواردووە و (وەدەستبەرداری باشترین ڕاوێژکارەکان بووە)ئەوانەی کە جای گارنەر هێنابوونی .

بریمە وێنەیەکی جوانی نەبوو لە لای زۆربەی ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکردو بێزاربون لەم ڕەفتارو مامەڵە تازەیەی. (عەمید کینغ) کە یاریدەدەری بوو لە ناوچەی بغداد بۆ ڕۆژنامەی (الحیاە ) دەڵێت (لە سێ مانگی یەکەمدا پێشوازیمان

کرد لە زیاتر لە حەوت هەزار سەرۆك هۆز کە زۆربەیان داوای پارەو هاوکاریان دەکرد . لە بەرامبەردا گرنتی یان دەدا کە هۆزەکەیان هاوکاری ئەمریکیەکان دەبێت . ئەوەی جێ سەرسوڕمانمان بوو ئەوە بووکە ژمارەی هۆزەکان لەدوو هەزارتێپەڕناکات باشە ئەم هەموو هۆزە لە کوێوە پەیدا بوو؟).

برێمەر بێزار بوو لەو هەموو داواکارەی دەهاتن بۆ لای بۆیە بڕیاریدا خۆی بە دواداچوون بکات بە بێ ئەوەی گوێ لە داواکانی کەس بگرێت ...

وە ئەوانەی کە سەرچاوە مندالێ ئاساکەیان دەبینی وایان لێکدەدایەوە کە کەسایەتیەکی لاواز یا لەسەرخۆی هەیە ، بەلاَم ئەوە وانەبوو ، بەڵکو وەك بەڕێوەبەری کۆمپانیەك ڕەفتاری دەکرد لێپرسینەوەو سزای هەرکەسێکی دەدا هەڵە بکات یائەو سنورەی بۆی دیاریکراوە بیبەزێنیت .

لەکاتی چەسپاندنی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق (قانون الادارة الانتقالية) برێمەر زۆر توند بوو ،وەك هەموو کاتێك بەرەنگاری هەر بۆ چونێکی جیاوازی دەکرد کە لە ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوا دەرچوایە ، بیری دەخستنەوە بەوەی کە من ئێوەم داناوە بە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە . ئەگەر ڕازیش نین دەتوانن دەست لەکاربکێشنەوە و بچنەوە ماڵی خۆتان ، ئەم هەڵوێستەی نواند بەرامبەر هەر (١٣) ئەندامەکەی شیعە لەو ئەنجومەنە ، دوای ڕازی بوونیان لە سەر (قانون الادارة الانتقالية) (١٢) ئەندامیان سکالاَیەکیان لە سەر ئەو هەڵوێستە نووسی بەلاَم بریمەر هەر گوێی پێنەدا .

وە هەندێکی تر لەوانەی لەگەڵیداکاریان دەکرد دەڵێن پیاوێکی سادە بووە ، ئاماژە بەوە دەکەن کاتی دانانی ئامێری فێنك کەرەوە لە ژوورەکەیدا . ڕێگەی نەداوە ئەوەی ژوورەکەی خۆی دابنرێت تا بۆ هەموو کارمەندەکانی کۆشکی کۆماری دانەنرێت . کە سەدان کارمەنددەبن.

لە کاتی جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا لەناو کۆشکی کۆماری( ١٤ ) مانگ بەر لە ئێستا بارودۆخی ژیان زۆر قورس و ناڕەحەت بوو. چونکە پلەی گەرما بەئاسانی دەگەیشتە ٥٠ پلەی سەدی .

هەروەها ئەو پێڵاوە سەربازییەی کە لە قوماشێکی خاکی دروستکراوە. بەردەوام بریمەر لەپێی دەکرد جۆرێکی تر لەسادەی ئەو پیاوە دەردەخات. وە باکی نەبوو لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامە نووسی و پرسیارەکانیان.

ئەو ڕۆژنامەنوسانەی مامەڵەیان لەگەڵ برێمەر کردووە کۆکن لەسەر ئەوەی کە خاوەنی ئاستێکی بەرزە لە ڕوونی و ڕاشکاوی . وە کەسێکی نەرمونیان بووە لەگەڵیان . وەهەستی بەگرنگی ڕاگەیاندن دەکرد .بەپێچەوانەی ئەو سیاسییە عێراقیانەی کە لەگەڵ برێمەر کاریاندەکرد.

وەیەکێ لەو ڕۆژنامەنوسانەی کەبەشداری کردووە لەبەرنامەی (المائیدە المستدیرە)ی هەفتانەی( العراقیە ) .کە برێمەر دووجار میوانی بەرنامەکەبوو دەڵێت (کاتێك بانگ هێشت دەکراین بۆ چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامە نووسی ڕاستەوخۆ لەگەڵ برێمەردا. ئێمە لەکاتی دیاری کراودا ئامادەدەبووین . وە هەروەها ئەویش بەهەمان شێوە بەبێ دواکەوتن .بەڵام لەو کاتەوەی ئەم فەرمانڕەوایی‌یەتە تازە دامەزراوە ڕەوشەکە گۆڕاوە ) .

(وە ئەوەش باس دەکات کە دوو جاریتر بانگ هێشت کراوە بۆ بەشداری کردن لە (الطاولة المستدیرة) ی کە ڕاستەوخۆ لە (العراقیە) پەخش دەکرێت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆك (یاوەر) .بەڵام سەرۆکی تازە ئامادەنەبوو ،وەکەسیشی لەیاریدەرەکانی نەنارد تا داوای لێیبوردنیش بکات لە ڕۆژنامەنوسەکان .

هەواڵنامەی کتێب

کەس نەیدەزانی ئەو موچەیەی برێمەر وەریدەگرێت چەندە. لەکاتێکدا هەندێ لەیاریدەدەرەکانی یا پاسەوانەکانی موچەی زۆریان هەبوو دەڵێن لە ١٠٠ هەزار دۆلار بەسەرەوەیە مانگانە .

ئەوانەی برێمەر دەناسن دەڵێن زۆر زیرەك بووە لە هونەری فێڵکردن دا، دەڵێن بەڵێنی زۆرو گەورەی دەدا بەو عێراقیانەی کەکاریان لەگەڵدا دەکرد بەشێوازێك زۆر لەوە زیاتر کە خۆیان داوایان دەکرد.وەزۆرێکیش لێی  تورە بوون چونکە بەڵێنەکانی لەگەڵ نەدەبردنەسەر .وە ئەویش تورە دەبوو لەو کەسانەی لەڕێگای ترەوە سنوری ئەویان دەبەزاند .

هەروەها لەوەش تورە دەبوو کە بەرپرسە ئەمەریکیەکان بەتایبەتیش  پنتاگۆن لەسەرووی ئەوە وە گرێ بەست و کەم کردنەویان دەکرد بەبێ ئەوەی گوێ بەپێشنیارو بۆچوونەکان و ئەو بەڵێنانەی بدەن .کەدابووی بەهاوڕێ کانی یا ئەوانەی کە هاوڕێکانی دەستنیشانی دەکەن .یا ئەو کەسانەی کەوای دانابوو ئەو کەمکردنەوەیە بەدەست دەهێنن .چونکە لای ئەم بەڕێزبوون .

لەوانەیە برێمەر ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ عێراق ببینێ زۆر دەرگا لەڕوویدا داخراوە .چونکە سەردەمی ئەو کۆتایی هات .ئەو پیاوەی کە لەناوەڕاستی ڕووداوەکاندابوو .لەڕاستیشدا ئەو بەتەنها دروستکەری ڕووداوەکان نەبوو .بەڵکو ئەم تەنها سەرکردایەتی ئامێرێکی گەورەی دەکرد کە ناوی (الادارة الامريكية) بوو. ئەم پیاوەش هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەهەمان کاتدا شکستیشی خوارد. زۆربەی ئەو شتانە لەداهاتوودا زۆر بەڕوونی دەنووسرێت. ئەو کاتەی کە بەڵگەنامەکان ئاشکرا دەبێت .چونکە ئائێستاش بەنهێنی ماوەتەوە .

ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بەوردەکارییەکانی ئەو ڕێ و شوێن و بڕیارانەی پەیوەندن بەعێراقەوە .

هەواڵنامەی کتێب

دەگەونجێ بلێین کە بریمەر چووە ناو مێژووی عێراقەوە . بەلام دوایەمین ڕۆژ کە دەرچوو (٦) کیلۆگرام لە کێشی کەم کردبوو . هەروەك خۆی بەڕۆژنامەی (الحیاة) ی وتبوو . وەپرچی زیاتر سپی بوو. بەهۆی ماندوو بوون و کاری بەردەوامی بێ پشوو گۆڕانکاری بەسەریدا هاتبوو .

لەکاتی تۆمارکردنی پەیامی تەلەفیزۆنی ماڵ ئاوایی چاکەتێکی سادەو ڕیباتێکی کۆنی نەگونجاوی لەبەرکردبوو . وەڕەنگی ڕەش هەڵگە ڕابوو .

بەردەوام عێراقیەکان ئەوەیان لەبیر ناچێ کاتێ بریمەر پێیەکانی لەسەر خاکەکەیان بەرزکردەوەو ڕۆشت .پێڵاوێکی سەربازی دروستکراو لەقوماشی خاکی لەپێدا بوو. بەدرێژایی مانەوەی لە عێراقدا هەرئەو پێڵاوەشی لەپێدابوو. وە ئەمەش نەگونجاوە لەگەڵ مەرجەکانی جوانکاری بۆ نوێنەری گەورەترین هێز لەجیهاندا .

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

### بریمەرو ئەنجوومەنی فەرمانڕەوا

هەموولا ڕێکن لەسەر ئەوەی بریمەر توانایەکی گەورەی هەبوو لەبەکار هێنانی هەموو کەسایەتییە کاریگەرەکانی عێراق بۆ بەرژەوەندی پرۆژەی ئەمەریکی .بێ گوێدانە ئەوەی ئەو کەسایەتیە چ ڕۆڵێك دەبینێت و چەندێ کاریگەری دەبێت .

هەموو ئەو کەسایەتیانە ئەو کاتەش و ئێستاش وەك چەند کارتێکن لەسەر لاپەڕەکانی پلانی ئیدارەی ئەمەریکی لە عێراقدا . بەلام کارتی تریش هەیە ڕازی نەبووە ببێتە بەشێك لەو لاپەڕانە . لەگەڵ ئەمەشدا کەسایەتی تر هەیە کە پەلە قاژە دەکات ببێتە بەشێك لەو لاپەڕانە . وە کەسایەتی تریش هەیە بەشێکە لەو لاپەڕانە بەلام دەڵێت من لەدەرەوەی لاپەڕەکانە لەبەر ئەمانە تێ ڕوانینی ئاشکرای بریمەرجیاوازە لەگەڵ تێ ڕوانینی ڕاستەقینەی بۆ ئەو کەسایەتیانە .

بەهۆی ناسیاوی و پەیوەندی بەهێزم لەگەڵ ویداد هەندێ لەو ناوانە لەدەمی دەردەچوو . بۆیە ڕاستی ئەو پەیوەندیانەو بۆچونی برێمەرم لەسەر ئەو کەسایەتیە بۆ دەرکەوت .

منیش پۆلێنی ئەو ناوانەم کردووە بۆ کەسایەتی ئاینی و سیاسی . وە پۆلێنی سیاسیەکانم کردووە بۆ ئەو کەسایەتیانەی لەناو ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایدان وە ئەو کەسایەتیانەی لەدەرەوەی .

چونکە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی زۆرترین گرنگی هەبوو لەسەردەمی برێمەردا. وە هەروەها هەندێ کەسایەتی گشتی عێراقی کە برێمەر هەوڵی دەدا بۆ لای خۆی ڕایان بکێشێ .هەروەها بۆچوونی برێمەر بەرامبەر ئیبراهیم و ڕایس ....

## کەسایەتیەئاینیەکان

### بەڕێز عەلی سستانی

برێمەر وەك دوایەمین کارت یا دوایەمین هەل سەیری دەکرد لە هەموو ئەو ئاستەنگە سیاسیانەی کەڕوو بەڕووی دەبوەوە . پێی وابوو ئەم پیاوە عەساکەی موسایە چونکە گەورەترین ئاگری سیاسی یا ڕوو بەڕوو بوونەوەی تایفی و مەزهەبی لە عێراقدا خامۆش دەبێت بەتەنها لاپەڕەیەکی بچووك لەنوسینگەی بەڕێز سستانی دەربچێ بە ئیمزای یاخود مۆری ئەو .

ویداد دەیووت ئەگەر ملێون لەسەدا دڵنیا نەبوومایە کە برێمەر ئەمەریکیە و مەسیحیە .دەمگوت یەکێکە لەشوێنکەوتوانی سستانی .ئەویش بەهۆی ئەو قورساییە ئاینی و سیاسییەی کە سستانی هەیەتی.

برێمەر بەردەوام پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو لەڕێگای زۆر سەرچاوە و کەناڵەوە. گەنجێکی نەجەفی هەبوو بە ناوی ئەبو توراب نەجەفی ناسنامەیەکی تایبەتی هەبوو ،ڕێگە پێدراو بوو بێتەناوچەی سەوزەوە بەبێ ئەوەی لەهیچ بازگەیەکی ئەمەریکی یا عێراقی بپشکنرێت .

ویداد دەڵێت ڕۆژێکیان لەگەڵ ئەم ئەبو توراب ڕوو بەڕووی یەك بووینەوە، لەئەنجامدا برێمەر فەرمانی پێکردم کە جارێکی تر ڕێگری لێ نەکەم . چونکە ئەمە کەسێکی گرنگە .

پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەم ئەبوتوراب یەکێکە لەخزمەکانی سستانی و لەدایك بووی عێراقەو بەردەوام شەش کەس پاسەوانی بوو . وەمانگانە (١٥٠٠٠) دۆلار موچەی بوو بەناونیشانی ڕاوێژکاری ئاینی سەفیر پۆل بریمەر . هەروەها بریمەر موچەیەکی مانگانەی(٢٥٠٠٠)دۆلاری دەدا بە بەرێز (عبدالرضا)ی کوڕی بەڕێز سستانی بەناونیشانی خەرجیەکانی پارێزگاری مەرجەعە ئاینی یەکان لە نەجەف . وە برێمەر لەکتێبەکەیدا بە ڕوونی باس لەسروشتی ئەو پەیوەندییە دەکات کە لەگەڵ سستانی هەیبوو . لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار ئەم پەیوەندیانە ئاڵۆز دەبوون . هەروەها برێمەر دەڵێت ئەم پەیوەندییە لەڕێگای چەند سەرچاوەیەکەوە بوو بەڵام ئەو سەرچاوانە ئاشکرا ناکات تەنها بەرێز(حسين الصدر) نەبێت . دەڵێت هەفتانە سەردانی بەڕێز سستانی دەکرد . هەر ئەمەش بووە مایەی پتەو کردنی برێمەر بە (حسين الصدر)وە . تاکو ناوبراو بەردەوام بێت لەسەردانی سستانی ،ئەمەش دەقی نووسینی برێمەرە لەکتێبەکەیدا سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ سستانی

(دوای ڕزگارکردنی عێراق ڕاستەوخۆ سستانی. لەرێگای چەند کەناڵێکی تایبەتە پێی ڕاگەیاندین کە چاوپێکەوتن لەگەڵ هیچ کەسێك لە هاوپەیمانان ناکات ،بۆیە منیش داوای کۆبونەوەی تایبەتم لەگەڵ نەکرد. وە (هيوم)کە چاك لە جیهانی عەرەبی تێ گەیشتبوو . پێی ووتم سستانی نایەوێت بەئاشکرا دەرکەوێت کە هاوکاری هێزی داگیرکەر دەکات .وە هەروەها ئەو دەیەوێت کۆمەڵەکەی بپارێزێت لە مقتدى الصدر و هاو شێوەکانی .بەڵام لەگەڵماندا کاردەکات .

چونکە ئێمەو ئەو لە ئامانجەکانماندا یەك دەگرین . لەکاتێکدا ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی و بێگانە باسیان لەپەیوەندی ناوبەناو دەکرد لە نێوان ئێمەو سستانی ،من لەپەیوەندی بەردەوامدابووم لەگەڵ سستانی لەسەر بابەتە گرنگە کان .لەڕێگای چەند نێوەندێکەوە .

## بەرێز (مقتدى الصدر)

شوڵکی دۆلابی شیعەیە . ئەمە نازناوی بوو لای برێمەر. زۆر لێ ی دەترسا . باوەڕی وابوو ئێران (مقتدی) دەجووڵێنێت بەرێگەیەکی ناڕستەوخۆ. لەرێگەی (حزب الله)ی لوبنانی بەبێ ئەوەی خۆی هەست بکات ، چونکە زانیاری پێشینە هەبوو کە بنەماڵەی (الصدر) پێچەوانەی بۆ چوونی ئێرانن لە عێراقدا. لەگەڵ سەرەتایی دەستپێکردنی چالاکی سیاسی (الصدر) .

برێمەر ناوی خستەناو لیستی ناوە ترسناکەکان لەسەر لەوحەیەك کە لەنوسینگەکەی هەڵی واسیبوو کە ناوی نابوو (لەوحەی ڕش) . لەتەنیشت چەند ناوێك وەك (سەدام ـ فەلوجە ـ زەرقاوی ـ قاعدە ـ بەدر ـ أنصار اللاسلام ـ عزت إبراهیم ـ فیدائی سەدام ـ چەند ناوێکی تر ) تەنانەت دوای دەسگیرکردنیشی ناوەکەی سەدامی لەو لیستە دەرنەهێنا .

برێمەر چەندین جار پێشبینی ئەوەی کردبوو لە داهاتوودا سوپای مەهدی لەژێر کۆنترۆڵی (مقتدی ) دەردەچێت. چونکە شۆڕشی برسیەکان بە درێژایی مێژوو پارەوسامان تێکی دەدات . ئەمە وەصفی برمەر بوو.

دەیووت لە گۆڕەپانی گروپە چەکدارەکانی شیعەدا گروپی (بەدر) لە هەموویان رێکخراو ترو زیرەك ترە لە پلانەکانیدا. بۆیە پێشبینی دەکرد لەداهاتوودا (بەدر) سوپای مەهدی بەکاربێنێت بۆ پاکتاو کردنی تائیفی و مەزهەبی لە عێراقدا . دوای نەمانی برێمەر . بەڵام ویداد دەیگوت ڕازی نە دەبوو بە لەناوبردنی

(مقتدى ) بەڵکو حەزی دەکرد لە قاڵب بدرێت . هەر چەندە شیعەکانی ناو ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی فشاری زۆریان دەکرد بۆ لەناوبردنی ئەم سەرکردە گەنجە.

برێمەر ئەمەی لە کتێبەکەیدا باسکردووە چەند جارێك بە شێوەی ڕەمزی و ناڕاستەخۆ . وە چەند جارێکیش بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ .

بریمەر لەوە دەترسا شەپۆلی توندڕەوی (سید مقتدی) لەگەڵ خۆی ببات. ئەویش بەهۆی کەم شارەزایی لە سیاسەت . بە پێی قسەکانی ویداد کە لە برێمەری بیستبوو.

جارێکیان برێمەر ڕاپۆرتێکی سەربازی ئەمەریکی بە دەست گەیشت کە ئاماژەی بەوە دەکرد ساروخی (أرض أرض ) لە ناوچەی (مدينه الثورة ) دا. هەیە کە ئەم ناوچەیە پێگەی (مقتدى الصدر)ە لەبغداد. برێمەر تەنها ئەوەی ووت ئەو (واتە مقتدى ) خۆشی نازانیت چی دەکات وە لەگەڵ کێ مامەڵە دەکات .بەلاَم ئێرانە هەوڵی دروستکردنی نائارامی دەدات . بەپێی گێڕانەوەی ویداد .ئەمەش لایەنێکە لەکتێبەکەی برێمەر کەباس لە بەڕێز (مقتدى الصدر) دەکات :-

(ئاگاداریەکم لەئەنجومەنی فەرمانڕەوایی پێگەیشت کە (مقتدى الصدر)خۆی ئامادە دەکات بۆ دەرکردنی فتوایەك لە کاتی نوێژی هەینی بۆ ڕاگەیاندنی (جیهاد) دژی هێزەکانی هاوپەیمانان ، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی هونەریەوە (مقتدى ) ئەو ئامادە باشیەیی تێدا نىیە فەتوایەکی بەم جۆرە بدات .

وەهەروەها ڕاوێژکارەکەم بۆ کاروباری بەغداد (أندی موریسوون )پێی ڕاگەیاندم . هەوادارانی (مقتدى) بەنیازن دەست بگرن بەسەر پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەو لە (مدينه الصدر) بە ترساندنی ئەو کرێکارە عێراقیانەی لەوێ کاردەکەن . بۆ ئەوەی دەست بگرن بە سارە پارەکەدا و پاشان بڵێن خۆمان

پرۆژەکانمان جێبەجێ کرد ، جگە لەو ڕاپۆرتانەی کەلامان بوو باسیان لەوە دەکرد هەوادارەکانی دەیانەوێت بشێوی و نائارامی لە کەرکوك دروست بکەن .

بۆ ڕۆژی دوایی . ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی نێردراوێکی نارد بۆ لای سستانی تا داوای لێ بکات ئامۆژگاری (صدر) بکات . وە ڕاوێژکارەکەم (هبوم )ئاماژەی بەو کرد ئەگەر عێراقیەکان بەتاوانی کوشتن (مقتدی) بگرن. ئەوە کارێکی باشە منیش ووتم باشە ، بەلام ئەگەر (مقتدی) فەرمانیدا بەچەکدارەکانی ئەوەکاری توندوتیژی ترسناك پەرە دەسەنێت دژی هێزەکانمان بەتایبەتی لە(مدینە الصدر).

## دکتور(حارث الضاري)

دوژمنێکی سەرەکی و دایەنە بۆ تیرۆر .بەم شێوەیە برێمەر ناوی (الضاري ) و کوڕەکەی دەهێنا .برێمەر چاو دێری چالاکی سیاسی دکتۆر (مثنی الضاری) دەکرد و بەزیرەکی توندڕەو وەسفی دەکرد .جارێکیان برێمەر داوای کرد لەمامۆستایەکی ئەمەریکی پسپۆر لەمێژووی عێراقی تازە .کە زانیاری لەسەر خێزانی (الضاری) بداتێ. دەیوت ئەم مێژووە پڕە لەپیلان گێڕی .لەئەنجامدا برێمەر پەیوەندی کرد بە هەندێ لە ڕاوێژکارەکانی کە هەوڵی باشکردنی مامەڵەیان بدەن لەگەڵ (ضاری) بۆ خۆپارستن لەشەڕی. بەپێی قسەکانی ویداد. هەروەها بنەماڵەی (الضاری) زۆر لەبنەماڵەی (الصدر) دەچێت لەگەڵ ئاگاداربوون لەوەیە بنەماڵەی (الصدر) پێگەی جەماوەری فراوانترە . جا هەر هەوڵێك بۆ لە ناوبردنیان نا ئارامیەکی جەماوەری دروست دەکات لەناوچەکانی ئەوان .

وە برێمەر پێشبینی ئەوەی دەکرد بنەماڵەی (الصدر)و (الضاری ) دووچاری پاکتاو کردن ببنەوە لە لایەن عێراقیەیە ڕکەبەرەکانیان دوای ڕۆشتنی ئەم . یاخود کێشەیەك لە نێوان ئەم دوو بنەماڵەیەدا دروست ببێت بەهۆی جیاوازی

بۆچوون و ئاراستەکانیان وە هەروەها چەند لایەنێکی عێراقی و بێگانە هەیە هەوڵ دەدات بۆ دروست کردنی دووبەرەکی لە نێوان ئەم دوو بنەماڵەیە .

## زانای گەورە (جواد الخالصی)

بریمەر بەیەکێك لەو ژیرانەی دەدا لە قەڵەم کە ئەمریکا حەزی لێ ناکات . بەڵام لە گرنگی کەسایتی کەم دەکردەوە چونکە پێگەی جەماوەری لە سەر زەوی لاواز بوو . وە پێی وابوو (الخالصی) تاکە خاڵی بە یەك گەیشتنی (مقتدی ) و (چاری) یە بەڵام نەیتوانی ئەم بە یەکگەیشتنە بکاتە ڕێکەوتن لە نێوانیاندا. بە هۆی جیاوازی ئایدۆلۆژی ومەبەستەنهێنیەکانی هەردوولا . لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ڕاگەیاندراوی هەر دوو لایان یەکە.

ویداد دەڵێت بریمەر سەرسام بووە بە (الخالصی) بە یەکێ لە داناو ژیرە میانڕەوەکانی شیعەی وەصف دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

## بەڕیز (حسین الصدر)

هاوەڵی ڕاستگۆو دەمەوانەی ئاسودەی شیعەیە بۆ ئەمریکا . برێمەر بە (غاندی ) عێراقی وەصفی دەکرد. چونکە هەوڵ بۆ ئاشتی دەدات لە زۆر ڕێگاوە بەڵام دووشتی پێ نیە پیسی و فێڵبازی سیاسەت یا خود خۆی نایەوێت . وە برێمەر دەربارەی دەڵێت خاوەنی بەهایەکی ڕووحیە لەوە گەورەترە بە سیاسەت پیس بکرێت .ئەمەش دووری دەخاتەوە لەوەی بیر لەستەم کرنمان بکاتەوە . بۆیە لەلایەن ئەمەوە پارێزراوین .

ئەمەش لایەنێکە لەوەی برێمەرلەکتێبەکەیدا لە سە ر بەڕێز (حسین الصدر) نووسیوێتی :–

لە هەولێکدا بۆ دروست کردنی کەناڵێکی تری ناڕاستەوخۆ لەگەڵ سستانیدا . بە هاورێتی (باول ) چووین بۆ نیوەڕۆخوانێك لەماڵ (أیه الله حسین الصدر) سەرکردەیەکی ناوداری شیعەیە لەبغداد . بەرهەڵست کارێکی زیرەك بوو دژی سەدام . لە ژێر مانەوەی زۆرە ملێدا بوو لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ چەند ساڵێك . ئەمەش هەلی بۆ ڕەخساند بۆ دانانی سەدان کتێب دەربارەی ئیسلام . پێشتر چەوندین جار گیراوەو بە پانکەدا هەڵواسراوە بۆ چەند کاتژمێرێك و لێیدراوە.

کە ئەم هەلە م بۆ ڕەخسا چەندین جار سەردانیم کردو سەرسام ببووم بەو بەها ڕووحیانەو زیرەکیەکەی ).

وە دەربارەی ماڵئاوایی کردنی لە عێراق بریمەر جارێکی تر باسی بەڕێز (حسین الصدر )دەکاتەوە لە کتێبەکەیدا (ماڵ ئاوایی کردن لە (أیه الله حسین الصدر) لە بەغداد پێویستی بەگرتنەبەری ڕێوشوینی ئاسایشی توندو زۆر دەکردبە گوێرەی توانا . (فرانك غالاجر) زۆری لێ کردم بەشەو نەچم بۆ ماڵیان .بۆیە ڕێوشوێنی پێویستی گرتەبەر تا لەکاتی نیوەڕۆدا بچم لەگەڵ ئەوەشدا (فرانك ) خۆشحاڵ نەبوو بە وەی لەگەڵمدا بێت بە ڕۆژ .لە ئەنجامی ئەو هەموو زانیاریە هەواڵ گیریە زۆرانەی کە پێشبینی دەکرا هێرشەکان زۆر بێت .

(أیه الله) زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کردم لە ناو کتێبخانەکەی کە پڕبوو لەکتێب . دوای خواردنی ساردەمەنی و نانی نیوەڕۆ ئینجا چای . لە سەر زۆر بابەت ووتووێژمان کرد . لەوانە ڕۆڵی ئاین وگرنگی خێزان لە هەر جێگەیەکدا بێت وە گەشەسەندنی دیموکراتی لە عێراقدا . وە پێوستی پۆلیس بە چەکی زیاتر .

لە کۆتایی سەردانەکدا . (أیەالله) سەیرێکی کردم و باسی ئەوەی بۆم کرد ڕزگاربوون و ئازادی بەلای ئەوەوە چی دەگەیەنێت . ووتی پیاوانی دەزگای هەواڵگری لە سەردەمی سەدامدا لەپڕ شەوان دەهاتنە سەر ماڵەکەم و بە کێشیان دەکردم بۆ لێپرسینەوەو سزادان .وە هەروەها لە درێژەی ووتەکانیدا بۆ

هەواڵنامەی کتێب

جەنابی سەفیر ووتی (من  بەدرێژای چەند ساڵێکی زۆر بەترسەوە دەخەوتم لە ترسی ئەوەی نەك لە خەودا بمکوژن بەلاٌم ئیستا وەك منالێکی بچوك دەخەوم ).
وەکتێبەکەی برێمەر بەڵگەیەکە کە گومان قبولٚ ناکات لە سەر ڕۆڵی بەڕێز (حسین الصدر) بۆ نزیك کردنەوەی بۆچوونەکانی برێمەر و (سستانی) .

## شێخ (جلال الدین الصغیر)

برێمەر بە سەرقاڵکەرێکی دانەمرکاوەی تائیفی وەصفی دەکرد . برێمەر دەیگووت موچەیەکی مانگانەی لە ئێران هەیە چونکە ئەفسەرێکی هەواڵگری ئێرانە. ویداد دەڵێت ڕۆژێکیان چەند برگەیەکم خوێندەوە لە ڕاپۆرتێکی هەواڵگری ئەمریکی کە لە نوسینگەکەی برێمەر بوو باسی (جلال الدین الصغیر) ی دەکرد .بەوەی سەر بە دەزگای هەواڵگیری ئێرانە.
رۆژێکیان . برێمەر دەربارە ی (جلال الدین الصغیر) ووتی ئەم پیاوە بۆ ئەوە دروستکراوەکە بە تەنها بژی . چونکە ڕقی لە هەموو کەسە .ویداد لە برێمەرەوە دەگێڕێتەوە.

## دکتۆر (عدنان الدلیمی)

لە سەرەتای هەڵهاتنی ئەستێرەی سیاسی (الدلیمی ) برێمەر وەصفی دەکات بە هەراسانکەرو بێزار کەر. چونکە دەیبینی ووتارو لێدوانەکانی هیچ گرنگیەکی سیاسی نیە . وە هەندێ کات وەسفی دەکرد بە توندڕەوو نەفام و شێت . وەهیچ بایەخێکی بۆ دانائەنا لەسەر ئاستی سیاسی سوونںە بەلاٌم  لەوە دەترسا کەکاریگەری هەیە لەسەر کەسە سادەکانی سوونںە .

## شێخ (احمد عبدالغفورالسامرائی)

برێمەر موعجەب بوو بەکەسایەتی شێخ (السامرائی).لەگەڵ ئەوەی (السامرائی ) بەردوام ڕەخنەی ئەگرت لە ئەمەریکاو سیاسەتەکانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی، بەڵام برێمەر وەسفی دەکردبە (میانڕەو) چونکە سامەڕائی دژی کۆمەڵ کوژی و پاکتاوکردنی تائیفی و مەزهەبیە.برێمەر لەسەر دەمی خۆیدا دەست نیشانی کرد بۆ پۆستێکی باڵا بەڵام ئەندامە شیعەکان ڕەتیانکردەوە بەتایبەتی (جەعفەری و عبدالعزیز الحکیم و چەلەبی).

## صدرالدین القبانچی

برێمەر وەسفی دەکرد بەوتە بێژی خۆ بەخش بەناو داگیر کەرەوە لە عێراق. لەزۆر بۆنەدا دەیوت ئەم پیاوە بەشێوازی ئەمەریکی بیردەکاتەوە، لەکاتی ڕووداوەکانی نەجەف دا برێمەر چەند جارێك لەگەڵی کۆبۆوە .وەموچەیەکی مانگانەی بۆ دابینکردبوو بەبڕی (١٢٠٠٠) هەزار دۆلار. برێمەر پێش بینی دەکرد سوپای مهدی لەناوی ببەن .بەپێی گێڕانەوەی ویداد لە برێمەرەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## کەسایەتیەسیاسیە بەشداربوەکانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی

## بەرێز (ابراهیم الشیقر الجعفری)

توندڕەو لەبەرگی میانڕەودا، برێمەر بەم شێوەیە ناوی دەبرد چونکە ئەم پیاوە تاسەر ئێسقان توندڕەوە بەڵام وتاربێژێکی بەتواناو قسە کەرێکی لێهاتووە و زۆر ڕۆشنبیرەو سیاسیەکی سەرنەکەوتووە .

بەڵام قسە وولآت دروست ناکات ، وەك برێمەر دەی ووت سەرکەوتوو نەبوو لەبەدەست هێنانی پشتیوانی (المجلس الاعلی ) و رێکخراوی (بدر) هەر چەندە لە

ڕواڵەت دا پالأپشتی بوون لە هەموو کەس پەرۆشتربوو بۆ لەناو بردنی کارتی بەڕێز (مقتدى صدر) بۆ ئەوەی تەنها خۆی وەك پیاوی ناوداری شیعە بمێنێتەوە .برێمەر بڕوای وابوو کە پێویستە ببێتە وانەبێژ لە یەکێ لە حوسەینیەکان نەك پیاوی وولأت .وە برێمەر زۆر بێزار بوو کە بە تەنها لەگەڵی دا دانیشییێت .چونکە ڕاستەوخۆ ناچێتە سەر باسی بابەتەکان لەسەر شێوازی ئەمەریکی لەعێراقدا . بەڵکو قسە دێنێ و دەبا دەربارەی بابەتەکە بەشێوەیەکی بێزار کەرو هەوڵ دەدا بەرامبەر بشێوێنێت بەگواستنەوە لەم خاڵ بۆ ئەو خاڵ بەبێ ئەوەی ماڤی خاڵی یەکەم لە گفتۆگۆکە بدات ، یا واز لەخاڵی یەکەم دێنێت و ڕاڤەی خاڵی دووەم دەکات .

ئەمەش چەند بڕگەیەکە لەکتێبەکەی برێمەر کە باسی جەعفەری دەکات (ابراهیم جعفری) ئەو کەسەی کە میوانداری کردم بۆ ژەمەخواردنێکی زۆر خۆش کە پارچەی سەرەکی وەك باوە لەبایەنجان دروستکرابوو .جەعفەری دەستی کرد بە دەربڕینی بۆچونەکانی لەسەر جۆرەها بابەت .بەجۆرێك کە ڕاناوەستێ هەناسەیەك هەڵمژێ دەستی کرد بەقسەکردن لەسەر فەیلەسوفەکانی یۆنان و هیتلەرو ستالین و صدام و جۆرج واشنتن و جۆن ئادەمز، هەروەها پێشبینەکانی خۆی دەربارەی داهاتووی فەرمانڕەوایی‌ەتی تازەی عێراق .پیرۆز بایم لێ کرد بەوەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆك .

لەو کاتەی ماڵیانم بەجێ هێشت ، وا هات بەبیرمدا کە ئەم پیاوە بەردەوام خۆی بەکەسێتیەکی سیاسی وا دادەنێت کە زۆرترین جەماوەری هەیە لەوولأتدا .ئەم ئیسلامیە بەلأم بەفەخرەوە باسی هاوسەرەکەی دەکرد کە ئەویش( پزیشکە ). لەوانەیە جەعفەری مەبەستی ئەوەبووبێ بڵێت من ئسلامیم و بەلأم هاوسەرەکەم بالأ پۆشی ئیسلامی ناپۆشێت .ئەوەی کە پەیوەندی بەهاوسەرکەیەوە هەیە لەوەیە بیەوێت موجامەلەی ئەمەریکیەکان بکات لەبەرامبەر برێمەردا.

وە ویداد باسی ئەوەی کرد کە جەعفەری ڕۆژێك گازندەی کرد لای برێمەر لەدەست لە خۆبایی بوونی کوردەکان . ووتی من دەمەویٚ عێراق بەئاشتی و خۆشی بژین بەبیٚ گیروگرفت .ئەگینا وەلآمی هەموو ئەو لێدوانانەم دەدایەوە کە لە کوردەکانەوە دەردەچێت . برێمەریش ووتی بۆچی منت ئاگادار نەکردەوە کە هەراسانیت . بەلآم ڕاپۆرتێکی دوورو درێژت ناردووە بۆ فەرمانڕەوایی‌ەتی بەریتانی (جەعفەری لەپێشداو ئێستاش بەردەوام لەندەن پشتیوانی دەکات ).

جەعفەریش بەزیرەکیەکەی ووتی من دەمزانی تۆ هەر دەیبستی و پێی دەزانیت . بەرژەوەندییەکان یەکەو هەمووما‌ن دەمانە ویٚ بنایادی عێراقێکی دیموکراتی بکەین .

## پارێزەر (احمد شیاع البراك )

کارتێکە یەکجار بەکاردەهێنرێت . (بەراك ) لەو کەسایەتیانە بوو کە ئەمەریکا یەکجار بەکاری دەهێنا .

چونکە ڕواڵەتی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی قبولٚ کرابوو لە لای شیعەکان وهەندیٚ لایەنی سوونی . وە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە بەسوود بوو . چونکە شارەزای باشی هەبوو لە هێنانەوەی بیانوو بەهانە بۆ ئەو ساتمە و هەڵەکانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی ئەمە بەپێی قسەکانی ویداد کەلە برێمەری بیستبوو . وە هەروەها پەیوەندی ناوخۆی باشی هەبوو . بەبیٚ ئەوەی ئەم پەیوەندیانە بچێتە قاڵبی پشتیوانی کردنی کەس لە هەڵبژاردنەکاندا وە لەداهاتوودا شیعەکان لەسەر کار لایدەبەن چونکە بنەمای جەماوەری نیە . ئەمە پێش بینی برێمەر بوو .

هەواڵنامەی کتێب

## دکتۆر( أحمد الجلبی)

ڕێوی و دز دۆستایەتی تەنها بۆ ئەحمەد چەلەبیە ، ئەندازیاری پرۆژەکانی دووبەرەکی نانەوە و ڕیزتێکدانە ، بەم شێوەیە بریمەر وەسفی دەکات ، ویداد دەڵێ هەرکێشەیەکی شیعی ڕووبەڕووی بریمەر ببوایەوە یەکسەر پەیوەندی دەکرد بە ئەحمەد چەلەبیەوە و سەرزەنشتی دەکرد پێش ئەوەی پەیوەندی بەهەر ئەندامێکی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی یەوە بکات، چونکە زۆرێك لەو کێشەو گرفتانە ئەحمەد چەلەبی دروستی دەکردو کپیشی دەکردەوە بەمەبەستی چەند گرێبەستێکی سیاسی لەگەڵ ئەمریکیەکان .

بریمەر حەزی لێ نەدەکرد و ناوە بەناوە تام وچێژی لەوە وەردەگرد کە داواکاری ئەحمەد چەلەبی ڕەت دەکردەوە بۆ چاوپێکەوتن وەزۆر جار بەئاشکرا سەرزەنشتی دەکرد ، وەناوی نابوو مەرایی کەری بێ ئابروو ، لەڕاگەیاندنەکانی عەرەبی و بێگانە کە ووترا هۆی هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی چەلەبی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەلەبی دزێکانی بریمەری ئاشکراکردووە وە لەکارەکانیدا ژمێریاری بێگانەی هێناوەتە پێشەوە (تکام وایە ئەم تێبینیە بکەن من باوەڕ دەکەم کە بریمەر دزە بەڵام ئەوە بەڕاست نازانم کە چەلەبی ئاشکرای بکات) ، بە پێچەوانەی ئەمەوە ویداد دەڵێت ئەحمەد چەلەبی پارەو پووڵی دەدا بەسوپای مەهدی و (مقتدی) وە دەستی هەبوو بە پارەدان لە کوشتن و بڕینی کەسایەتیەکان لەوانە کوشتنی دکتۆر (محەمەد الراوی) نە قیبی پزیشکەکان و سەرۆکی زانکۆی بەغداد لەسەردەمی سەدام ، وە (دواد القیسی) نەقیبی هونەرمەندان لەسەردەمی سەدام بە پێی قسەکانی ویداد ، بۆیە بریمەر زۆر بێ زاربوو لەهەڵسوکەوتی چەلەبی ، کە هەموو ئەمانەی لە پێناو خۆیدا کردووە .

**بریمەر لە کتێبەکەیدا دەربارەی چەلەبی دەڵێت :**

" ئەحمەد چەلەبی و جەلال تاڵەبانی بەلایەنەوە زۆر قورسە فێڵ و تەڵەکەبازیان بخەنە لاوە چونکە لەشتە نەگۆڕەکانیانە ، دوای یەك ڕۆژ لەیەکەم کۆبونەوەم لەگەڵ دورخراوەکان (المنفیین) لە (١٦/مایو)، مەقالەیەك لە ڕۆژنامەی (نیۆرك تایمز) نوسرا تیایدا ئاماژە بە وە دەکات کە عێراقیەکان تووشی بێ ئۆمێدیەکی زۆر بوونە کە هەندێ قسەیان بیستووە ، وە وا هەست دەکەن هاوپەیمانان پاشگەزبونەتەوە لەو ڕێکەوتنەیان کە لەپێشدا لەسەری پێك هاتبوون لەگەڵ حکومەتی ئەمریکی، وەکاتێ زانیم سەرچاوەی ئەم ڕاپۆرتە ئەو دیدارو چاو پێکەوتنانەیە کە لەگەڵ تاڵەبانی و ئەحمەد چەلەبی ئەنجام دراوە هەریەکەیانم بەجیا بانگ کرد ، پێیانم ڕاگەیاند ئێمە ناتوانین بەردەوام بین لەکارەکانماندا لەگەڵ تاقمی هەردوولاتاندا ئەگەر ئێوە گفتوگۆ نهێنیەکانمان بەو جۆرە بگەیەننە ڕۆژنامەکان ، جەلال تاڵەبانی ڕەزامەندی نواند و ووتی پێویستە لەسەر عێراقیەکان بەباشی کارەکانیان ئەنجام بدەن ، وەهەروەها ووتی ئەو حەوت کۆمەڵە (مجموعە السبعە) نوێنەرایەتی هەموو عێراقیەکان ناکات .. بەڵام چەلەبیم لەکۆتایی مانگی (مایو) بینی ، محاضرەیەکی بۆ ووتم لەسەر پێویستی جێی بەجێ کردنی ڕێکەوتنامەکە و پەلەکردن لەسەر دامەزراندنی (حکومەتی کاتی) کە(زاڵمای زادە) ئەو کاتەی (نێرراوی سەرۆك) بووە بەڵێنی پێدابوو لەماوەی چوارهەفتەدا دوای داگیرکردنەکە ، ئەو حکومەتە دا دەمەزرێنن ، منیش پێم ووت ( بەڕاستی ئەوە بەو ئاسانیە نیە و کارێکی ناواقعی یە ئێمە پێویستمان بەحکومەتێکە نوێنەرایەتی عێراق بکات وە لەتواناتاندا هەیە یارمەتیمان بدەن بۆبە دیهێنانی ئەو ئامانجە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەنیازین پەلەبکەین بۆ دامەزراندنی ئەو حکومەتەکاتیەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارێك داوای دامەزراندنی دەکات "

وەبریمەر لە جێگایەکی تر لەکتێبەکەی باس لە چەلەبی دەکات بەم شێوەیە :

" دەرکەوت بۆ هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵەکە  کە ئێمە و نەتەوەیەکگرتووەکان گەرمین لەسەر پێکهێنانی حکومەتی کاتی، وە دەسەڵاتەکانیان کەم دەبێتەوە لەناو هەر ئەنجومەنێکی فراواندا بن ، بۆیە ئەم کارە بەدڵی ژمارەیەك لەو ئەندامانە نەبوو ، بۆیە چەلەبی (بەسکۆت)ی ڕاگەیاند کە لەکۆتایی مانگی (مایو) دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگی دەرچوونی کچەکەی لە زانکۆی (هارفرد) . وەپێشبینی ئەوەشم دەکرد ماوەیەك لە واشنتن بمێنێتەوە و هەوڵی سەرنەگرتنی پلانەکەمان بدات کە تایەبەت بوو بەحکومەتێکی بنکە فراوان "

**وە لەجێگەیەکی تریشدا بریمەر باسی چەلەبی دەکات و دەڵێت :**

" لە ٢٣ / یونیو ڕۆڵی چەلەبی هاتەوە مەیدان ، بەپەلە گەڕایەوە بۆعێراق دوای ئەوەی دەڕۆژی لەواشنتن بەسەر برد لەم ماوەیەدا پشتگیری (کۆنغریس) و ئیدارە ی ئەمریکی بەدەست هێنابوو بۆ ڕووبەڕوبونەوەی پلانەکانی هاوپەیمانی سیاسی ، چونکە ئەحمەد چەلەبی تا ئێستاش خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێزو کەسدارە لە (واشنتن) . وە من ئەوەم بیستبوو کە ئەو زانیاریە هەواڵگیریانەی تایەبەت بەبەرنامەکانی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی سەدام لە ڕێگای (المؤتمر الوطني العراقی) گە یشتبووە واشنتن ، لەو کاتەدا چەلەبی بووە بە بەرهەڵستکارێکی ئاشکرای ئەم هاوپەیمانیە ، ، وە هەوڵی دەدا بۆ قەناعەت پێکردنی کۆمەڵەی حەوت (مجموعە السبع) بە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەنجومەنی فەرمەنڕەوایی ئەویش لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە لەو ئەنجومەنە "

لە دووبارە بوونەوەی باسی چەلەبی لای بریمەر ئەوە دەردەخات کە بریمەر چەندێ لەچەلەبی بێزار و هەراسان بووە ، وە لێرەدا ئەوەش دەڵێم ڕووداوێکی تریش هەیە پەیوەندیدارە بە چەلەبیەوە بەڵام قسەکردن لەسەری بەجێدەهێڵم بۆ ئێوە . قسەی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە جولەکەی ئیسرائیلی لە بەغداد

هەواڵنامەی کتێب

هەیە بەڵام تا ئێستا ئەوە بەبەڵگەوە نەسەلمێنراوە بەڵام بونیان لە (باکور) شتێکی بەڵگەنەویست و سەلمێنراوە . بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە جوولەکەکان خانوو ماڵی زۆریان هەبووە لە بەغداد و شارەکانی تری عێراق فرۆشتویانە یا بەجێیان هێڵاوە لەو کاتەی لە عێراق دەرچوون بەڵام وا دەردەکەوێت هەندێ لەو جوولەکانە بە نهێنیێ گەڕابێتنەوە بەناو کۆمپانیای گەورەو یا پشت ناوی سیاسی گەورەوە ، ئەمەش ویداد دووپاتی دەکاتەوە لەم ڕووداوە:

ویداد دەڵێت : گەنجێکی ئەمریکی هەبوو بەڕەگەز مسریە و لە قبتیەکانە تەمەنی ٢٤ ساڵە ناسراوە بە (وحید الصدر) ئەم ناوە لەدوور و نزیکەوە پەیوەندی نیە بە بنەماڵەی (الصدر) ی عێراقیەوە ، ئەم گەنجە بە شێوازێکی زۆر لە بریمەرەوە نزیك بوو، بە جۆرێك کە ئەو یەکێك بوو لەو کەسە زۆر بەپەرۆشانەی فشاری دەخستە سەر کەناڵی (LBC) بۆ بە درۆخستنەوەی هەواڵی ڕزگاربوونی بریمەر لە هەوڵێکی تیرۆرکردندا ، بەڵام ئەم گەنجە ڕێزی ویدادی دەگرت چونکە زانیاری هەبوو بەو پەیوەندیەی کەلەگەڵ بریمەر دا هەیبوو ، لەلایەکی تریشەوە لە بەر ئەوەی ویداد مەسیحیە ، ئەم گەنجە کاتێ بۆنە ئاینیەکانی مەسیحی لەبەرکردبوو ، وەبەردوام دیاری ئاینی و کتێبی پیرۆزی بۆ دەهێنا لەگەڵ دیاری تردا .

جارێکیان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند ڕوویدا لە نێوان ئەم گەنجەو (إنتفاض قنبر) و (حیدر الموسوی) لەئەنجامی هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی چەلەبی ئەم گەنجە هیچی بۆ نەکرا تەنها ئەوەنەبێت هەوڵیدا بریمەر ڕازی بکات ئیتر ڕێگانەدات ( قنبر و موسوی) بێنە ناوچەی سەوز ، ویداد دەڵێت من زۆر بەپەرۆشەوە بووم بۆ ئەم بڕیارە تەنانەت زیاتر لە ٤٠ دانەم کۆپی کرد و دابەشم کرد بەسەر هەموو فەرمانبەرەکان بۆ پێکەنین و ڕابواردن کە لەسەر بڕیارەکە هێماکانی هاتوو چۆ قەدەغەیە (ممنوع المرور)، وە هەندێکیان ترسناکە زوو

هەواڵنامەی کتێب

گڕدەگرێت (خطر سریع الاشتعال)م لە سەر وێنەکەی (قەنبەر) دا دەنا لەگەڵ بڕیاری قەدەغە کردنەکەدا .

ویداد دەڵێت (وحید ) پێی ووتم (قنبر) کۆمپانیایەکی بازرگانی خانوو زەوی بەڕێوە دەبات لە بەغداد ، کە ئەم کۆمپانیا (یەهودی ـ چەلەبیە) ئەم کۆمپانیە موڵکی (ئەحمەد چەلەبی) و کەسایەتیەکی جوولەکەی نەژاد ئەوروپیە ناسراوە بە (بیتر لانفوك) وە چەلەبی بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی لەسەر زەوی هەیەتی ، دەیەوێ ئاژاوە و نائارامی لەو ناوچانە دروست بکات کە بەنیازە خانووەکانی بکڕێت بۆ ئەوەی نرخیان دابەزێنێت و بیکڕێت ، وە هەروەها نامەی هەڕەشە ئامێز دەنێرن بۆ خاوەن کۆشکە گەورەکان لە بەغداد بۆ ئەوەی بترسن و بیفرۆشن و ڕێگری دەکەن لەوکەسانەی زیاتر دەدات کە کاتێ بیانەوێ بیکڕن ، وە دەڵێت ئەوان زۆر گرنگی دەدەن بە ناوچەکانی ( الطویجی ) و (الکرادة) (العرصات) و( المسیج) و ( بغداد الجدید) و ( النعیریة) و (المشتل) و( سبع البور) و (کمسارة) و (زیونة) ( تکام وایە تێبینی ئەوە بکەن ئەم ناوچانە ئێستا لە هەموو ناوچەکانی تر زیاتر تەقینەوە تیایاندا ڕوودەدات )

وە (وحید الصدر) دەڵێت هەموو ئەمانە دەگەیەنمە ڕاگەیاندنەکان بە درێژی : ( ئەگەر چەلەبی و یاریدەدەرەکانی بەردەوامبن لەم ڕەفتارانەیان ).

وە لەپرسیارێکدا کە ویداد ئاراستەی (وحید الصدر) ی کرد دەربارەی بوونی جوولەکە لە بەغداد ، ووتی جوولەکە بەهێزە وە بوونیان هەیە وەك بازرگان و سیاسی ، چونکە بەغداد ڕۆژێ لە ڕۆژان دەریکردوون ئەوانیش ئێستا بۆی دەگرێتەوە .........

ویداد ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە پاش ئەوەی من گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسیم ئەنجامدا لەگەڵ مەحمود عوسمانی ئەندامی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لەسەر

دەرئەنجامەکانی هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی چەلەبی ، بەڵام لەو کاتەدا نەم توانی بڵاوی بکەمەوە چونکە ئەم بابەتە لەوکاتەدا ترسناك بوو .

## دکتور (أیاد علاوی)

پیاوی ئەمینی عێراق ، دۆستایەتی تەواوی هەیە بۆ ئەمریکا ، دەستێکی ئاسنینی ژیرە، بریمەر بەردەوام باسی سەرسام بونی خۆی دەکرد بە (علاوی) لەناو کەسە نزیکەکانی خۆی ، ویداد دەڵێت جارێکیان دەربارەی (عەلاوی) ووتی چەندێ ئاواتەخوازم ئەم پیاوە ئەمریکی بوایە چونکە زیرەکی و هێزەکەی بەدڵا چووبوو ، بەڵام بەردەوام دەترسا لە (عەلاوی) لەوەی کە (عبدالعزیز الحکیم) و (چەلەبی) و(جەعفەری) شتێکی بەسەر بهێنن چونکە ئەمانە بەردەوام بۆ هەل دەگەڕان بۆ لەناوبردنی بەهۆی ئەو ڕابردووە بەعسێتیەی کە هەیبووە ، لەبەرئەوەی زۆریاریدەدەری سوونی لەخۆی کۆکردبووەو ، وەبرێمەر باوەڕی وابوو کە (علاوی) باشترین سەرکردەو کەشتیوانە بۆ کەشتی حکومەت ، بەڵام دەیزانی ئەمە لەداهاتوودا نابێت لەبەر چەند هۆیەك کەگرنگترینیان ئەو ڕقەگەرمەیە کە دڵی سەرکردە شیعەکاندایە بەرامبەر بە عەلاوی و یاریدەدەرەکانی ، بەتایبەتی کەدەرکەوت عەلاوی زیاتر لەکەسانی تر نزیکە لە بەعسیەکانە وە کتێبەکەی بریمەر زۆر ئاماژەی تیایە سەبارەت بە پتەوی و قوڵی هاوکاری نێوان بریمەر و عەلاوی هەروەك لەم بڕەگەدا دەردەکەوێت :

لە ڕۆژی ١٧/یونیو لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بۆچونێکی کتوپڕم بیست لە ڕایس ، هەواڵی پێدام کە سەرۆك حەزدەکات لەگەڵ بەرهەڵستکاران قسەبکات و کاتی دیاریکراوی گواستنەوەی دەسەڵات پێش بخەن بۆ دووڕۆژ ، بینیم ئەم بووچونە باشە بەڵام پێشنیارم کرد با عەلاوی ڕازی بێت ، بێ گومان یاخی

بووەکان پێشبینی ئەمەیان نەکرد بەلاَم من دوومەرجم دانا کە زۆر پێداگریم کرد لەسەریان و پێم وت (پێویستە ئەمە بە نهێنی بمێنێتەوە تاساتی کۆتایی ئەگەر وانەبێت هانی تێرۆرستەکان دەدەین بۆ جموجۆڵی زیاتر ، وە دووەم پێویستە پێش گواستنەوەی دەسەلاَت بەم پەلەیە چەند ڕۆژێك ڕێژەیەك لە بێدەنگی هەبێت وەپێم ووت پێویستە کارەکە وا دەرنەکەوێت کە ئێمە ئەوەندە شپرزەو پەلەین دەمانەوێت ئەو بارە لەکۆڵمان بکەینەوە و خۆمان لەو قەیرانە ڕزگار بکەین ،

(ڕایس) ڕازی بوو لەسەر دووپێشنیارەکەم وە منیش بەڵێنم دا کە ئەم بۆچوونە بخەمە ڕوو لای (عەلاوی) لە ڕۆژی دوایی ئەم بابەتەم لەگەڵ سەرۆکی وەزیران باسکرد و ئاماژەشم بەوەکرد کە ڕاپۆرتە هەواڵگیریەکان زۆرن و ڕاستن لەسەر ئەوەی کە تێرۆرستان بە نیازن هێرشەکانیان ئەنجام بدەن لە ٣٠/ یونیو ، ئەویش ڕازی بوو بەهەردوو مەرجەکە و ڕێکەوتین لەسەر دیاریکردنی ڕۆژی گواستنەوەی دەسەلاَت لەماوەی یەك هەفتەدا .

## بەڕێز (جلال الطالبانی)

سیاسیەکی نەرمە ، بریمەر حەزی بەدانووسان بووە لەگەڵیدا ، چونکە لەهەمووبارێکدا براوەبووە لەگەڵیدا ، بەلای بریمەرەوە (تاڵەبانی) ڕەگەزی دامرکاندنەوەی ئاڵۆزییەکانی ناو ئەنجومەنی فەرمەنڕەوایی بووە ، وە نوکتەکانی لەدڵیدا پاراستووە ، بە بڕوای بریمەر تاڵەبانی سیاسی یەکی باشتر بوو لەبارزانی کە توندڕەوێکی کوردیە سەرەڕای ئەوەی تاڵەبانی بەردەوام بەرگری لەکوردو مافەکانی دەکرد ، بەلاَم هەوڵیدەدا بۆ چوون و ئاراستەجیاوازەکان لەیەك نزیك بکاتەوە . وە شارەزاییەکی سیاسی کەم وێنەی هەیە ، هەروەها ئەو ڕقی لەبەغداد و عێراق نیە ، بەپێچەوانەی بارزانیەوە کە بە ووتەی بریمەر وەك لە

کتێبەکەیدا نووسیوویەتی ڕقی لە بەغدادە . ( وە لەڕۆژی دواتر گەیشتم بە بارزانی کە دادەنرێت بەسەرکردەیەکی خێڵەکی تەقلیدی کوردی زیاتر لە تاڵەبانی ، کە جل و بەرگێکی نەریتی کوردی لەبەردەکات ، لەماڵێکی سەرنج ڕاکێش دەژی لەلوتکەی چیاکان لە صەلاًحە الدین و چواردەوری گیراوە بە پیاوانی خێڵەکەی و داری سێو ، وەمن لەبەغداد ژیانم بەسەر دەبرد کە پلەی گەرمی زۆر بەرزبوو ، بارزانی ووتی (ڕقم لەبەغدادە وە حەزناکەم ناچاربم لەوێ بژیم یا سەردانی بکەم ، بەلاًم ئەگەرتۆش سوری بەناچاری ڕازیم بچمە ناو (ئەنجومەنەوە) منیش ووتم بەڵێ سوورم لەسەر ئەوە ووتی لەبەرئەوە منیش ڕازیم ) .

**حمید مجید موسی**

هیوایەکی لاوازی شوعیە وەبەرهەڵستکاری هەمیشەییە ، بەشێوەیەك ئەگەر کەسی دەست نەکەوێت بەرهەڵستکاری خودی خۆی دەکات ، قسەی زۆرترە لەکردەوەی ، پیاوێکە دەیەوێت گیان بخاتەوەبەر لاشەی مردووی شوعیەت ، خاوەنی شێوازێکی جوانە لەقەناعەت پێکردنی بەرامبەر . بەلاًم جەماوەریی نیە، چونکە ئەو درێژەی پارتێکی شکلیە کە ناوەکەی گەورەترە لە بنکەکەی ، ئەمە بووچوونی ڕاست و ڕوونی بریمەر بوو سەبارەت بەو پیاوە ، بە پێچەوانەی ئەوەی لەکتێبەکەیدا باسی دەکات .

(حەمید ماجد موسی پیاوێکی کامڵ و چالاکە و لەناوەڕاستی چلەکانی تەمەنیدایە ، وە موسی کەسەر بەتایەفەی شیعیە لەزۆربەی ئەندامەکانی ئەجومەنی فەرمانڕەوایی بەتواناترو جەماوەریی ترە ).

**عبدالکریم المحمداوی**

ڕێگر ، گێل لەسیاسەتدا ، سیاسیەکی بەڕێکەوت ، بریمەر دەڵێت هەموو ڕۆژێك ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی هەندێ لەپشتیوانی بەدەست دەهێنن و هەندێکیش دەدۆڕێنن ، تەنها (المحمداوی) نەبێت کە بەردەوام لە دۆڕاندایە ، جارێکیان بریمەر پەیوەندی کرد بە (المحمداوی) بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکات دەربارەی بۆ چوونی لەسەر ڕووداوێك کەلەیەکێ لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی ڕوویدا . (المحمداوی) یەکسەر چووە سەرباسی مێژووی خەباتی خۆی و داواکاریە تایبەتیەکانی خۆی . بریمەر ناچار بوو تەلەفۆنەکە بەسەریدا دابخات ، ووتی ئەمە ڕێگرە ، بریمەر بوونی (المحمداوی) لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ڕیزبەند کردبوو لەناو هەڵە سیاسیەکان .

## عدنان الباجەجی

هەواڵنامەی کتێب

پیاوێکە لەسەردەمی خۆیدا ناژی ، کاتی دەسەڵاتی وەك سەرکردەیەك کۆتایی هاتووە ، سەرەڕای ئەو ڕێزە زۆرەی بریمەر هەیبوو بۆ پاچەچی ، بەڵام دەیوت پیاوێکە سەردەمی بەسەرچووە ، چونکە زیرەکترین و بەهێزترین کەس لەبەردەم گەورەیی تەمەندا دەکەوێت و هیچی پێناکرێت . پاچەچی پشتیوانیەکی بەهێز دەکرا لەلایەن ئەمریکیەکانەوە چونکە تێڕوانیان وابوو کە پیاوێکی بەهێزی سوونەیە ، بەڵام لەسەر زەوی بۆچوونەکان بەردەوام دەگۆڕێت ، بریمەر لەماوەی کاریدا لەعێراق لەوە گەیشتبوو کە پاچەچی پیاوی سوونەیە تەنها لەسەر کاغەز .......

ویداد دەڵێت ڕۆژێ بریمەر ووتی من زۆر ڕێزی ئەم پیاوە دەگرم و بەزەیم بەحاڵیدا دێتەوە ، بەڵام چاك وایە بۆخۆی خانەنشین بێت .

لەوانەیە ئەم بەشە لە کتێبەکەی بریمەر هەندێ لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ پاچەچی ڕوون بکاتەوە :

(پێویستە لەسەرم یارمەتی عەدنان پاچەچی بدەم کە دەیویست بگاتە خێزانەکەی لە (أبوظبي) ، پێویستە لەسەرم بۆئەوەی هاوکاری بکەم بەسەربەرزی عێراق بەجێ بهێڵێ. بۆیە لە ٢/یونیو بەرەو فرۆخانە کەوتمە ڕێ لەگەڵ (سکوت کاربنتر) و (دیفید ریکمولاند) بۆ بەڕێکردنی ئەو پیاوە ، وەپێش دوو ڕۆژ لەڕۆیشتنی کەوتە ژێر ڕەخنەی ڕاگەیاندنەکان بەهۆی ئەوەی لەپێشا ئەندام بووە لەحزبی بەعس ، ئەمە وای لێکرد کە بڵێت ڕازی بوونم بە پۆستی سەرۆك دەبێتە مایەی دروست بوونی حاڵەتێکی شلەژان بۆ ئەم حکومەتە تازەیە ، پێکەوە گفتوگۆمان کرد لەسەرپێویستی ئەندامانی حکومەت بۆ هاوکاری ، وە بۆچونەکانی خۆم بۆ باس کرد سەبارەت بەوەی ئەم دابەشبوونە تائیفیەی باڵی کێشاوە بەسەر پیاوانی سیاسی عێراق لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لەناو هاوڵاتیانی سادەدا کەمتر دەردەکەوێت. ئەم بۆچونەم بۆدروست بوو پاش ساڵێك لەگەڕان لەزۆربەی ناوچەکانی وولاتداو ووتوێژکردن لەگەڵ هەزاران عێراقی . وە پێم ڕاگەیاند هیوادارم جارێکی تر لەواشنتن بەیەك بگەینەوە . وەبەڵێنم دا کە ژەمە خواردنێکە چەور بۆ خۆی و هاوسەرەکەی ئامادەبکەم وەوتیشم : ( زۆر تورەدەبم ئەگەر بزانم هاتوویتە ئەو شارەو پەیوەندیت لەگەڵ نەکردووم ).

پێویستە لێرە ئاماژەیەك بەوە بکەم کە ناکۆکیەکی سیاسی بەنهێنی دروست بوو لە نێوان پاچەچی و بریمەر لەسەرەتای دەسەڵاتی بریمەر . دوا ئەوەی کەزانی پاچەچی هەوڵی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی سیاسی دەدات لەگەڵ هەندێك لەگروپە چەکدارەکان ، بەبێ تەنسیقێکی تەواو لەگەڵ ئەمریکیەکان . بۆیە پاچەچی ناچاربوو داوای لێ بوردن بکات و لەو هەوڵە تاك لایەنانەی پەشیمان

بێتەوە و ببێتە یەکێك لەکەناڵەکانی بریمەر بۆ ووتووێژ لەگەڵ هەندێ گروپی چەکدار . ئەمە بەپێی قسەکانی ویداد .

## بەڕێز (عقیله الهاشمی)

بریمەر سەرسام بوو بە (الهاشمی) بەیەکێك لەدیارترین کەسایەتیە ئافرەتەکانی ناو ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ناوەزەند دەکرد . وەسوپاسی ویدادی دەکرد کە ئەوی دەست نیشان کرد . زۆر جار ڕاوێژی پێ دەکرد لەسیاسەتی دەرەوەدا . جارێکیان بەئامادەبوونی ویداد پرسیاری لێ کرد کە بۆچوونی چۆنە لەسەر تاریق عەزیز . ئەویش بەبێ ترس و دڵە ڕاوکێ دەستی کرد بەهەڵدان بەشان و باڵیدا . بۆیە بریمەر وەسفی کرد بەسوار چاك، وەزۆر دڵ تەنگ بوو بەکوشتنی چونکە بەتاکە شیعەی میانڕەو تەماشای دەکرد لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایدا . گومانی وابوو لەناوبردنەکەی بەدەستی شیعە بووە لەبەر ڕابردووی کە بەعسی بووە . سەرەڕای ئەوەی کە زۆر گروپی چەکدار تێرۆرکردنەکەی دەگرتە ئەستۆی خۆی ، .

هەواڵنامەی کتێب

## شێخ (غازی عجیل الیاور)

پیاوێکی خێڵەکی بیرتەسك ، یاوەر خاوەن قورساییەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری نی یە لەعێراقدا . تەنانەت خێڵەکەشی (شەمەر) کە سوونیە هەموویان پشتیوانیان لێ نەدەکرد سەرەڕای ئەوەش هیچ جۆرە پشتیوانیەکی نەبوو لەناو شەمەرە شیعەکاندا . جارێکیان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە دروست بوو لەنێوان (یاوەر) و (پاچەچی) بریمەر ووتی ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەی دبلۆماسیەت و خێلایەتی یە ، بریمەر وای پێش بینی دەکرد کە یاوەر هەوڵی بەدەست هێنانی کورسی سەرۆکایەتی دەدات . لەبری ڕۆڵی گەورەی خێلێك

دوای ئەوەی کە نەی توانی سەرۆك خێڵی بەدەست بهێنێت . بەهۆی ڕکەبەرێتی خزمەکانی .

## دکتۆر(محسن عبدالحمید)

پیاوی هەڵە ، بریمەر هێنانە پێشەوەی ئەم پیاوەی بەهەڵەیەکی سیاسی دادەنا چونکە دوورنیە ئەم پیاوە ببێتە بەرهەڵستکارێکی چەکدار لەهەر ساتێکدا بێت ، چونکە هەڵگری بیرو باوەڕێکی توندڕەوانەیە ، وە هونەری پێشەوایی نی یە ، بەبڕوای بریمەر بۆچونەکانی عبدالحمید لە ژێر کاریگەری یاریدەدەرەکانی دایە . چونکە ئەو یاسادانەرێکی (تەشریعی) بەتوانایە بەڵام جێبەجێ کەرێکی سەرنەکەوتووە . بەهیچ شێوەیەك . بریمەر خۆشی نەویستوە بۆیە یەك ڕۆژیش . جارێکیان دەربارەی عبدالحمید ووتی تێناگەم ئەم پیاوە نیازی چی یە وەکو کاهینێك دێتە بەرچاوم کە لەخەڵوەتێکەوە کەوتبێتە ناو هۆڵێکی گەورەی سەماکردن(دیسکۆ)وە .

هەواڵنامەی کتێب

## دکتۆر (محمد بحر العلوم)

ڕق و کینەی شارەوە ، سەرەڕای هەوڵ و چالاکی زۆری بۆ جێ بەجێ کردنی پیلانەکانی ئەمریکا ، بەڵام ئەو ڕق و کینە شارەوەی هەیبوو دژی سەدام لەسەر خۆ گۆڕا بۆ ڕق و کینە دژی سوونە ، بحر العلوم لەڕواڵەتدا بەرهەڵستکاری ئەمریکا بوو بەڵام لەژێرەوە هاوپەیمان بوو .

بەپێی قسەکانی ویداد کەلە بریمەری بیستبوو بەدەست هێنانی پشتگیری ئەم پیاوە لەڕێگای گیرفانیەوە دەبێت . بریمەر وەزارەتی نەوتی دابە إبراهیم بحر العلوم چونکە وەلائی بۆ ئەمریکا بوو وەهەروەها لەبەر چاوچنۆکی باوکی . چونکە ئەو بەخەلاتێکی کەمیش ڕازی دەبێت . ئاوات و بۆچونەکانی سادە بوو .

وە بریمەر لەکتێبەکەیدا لەزۆر جێگە باسی دەکات تەنها ئەوەی مەبەستە لێرە دەرخستنی کەسایەتیە ڕووخۆش و گاڵتە جاڕیەکەیەتی کە ئەم لەدۆڵێك دەژی و عێراق – گشت عێراق – لەدۆڵێکی تر دەژی . د

وەدکتۆر محەمەد بحر العلوم وەك بریمەر لە بۆنەیەکدا بۆ ویدادی دەگێڕێتەوە ، زۆر بریمەری بێزار دەکرد بەو ژمارەماچەی لەسەر گۆنای بریمەر تۆماری دەکرد وەهاوبەشێکی نهێنی هەبوو لەنێوان بریمەر و (ئیبراهیم محەمەد بحر العلوم) کە کەس نەیدەزانی لەوانەیە ئەم قسەیەی وەزیری نەوتی جەزائیر ئەشکرای بکات کەلەکۆبوونەوەیەکی (أوبك) لەجەزائیر ووتی: ـ

(٢ ملیۆن نەوتی عێراق نێردراوەتە دەرەوە لەبازاڕەکاندا دیار نی یە نەمانتوانیووە ئاراستەکەی دیاری بکەین و لەبەشە نەوتی فرۆشراوی عێراقیشدا تۆمارنەکراوە ..... ئەم برە زۆرە بۆکوێ چوو ؟

وەدکتۆر محەمەد بحر العلوم یەکەم کەس بوو بریمەری بەدزێتی تاوانبار کرد لەکاتی دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی کەڕۆژنامەی (البیئە) عێراقی لەگەڵیدا سازی کردبوو ، کەبۆ مێژوو ئەم بەشەی دەخەمە ڕوو: ـ

(دزیەکان لەسەردەستی ئەو بەرپرسە ئەمریکیانە ئەنجام دراوە کە دوای ڕووخانی ڕژێم پۆستی فەرمیەکان گرتوەتە دەست ، وەحاکمی مەدەنی (پۆڵ بریمەر) کەدەسەڵاتی کۆتایی هات دوای گەڕانەوەی دەسەلات بۆعێراقیەکان زیاتر لە (٢٥٠) ملیار دۆلار ی لەسامانی عێراق دزیبوو . وە بڕێکی زۆر لە جیوە (زئبق) و شتی تریش ........ وە ووتی : بریمەر دوای ئەوەی عێراقی کردە ولاتێکی بێ میزانیە ئینجا بەجێی هێشت ..... وەخاوەنی ماچەگەرمەکان بۆ بریمەر محەمەد بحر العلوم دەڵێت : بریمەر بەدیکتاتۆرو زۆر دارێکی وا بالادەست بوو بەسەر ئەندامەکانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کە لەسەروی دیکتاتۆریەتێکی سەدامەوە بوو .... وە ووتی ئەگەر بەدەست بریمەر بوایە

ئاوی خواردنەوەشی لێ قەدەغە دەکردین ، ..........) منیش هیچ قسەیەکم نی یە لەسەر ئەم جیاوازی و ناکۆکیە ئەرکەکە بۆ ئێوەی خوێنەری بەرێز بەجێ دێڵم .....

**محمود عوسمان**

پیاوی سەرشاشەیە ، جارێك بریمەر باگاڵتەو پێکەنینەوە پێی ووت ئامۆژگاریت دەکەم لەدوای خانەنشین بونت ببە بەدەرهێنەری تەلەفزیۆنی ئەمەش بەهۆی ئارەزووی زۆری بۆدەرکەوتن لەکەناڵە کاندا . چونکە زۆرجار لەتەفزیۆن دەردەکەوت بەبێ ئەوەی بزانێت چی لەدەوروبەری ڕوودەدات بەخۆشحاڵیەوە بانگهێشتی کەناڵەئاسمانیەکانی قبولّ دەکردو فزولیەتی ڕۆژنامەنووسەکانی تێر دەرکرد بە لێدوانە ئاگرینەکانی . جارێك بریمەر داوای لێ کرد واز بێنێت لەڕاگەیاندنی پرۆژەکان پێش بریاردان لەسەری . جارێکیان بریمەر لەبارەیەوە ووتی قسەکانی (محمود) درێژکراوەیەکی سروشتی یە بۆ ئەو بیروبۆچوونانەی کەلەتاڵەبانی و بارزانیەوە وەری دەگرێت .

هەواڵنامەی کتێب

**کاك (مسعود بارزانی)**

سەرکردەی کوردەکانەو بەرگری کەرێکی کوێرانەیە لەبەرژەوەندیەکانی کورد . پێی وایە کورد ڕەگەزێکە لەسەروی هەموو ڕەگەزەکانی ترەوەیە . لەبەر ئەوە شایستەی هەموو مافێکن زیاتر لەوانی تر . دەبێت زیاتر لەوانی تر بەرن . چونکە ئەوان باشترن قوربایدانەکانیان زۆر ترو گەورەترە لەقوربانی دانی ئەوانی تر ، هەروەها هاوپەیمانێکی سیاسی و سەربازی ئەمریکایە . بەلاّم لایەنەکانی تری عێراقی تەنها هاوپەیمانی سیاسین یاخود شێوەی هاوپەیمانێکی سەربازی ڕەمزیان هەیە ، ئەوەی کورد بەئەمریکای بەخشیوە ، ئەوانی تر نەیان بەخشیووە . بارزانی متمانەی بەکەس نی یە ڕقی لە (چەلەبی) و (عبدالعزیز) و

(محسن عبدالحمید) و ( جەعفەر) یە . بەڵام ئاسودەو دڵ خۆشە بە (عەلاوی) و ڕێزی (پاچەچی) و (چادرچی) دەگرێت ، بەپێی قسەکانی ویداد کە لەبریمەری بیستبوو بارزانی خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای وەبەرهێنانە لەباکوری عێراق بەهاوبەشی لەگەڵ جوولەکەیەکی ئەمریکی بەڕەگەز عێراقی بەناوی (داود حلیان) .

بریمەر پێشبینی دەکرد دوا ی ڕۆیشتنی برێمەر مسعودبارزانی چەند بڕیارێکی سیاسی توندڕەوانە بدات ، لەبەرژەوەندی کورد ، چونکە ناتوانێت لەوەزیاتر چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی بکات . چونکە بریمەر ببوو بەدامرکێنەری ئەم بڕیارانەی ئەو لەوکاتەی لەعێراقدا بوو .

## دکتۆر (موفق الروبیعی)

کتێبخانەی ئەڵقەی

درۆزنێکی گەورە ،بریمەر پێی وایە کە روبەیعی پزیشکێکی خراپ بووە ، چونکە ڕاستگۆیی یەکێکە لە سیفەتەکانی هەموو پزیشکێك . بەڵام روبەیعی هەر بە سرووشت درۆزنە.کەسێکی دەت بڕو مەرایی کەرە بۆ عبدالعزیز الحکیم ڕازی بەبەرماوەی سفرە .

زۆر جار بریمەر سەرزەنشتی دەکرد و پێی دەگووت . تۆ یەکەم کەسی کە ڕەخنەدەگرێت و دواین کەسیشی کە چاك ڕێك دەبیتەوە .هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕۆڵێکی گەورەتر بە خۆی بدات . لەوەی کە ئێستا هەیەتی ئەویش بەوەی کە لە سەر زاری (( سیستانی )) یەوە قسە دەکات ، یا خود دەیەوێت ڕۆڵی ناوەندگێڕ و نزیککەرەوەیەکی ببینێت لە کاتی تەنگەژە و ڕووداو و پێشهاتە لە پڕەکان .

ئەمە و بریمەر چەندین بەڵگەنامەی لە لایە کە دەیسەلمێنێت روبەیعی دەستی لە دزین و تالانکردندا هەیە . بەلاّم نازانم بۆ چی ئاماژەی پیّ نەداون ، پیّ دەچێت بۆ داهاتوو هەڵیگرتبێت.

## نصیر كامل چادرچی

دانا و کەم فێڵ و بیّ دەسەلاّت بریمەر کەسایەتی چادرچی خۆشدەویست و بە یەکێك لە سیاسەتمەدارە وریاکانی . بەلاّم هیچ پێگەیەکی جەماوەری نییە . و بە کەڵکی ڕاوێژکاری و یاسادا ڕێژەری و پلاندانن دێت.تاکوو سەرکردەیەکی ڕاپەڕینە، هەر بۆیە بریمەر هەمان پۆستی پلاندانانی لە سەرەتای دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی‌دا پیّ بەخشی .بەلاّم خەونە سیاسییەکانی لەو پۆستە گەورەتر بوون . هەرچەندە هەژار بوو لە ڕووی سیفاتەکانی سەرکردەوە . بە پێی بۆ چوونەکانی بریمەر . ئەمەش لە سەر وتەکانی ( ویداد )وە.

## قازی (وائل عبداللطیف)

دانایی وپاکژوو و میانەڕوی . بریمەر زۆر ڕێزی لە قازی وائل دەگرت و ڕاوێژی پێدەکرد زیاتر کەسانی تر.و بریمەر ڕۆژێکیان لە سەری دواو ووتی: نموونەی سیاسەتمەداری شیعەیە . بەلاّم قازی وائل زۆر پەسەند نەبوو لە لایەن سیّ کوچکەی شیعە ( جەعفەری و حەکیم و چەلەبی ) ئەمەش دەبێتە هۆکاری لاوازی ڕۆڵی ناوبراو لە داهاتووی شیعە و عێراقدا . ئەمەش بە پێی وتەکانی ( ویداد )ەوە کە لە بریمەری وەرگرتووە.

## یۆنادم کەنە

ئەو کەسەی بەردەوام دەگری بۆ مافی کەمایەتیەکان و مەسیحییەکانە و پێی وایە مەسیحییەکان بە تایبەتی لە عێراقدا چەوساوەن.

بەردەوام بۆ کونی دەرزییەك دەگەڕێت تا لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی‌دا جێی خۆی بکاتەوە ، بەڵام لە هەموویان لاوازترە.بریمەر ڕۆژێك بە ویدادی ڕاگەیاند .بە تەواوەتی هیوا بڕاو بووە لە ( یونادم کەنە ) ووتی: دیارە مەسیحییەکانی عێراق کەم و کوڕن لە ڕووی ئەزموونی سیاسییەوە .( ویداد ) وەڵامی دایەوە و ووتی: ئەی چی دەڵێیت سەبارەت بە ( تارق عەزیز ) ئەویش ووتی : لە هەموو بنەمایەکدا نامۆ هەیە .( لکل قاعدة الشواذ ).

## دکتۆر (رجاء حیبب الخزاعی)

خانمی ئیش و کار ، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کێ زیاتری پێدەدات . دەنگی خۆی بداتێ.لەم ڕووەوە لەگەڵ ( سوون گول جابوك ) یەك دەگرنەوە . بەڵام ( رجاء ) لە ( سوون گول ) زیرەکترە.و بریمەر ناچار چەند جارێك هەڕەشەی لێداوە کە بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و بابەتە سیاسییەکان نەکات .لە باس و بابەتە کوردیەکاندا دەنگی خۆی دەدایە کوردەکان ،و لە باس و بابەتە کانی شیعەشدا دەنگی خۆی دەدانێ و دەنگی خۆی بە هەر کەسێك دەدا گرنگ بە لایەوە بەرزبوونەوەی ڕەسیدیەتی لە بانکەکانی جیهاندا. ( ویداد ) پێی ڕاگەیاندم کە تا ئەندازەی شێتی سەرسام بووە بە کەسایەتی ( جەعفەری ) و بە تەواوەتی عاشقی بووە. بەڵام ( جەعفەری ) ئەم عەشقە سیاسییەی بۆ خۆی نەقۆستەوە . بریمەر سەبارەت بە ( رجاء ) دەڵێت: ( رجا ء) بۆ بەرهەمهێنێکی بازرگانی دەسدەدات .نەك وەك خانمێك کێشە نیشتمانییەکان لە ئامێز بگرێت.

**سمير شاكر محمود الصميدعى**

لاوازترین سەرکردەی سوونەیە لە بەر ئەوەی لایەنگری توند ڕەوی ناکات بە سرووشت کەسێکی هێمن و دانایە و پەیوەندی گشتی بە هێزە و بریمەر دەترسا لە بەر نەبوونی پێگەیەکی جەماوەری تیرۆر بکرێت.چونکە لە کاتی دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی‌دا نوێنەرایەتی پارێزگای ئەنباری دەکرد کە سەختترین پارێزگا بوو لە ڕووی ئاڵۆزی و کێشەکانەوە . ( بریمەر ) ناوزەدی کرد بە پیاوی سیاسەتمەداری جوامێر لە نێو گۆرەپانی گێل و گەمژەکاندا هەر بۆیە ( بریمەر ) و ( علاوی ) کۆك بوون لە سەر لادانی لە سەر وەزارەتی ناوخۆ چونکە وەزارەتی ناوخۆ پێویستی بە کەسێکی ڕەق و توندە کە ئەمەش لەگەڵ کەسایەتی ( سمیر ) دا ناگونجێت.

**صلاح الدين محمد بهاالدين**

سەلەفییەکی توند ڕەو لەگەڵ وەستانی جێ بە جێ کردنیدا. صلاح الدین سیاسەتمدارێکی ئیسلامی یە ، پەیڕەوی سەلەفییەکی میانەڕەوانە دەکات. هەر چەندە بە سۆفییەتەوە نزیکە. زۆر لێزانانە ئایینی بۆ سیاسەت بە کار هێناوە و ( بریمەر ) متمانەی پێ نەبوو ، پێی وابوو کە صلاح الدین سەرکردەی شەقامی ئیسلامی کوردییە و لە توانایدایە ڕۆژێك ببێتە سەرکردەیەکی ئیسلامی سیاسی دیار و دەرکەوتوو . هەروەها لە ( محسن عبدالحمید ) ەوە زۆر ژیر و داناترە هەر چەندە لێکچوونێك هەیە لە بەرنامەیاندا. و خاوەن فیراسەو بەرچاو ڕوونییەکی ترسناکە.

## سوون گوڵ جابوك

پیتزا فرۆش ( بریمەر ) ئەم نازناوەی لێ نا ، کاتێك کە لە سەر شاشەی یەکێك لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە دەرکەوت و بە ووتە نارێك و شێواوەکانی لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە سیبویە و زمانی عەرەبی و جل و بەرگەکانی نا ڕێك و پێك و شیاوی ئەندامی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی نەبوو . هەروەها وتە و گوتاری نا بەرپرسانەی دەگووت و هیچ جۆرە ووتار و گوتارێکی سیاسی و پلانێکی بۆ داهاتوو پێ نە بوو ئێجگار بێ ئەزموون بوو و بە فشاری کوردەکان هەڵبژێررا بوو بۆ ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی تاکو نوێنەری تورکمانەکان کەسێکی لاواز بێت. هەر کاتێ ویستیان دەنگی بکڕن . و زۆر کەسێکی چرووك و پیسکە بوو و پەیوەندی سۆزدارییانەی نادروستی هەبوو لەگەڵ یەکێك لە یاریدەدەرەکانیدا ئەمە بە پێی وتەی ( ویداد ) کە لە ( بریمەر ) ەوە وەریگرتووە.

## عزالدین سلیم

پیاوی مزگەوت ، خۆی بە یەکێ لە هێماکانی زیندوو کەرەوەی کەلتووری شیعە دادەنا لە وولاتێکدا کە هیچ کاتێك شیعە نەیتوانیوە بە ئازادانە ڕێ و ڕەسمە ئایینیەکانیان ئەنجام بدەن. تا ڕادەیەکی زۆر توند ڕەو بوو خاوەن هیچ گووتارێکی سیاسی و نەخشەو پلانی داهاتووانە نییە بۆ ئەو شوێنە دەڕوات کە بەلەمی بەرژەوەندییەکانی شیعە بۆی دەچێت. هیچ خواست و ئامانجێکی سیاسی نییە و پێگەی جەماوەری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کەمبوونەوەدا بوو بە هۆی جەمسەر گرتنی بەدر و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ڕەوتی صەدر و دعوە ( جعفری ) بۆی.

پێم باشە ئەم ڕووداوە بگێڕمەوە تا بە تەواوەتی لە کەسایەتی عزالدین سلیم تێبگەین:—

هەواڵنامەی کتێب

بە چاودێری کوردەکان  لە شاری هەولێر کۆنگرەیەك بەسترا بۆ ( گفتووگۆ و ئاشتبوونەوە ) بە ئامادە بوونی ( ئیبراهیمی ) و ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی منیش لەگەڵ دەستەی ژیانی ( ال بی سی ) دا بووم بۆ گواستنەوەی ڕێ و ڕەسمی کۆنگرەکە و ( عزالدین سلیم ) سەرۆکی کاتی ( مانگانەی ) ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی بوو . دواتر هەر یەکە لە ئامادەبووان و ئیبراهیمی ووتاری خۆیان دا تا گەیشتە ( عزالدین سلیم ) و سەرکەوتە سەر سەکۆی ووتاردان و بەردەوام خەریکی هەڵکردنی جلو بەرگە فراوان و شۆڕەکەی بوو، ئەمەش بووە هۆی کوژاندنەوە و داخستنی کامێراکان هە رەموویان پێکەوە . بە لایەنەوە گرنگ نەبوو ووتاری کەسێك تۆمار بکەن کە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ڕووداوەکان نەبێت ، جگە لەوەی کە دەبێ پاتری شەحن بکەن و وێنە بگرن و...هتد.بەڵام من لە تەنیشت کامێرایەکەوە بووم و نەمهێشت دەستەکە کامێراکانیان بکوژێننەوە.

ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی .و ( عزالدین سلیم ) تیرۆر کرا و لێرەدا وتارەکەی لە سەر ( گفتووگۆ و ئاشتبوونەوە ) بووە پێویستیەکی گرنگ  بۆ ڕاگەیاندن و هەواڵەکان چەندین جار هاتن بۆ لام تا تۆماری بکەن، بەڵام کاتی خۆی لە ناوماندا بوو لە بەر لاوازی ووتارەکەی .........

ئەم ڕووداوە بۆ ئەوەبوو تا زیاتر لە کەسایەتی ( عزالدین سلیم ) شارەزا بین کە خاوەن حوشترێك نییە لە کاروانی سیاسی عێراقدا.

**السيد عبدالعزيز حكيم**

بە هێزترین پیاوی عێراق لە پاش ( سیستانی )یەوە ، توند ڕەو و ژیرە پیاوی بەهێزی ئێران و بەرگریکاری یەکەم ە لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو

هەواڵنامەی کتێب

وولاٍتە.( بریمەر ) دەلٌێت : هەر چەندە تەماشای مێزەرەکەی ( حکیم )دەکەم هەست دەکەم ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی لە لایەن ئێرانەوە.

بریمەر زۆر دلٌنیا بوو لەوەی کە ( عبدالعزیز الحکیم )سەرپەرشتی گەورەترین هەلٌمەتی پاکتاوکردنی مرۆیی دەکات لە عێراقدا بۆ خزمەتکردنی بەرژوەندییەکانی ئێران بە پالٌنەری مەزهەبی ، هەروەها بریمەر زۆر جار ناچار دەبوو پێش هەر بریارێك لەگەلٌ ( حکیم ) دا ڕاوێژ بکات نەوەك دواتر دژی ئەو بڕیارە بوەستێتەوە . و زۆر جار ( بریمەر ) ئامۆژگاری دەکرد و پێی دەووت زۆر کەمەندکێشی ئێران مەبە ئەمە بە پێی ووتەکانی ( ویداد )وە کە لە ( بریمەر ) وە وەریگرتبوو.

ئەمە و بریمەر نیمچە دلٌنییایەکی هەبوو لە سەر ئەوەی ( پاسداران )ی ئێرانی ( محمد باقر حکیم ) یان بە ئاگاداری براکەییەوە تیرۆر کرد ،چونکە ناوبراو بە هیچ شێوەیەك کوێرانە شوێن سیاسەتەکانی ئێران نەدەکەوت بە هۆی بە هێزی کەسییەتی و پێگە جەماوەریەکەی ، کە زۆر لە براکەی کاریگەرتر بوو بەلاٌم براکەی زیاتر پەیوەست بوو بە ئێرانەوە .

ئەمە بە پێی ئەو زانیارییانەی لە لای بریمەر هەیە کە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی و ڕاپۆرتێکی سەربازی ئەمریکی دەستکەوتووە کە ( ویداد ) بینیویەتی.

## سلامە خفاجی

یەکێکە لەو کەسایەتیە ئافرەتانەی کە زۆر تووند ڕەو دەمارگیرن. هەروەها بریمەر دژی ئەوە بوو کە ( سلامە )بێتە ناو ئەنجوومەنەوە لە جێگەی ( الهاشمی ) بەلاٌم ئەمە بە هۆی هەلٌەکانی دیمۆکراسییەوە بوو. لەگەلٌ بوونی گرێبەستێکی سیاسی بە پێی بۆ چوونەکانی بریمەر .

بریمەر لە پێکهاتەی یەکەمی ئەنجوومەن دووری خستەوە بە هۆی توندڕەوی و لایەنگری بۆ هەر یەکە لە ( جەعفەری ) و ( حکیم ) کە ڕاتبی لە هەر دوولا وەردەگرت. بە بۆ چوونی بریمەر سلامە خفاجی نوێنەرایەتی ئافرەتە توندڕەوەکانی عێراقی دەکرد کە ژمارەیان زۆر کەمە.

ئەو کەسایەتیە سیاسیانەی کە لە دەرەوەی ئەنجوومەنی فەرمانڕەواییدا بوون و لەگفتوگۆکانم لەگەڵ ڕاوێژکار و خۆشەویست و خێزانی ( بریمەر ) و ( ویداد فرنسیس ) دا ناویان هاتووە.

## عزیز الیاسری

پیاوێکی چەنەبازە ،جگە لە وتار هیچی پێ نییە و لە ڕووی سیاسییەوە دۆڕاوە. جارێکیان ( بریمەر ) لە سەر ووتارە ئاگرینەکانی دواو ووتی ئێمە لە وەلامی نادەینەوە بەڵکو دیموکراسی لە یەکەم هەڵبژاردندا کەناری دەخات.

## مشعان الجبوری

زیتەڵ و کۆڵنەدەر ، بریمەر پێی وابوو ( مشعان ) خالّی بە یەکگەیشتنی کورد و عەرەبی سوونەیە. و دڵسۆزو لایەنگری بەوەفایە بۆ سوریا بە هۆی بونی بیروباوەڕی نەتەوایەتییەکەیەوە . دوژمنانی لە دۆستانی زیاترن ،لە پێش هەموویانەوە شیعەکان . ( بریمەر ) چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد لە قۆناغی هەڵبژاردنەکاندا دەرکەوتنێکی سیاسیانەی ببێت . بە هۆی بوونی خەسڵەتی هونەری قەناعەت پێکردنی بەرامبەر هەروەها بە باشی خستن گەڕ و بە کارهێنانی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکانی.

هەواڵنامەی کتێب

## مثال آلوسي

یاخی بووی زیرەك ، بریمەر زۆر سەرسامی شێوازی خۆ دەرخستنی سیاسیانەی ئالووسی بوو، زۆریش گوێی بۆ دەگرت لەبەر ئەوەی دوژمنی بەعس و سەدام بوو، هەر لە بەر ئەم مەبەستە بوو ( بریمەر ) پشتگیری دەکرد کە لە لێژنەی ڕیشە کێش کردنی بەعسدا کار بکات. بەڵام پێی خۆش نەبوو، لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی کاری سیاسی لە عێراقدا لە ( چەلەبی )یەوە نزیك بوو.

## انتفاض قنبر

سەوزە فرۆشی سیاسی ، بریمەر زۆر ڕقی لە ناوبراو بوو و بە بازاری و دواکەوتووی دادەنا و پێی وایە لە دەلاڵییەوە هاتۆتە نێو سیاسەتەوە و سەگی بە ئەمەکی ( احمد چەلەبی )یە چوونکە ( چەلەبی ) بۆ ئەو ، ئەو سیاسیەیە کە إنتفاض لەوێوە هەناسەی بەرپرسانە دەدات و بە بێ ( چەلەبی ) ناوبراو هیچ نییە.

## عمار الحكيم

سەرکردەی داهاتووی شیعەکانە . بریمەر پێی وابوو ئەگەر ( موقتەدا ) نەبووایە ، ئەوا ( عمار ) جێگەی دەگرتەوە و هەمان یاری سیاسی دەکرد .( عمار ) ووتار بێژێکی شارەزاو لێهاتووە و بەرگریکارێکی دڕندە و دڕی مافی شیعەکانیشە و بە جوانترین شێوە ئاین بە کار دەهێنێت بۆ سیاسەت و لە باوکی زیرەکترەو زیاتر لە مامی دەچێت . چاوەڕوانی داهاتوویەکی پرشنگداری لێدەکرێت لە قۆناغی دوای ( بریمەر )دا .

بەڵام زیادەڕەوی و تووند ڕەوی ئایینی عەیبێکە تیایدا ،هەرچەندە لە ڕووی سیاسییەوە دیندارە نەك لە ڕاستیدا؟

## هادی العامری

خوێن ڕێژی بەغداد و بکوژی بێ ویژدان ،ڕیسواییەکانی لە ئێستا یان داهاتوودا ئاشکرا دەبن و مێژوو نەفرەتی لێدەکات .بە پێی ووتەکانی بریمەرکە بە (ویداد)ی ووتووە جارێك ئێران زۆر مەمنوونی (عامری) و ( صولاغ )دەبێت.ڕەنگە لە پاداشتیاندا بۆ هەر یەکەیان پەیکەرێك لە ناوەڕاستی ئێران دروست بکات (تێبینی : سەبارەت بە بۆچوونەکەی ( بریمەر ) بۆ ( صولاغ ) لە پێش کارکردنی ( صولاغ ) بوو لە وەزارەتی ناوخۆ و دەرکەوتنی تاوانەکانی بۆ خەڵکی).

## فتاح الشیخ

بانگێشەی دینداری دەکات و تا سەر ئێسقان عەلمانیە و بانگیشەی شوێنکەوتووی ( صدر ) دەکات تاکو دەنگی کەسە ساویلکەکانی ئەم ڕەوتە میللییە بە دەست بهێنێت ، لە کاتێکدا هیچ پەیوەندیەکی بەم ڕەوتەوە نییە . نە وەك بیرو باوەڕ ونە وەك ڕێکخستن. ( فتاح الشیخ ) پشت ئەستووری ( ساختەکارییە ) کە وەك پیشەیەکی سەرەکی یە لە گەورەترین لانەکانی ساختەکارییە لە عێراقدا . مێژووی جەنگاوەری بۆ خۆی تۆمار کردەوە لە کاتێکدا یەك فیشەکی نەتەقاندووە.

هەروەها کاتی خۆی لە ئەندامانی پێڕ و لەشکری ڕۆژنامەنوساندا بوو لە ( فیدایی صدام ) و ئەم ڕاستییەش زۆربەی خەڵکی دەیزانن.

هەواڵنامەی کتێب

ئەکتەرێکی نواندنی بە توانایە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت فرمێسك لە چاوانی ببارێنێت.ئەم زانیاریانەش بریمەر بە ( ویداد )ڕاگەیاندبوو .لە پێش ئەو ڕووداوەی کە فتاح الشیخ لە سەر بڵندگۆی پەڕلەماندا دەست بە گریان بکات پاش لێدانی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە ،و بوو بە یەکەم پەڕلەمانتاری عێراقی کە لە پەڕلەماندا گریا.

## طارق الهاشمی

( بریمەر )( طارق الهاشمی ) بە نموونەی سیاسەتمەداری سەردەم دادەنێت کە ( با لەکوێوە هات لە وێوەشەن دەکات) و لە محسن عبدالحمید باشتر دەتوانێت نوێنەرایەتی ئیسلامی سیاسی سووننی بکات لە سەر شانۆی سیاسەتی عێراقیدا ،و کەسێکی فێڵ باز و ووتاربێژێکی سانایە و زیاتر سۆز جوڵێنەرە نەك بابەتییانە .

بریمەر پێی وایە دوا ڕۆژێکی پرشنگداری دەبێت. جارێکیان بریمەر ووتی: ئەم پیاوە کودەتایەکی حزبیانەی ئاشتیانە بە سەر( محسن عبدالحمید )دا دەکات.

هەوالنامەی کتێب

## حاجم الحسنی

زۆرزان و و فێڵبازو و سیاسی ، عەلمانیەت لە بەرگی دینداری ، کاتێ یەکێك بوو لە وتوێژکەرانی ڕووداوی گڕگرتووی ناوچە سووننەکان ( بریمەر ) لە سەری دواو وتی : ئەزانێ لە کوێوە گوشتی سەرشان دەخورێت، بریمەر پێی وابوو کە حزبێکی سیاسی بۆ خۆی دادەمەزرێنێت و واز لە حیزبی ئیسلامی عێراقی دەهینێت و زوو بێت یان درەنگ یان پەیوەندی بە یەکێ لە کۆمەڵە سیاسیەکانەوە دەکات ،لە بەر ئەوەی زۆر لەئێستا یان داهاتوو نواندنی ڕۆڵی دیندارێکی ئیسلامی ماندودەبێت .

## جواد المالكی

( بریمەر )لە سەری دەدوێت و دەڵێت:سەرکردەی ڕاستەقینەی حیزبی دەعوەیە و عەقڵی جیّ بە جیّ کەری ووتەکانی جەعفەری یە .بەڵاّم بۆ سوود وەرگرتن لە ڕۆشنبیری توانای جەعفەری . جەعفەری لە پێش خۆی داناوە چونکە لەم ڕووانەوە ( مالکی ) لاوازە و ( بە ووتەی ویداد کە لە بریمەر وەریگرتبوو ) هەروەها لە ڕووی کەشخەیی و ژیری و دیبلوماسیەتەوە کەم و کوڕی هەیە و شیاوە ببێتە سەرکردەیەکی سەربازی و لە سەدامی شیعە دەچێت.

## الشهرستانی

لە ناوەندی شیعەکاندا لە گشتییان زیرەکتر و وشیاوترە ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەك شیعەیەك . ، بریمەر بەم جۆرە پێناسەی دەکات . توندڕەوێکی شیعەی عەلمانی و دۆست و لایەنگری ڕەهای ئەمریکایە.
زۆر جار بریمەر وەك هاوڕێ و دۆستێك ووتوێژی لەگەڵ دەکرد و هاوکاری دەکرد و کەسێکی زیرەکە و شارەزایە لە دۆزینەوەی کەلێنە یاساییەکان ، زۆر ناحەزی ( چەلەبی )یە و بە هاوکاری جعفری و مالكی و صەدرییەکان دەتوانن ( چەلەبی ) لەناوەندی سیاسی شیعی دەربکەن بە پێی ووتەکانی بریمەرە.

## مفید الجزائیری و سوسن الشریفی

شیوعیی و ئیسلامییە شیعەکان لەگەڵ بوونی جیاوازی ڕوون و ئاشکرا لە گۆرەپانی سیاسی عێراقیدا.کە چی چیرۆکی خۆشەویستیەکی بە تین لە نێوان ( سوسن الشریفی ) و ( مفید الجزائیری ) شیوعیدا سەری هەڵداوە. هەرچەندە هەر دوولا لە هەوڵی شاردنەوەی ئەم پەیوەندییە دا بوون تا وەکو نەبێتە

نموونەیەکی تری ( غازی الیاور و نسرین بروارى ) بەڵام سئەگەر ئەم پەیوەندییە لای خەڵکی شاراوە بێت لە بریمەر شاراوە نەبوو کە زۆر بە پێکەنینەوە سەرسام ببوو بە تایبەتی هەر یەکەیان سەر بە دوو ڕەوەتی جییاوازبون .

هەروەها بریمەر بە ویداد ی ووتبوو کەبە هێمنی لەگەڵ سوسن دا بدوێت و پێی بڵێت ئەگەر ئەیانەوێت ئەم کارە بە نهێنی بمێنێتەوە با زیاتر وریا بن و ئاشکرا نەبێت چوونکە ئەمە دەبێتە حەوتەمین پەیوەندی لە ناوەندی سیاسیی عێراقیدا ، لەوانەیە ڕۆژێك بێت هەموو ئەو پەیوەندیانە لە کتێبێکی سەیردا بە چاپ بگەیێنرێت.

## بەرهەم صالح

بریمەر پێی وایە کە بەرهەم صالح ئومێدی دوا ڕۆژی سیاسی کوردانە و بە بیرمەندی بەورە پێناسەی دەکات.و بریمەر زۆر سەرسامە بە بەرهەم صالح بە ئەندازەیەك کە دەڵێت ئومێدم دەکرد ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تاهەموو عێراقییەکان شارەزایی و لێزانینی ئەم پیاوەیان بۆ دەرکەوێت،بەڵام ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرت زیادەڕەویەکی کوردانەی هەیە .

## عادل عبدالمهدی

بەعسی یە تا ئەو ڕۆژەی کە لە ژیاندا بێت .چونکە بیر و بۆچوونی لە فەرمانڕەوایی و جێ بە جێ کردندا وەکو بۆ چوونی بەعسییەکانە و کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لە سەر بڕیارەکانی ( عبدالعزیز الحکیم )ەوە وەك بریمەر وەسفی دەکات لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نیمچە بەردەوامدایە لەگەڵ هادی عامری و عمار الحکیم.لێرەدا ئەمەوێ ئەو سەرسامییەی خۆم تۆمار کەم کە هەر چوار یاریدەدەرەکانی ( عبدالعزیز الحکیم ) کە بریتین لە : ( عمار الحکیم وهادی العامری و جلال الدین الصغیر و

عادل عبدالمهدی ) لە هەموو شتیکدا جییاواز و ناکۆکن تەنها لە پشتیوانیان بۆ ( عبدالعزیز الحکیم ) دا کۆکن.

## الشریف علی بن الحسین

بریمەر پێی وایە کە ( الشریف علی بن الحسین ) کەسێکە لە ناکاودا لە خەو هەستاوە و یاریدەرەکانی بە بیریان هێناوەتەوە کە بگەڕێوە بۆ عێراق و بۆ بە دەست هێنانەوەی تەختی پادشایەتی عێراق، کە چەندین ساڵە لە دەست چووەو بۆتە شتێکی لە یادکراو . بریمەر لە بەر مەترسی شیعەکان زۆر حەزی بە دیداری ( الشریف علی ) نەدەکرد نەوەك دژی بوەستنەوە و جارێکیان ( بریمەر ) ووتی : شازادە نوستووە لە بری ماچ پێویستی بە ( ڕاچڵەکاندنە تا بە ئاگابێتەوە.

بریمەر پێی وا بوو کە ( الشریف ) لە ڕووی سیاسییەوە سەرکەوتوو نابێت و شکست دەهێنێت لە بەر ئەوەی نازانێت یاری سیاسی بکات، پێی وا بوو ( الشریف ) عێراق بە جێ دەهێڵێت، لە کتێبەکیدا هاتووە دەڵێت : ( لە کۆتاییەکانی یۆنیۆدا کەسێك هات بە ناوی داواکردنی تەختی پادشایەتی عێراق کە لە کاتی خۆیدا هەڵوەشێنراوەتەوە .تەختی پادشایەتی عێراقی، بەریتانیەکان لە بیستەکاندا دایان مەزراند و خانەوادەی ( هاشمی )، یەك لە دوای یەك دەیانبردە ڕێوە . تا لە ساڵی ١٩٥٨ ز کە بە کودەتایەکی خوێناوی کۆتایی پێهێنرا ،وە ( الشریف علی ) لەو کاتەدا منداڵێك بوو خانەوادەکەی ڕزگاریان کرد وگەیاندیانە( بەریتانیا ) و لەو کاتەوە تا ئێستا هەر لەوێدا ژیاوە . کە ئێستا هاتۆەتەوە زۆر لە عێراقییەکان جییاوازە، بە زمانی پاراوی ئینگلیزی دەدوێت و جل وبەرگێکی گران بەهای ( سافیل رو ) لە بەردایە و جووتی پێڵاوی ( ئیتالی ) و کاتژمێرێکی ( رۆلێکس )ی لە دەستدایە و خۆشترین بۆنیش لە خۆی دەدات ،

هەواڵنامەی کتێب

کاتی گەڕانەوەی بۆ بەغدا بە فڕۆکەیەکی تایبەت و بە یاوەری (٧٠ ) هاوکار گەڕایەوە .

ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە کە ( الشریف علی )پێی وابوو ( کۆمەڵەی حەوت کەسەکە ) نوێنەرانی عێراق نین و پێویستە هەڵبژاردن دوا بخرێت و ئەنجام نەدرێت و بە زمانی مامۆستا بۆ قوتابییەکەی پێی ووتم : ئەم هەڵبژاردنە لە بەرژەوەندی توندڕەوەکاندایە و جەنابی باڵوێز، پێم باشە ڕاپرسییەك بکرێت لە سەر شێوازی چۆنێتی فەرمانڕەوایی واتە: ( گەڕانەوە بۆ پاشایەتی ،یان نا ) و دڵنیام فەرمانڕەوایی‌ەتی کاتی تووشی قۆناغێکی دژوار دەبێتەوە ، و منیش پێم ووت لەگەڵتدام ڕاستە .ئەم کارە ئاسان نییە بەڵام ئەمە حاڵی دیموکراسییە.

## کەسایەتیە گشتی یەکان

بریمەر باوەڕی بە ڕۆڵی گرنگی ( هونەر و وەرزش ) بوو لە خزمەتکردنی سیاسەتدا ( ویداد ) پێی ڕاگەیاندم کە بریمەر لە هەوڵی تەواودا بوو بۆ بەکارهێنانی هونەرمەندانی عێراقی بۆ ئەنجامدانی ئاهەنگی گۆرانی .لەو هونەرمەندانەش ( کازم ساهر، مهند محسن ، هیثم یوسف ، حاتم العراقی ، قاسم السلطان ) بەڵام ڕاپۆرتەکانی سوپای ئەمریکی هۆشداری دا بە بریمەر کە ئەم کارە دەبێتە هۆی تیرۆر کردنی هونەرمەندەکان لە لایەن چەکدارە شیعەکان و گرووپە تیرۆریستییەکانەوە . چوونکە شیعەکان پێیان وایە ئەم هونەرمەندانە لایەنگری ( صدام ) و ڕژێمەکەی بوون، دەستە و گرووپە تیرۆریستییەکان بەردەوام بە تیرۆر کردن و لە ناودانی کەسایەتیە دیارەکان لە هەوڵی پشێوی نانەوەن.ئەمەش بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە ( ویداد )بە هۆی سرووشتی کارەکەی دەیانی بینی و دەیخوێندەوە.

( ویداد )دەڵێت: (بریمەر ) پێی ڕاگەیاندم ،ئەم هونەرمەندانە پێگەی جەماوەریان لە ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی زۆرتر و زیاترە، لە بواری

وەرزشیدا بریمەر زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە چەند یاریزانێکی نێو دەوڵەتی لە تۆپی پێدا بە کار بهێنێت و بەشداریان پێ بکات بە تایبەتی ( احمد رازی و رازی شنیشل ) پاش ئەوەی پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسی وەك دوو کەسایەتی میللی و جەماوەری دەست نیشانیان کردبوون . لەبەر ئەوەی ( احمد رازی ) چەندین ساڵە گۆڵکاری هەڵبژاردەی عێراق بووە ، وەلەبەر ئەوەی ( رازی شنیشل ) ئەو ناوبانگ و ڕەوەشت بەرزی و لێهاتوویيەی کە هەیەتی، بۆ کاری سیاسی بە کاریان بهێنێت. بەڵام هەردووکیان ئەم کارەیان ڕەتکردەوە بە پێی ووتەکانی ویداد.

## الإبراهیمی

بریمەر بە پیاوی ئەشکەوت ناوی دەبرد . جارێکیان پێی ووتم کە الابراهیمی گەورەتر لە عەقڵ و پۆستەکەی ڕۆڵ دەگێڕێت و لە یاریگای خۆی یاری ناکات ئەمەش ڕۆژێك ئاشکرا دەبێت .

بریمەر پەرۆشی ئیبراهیمی بۆ بیری نەتەوایەتی وەها پێناسە دەکرد و دەیگووت: ئەگەر لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد لە فڕۆکەیەك دابەزێت پێی خۆشە صدام پێشوازی لێبکات . زۆر جار بریمەر وەڵامی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی ئیبراهیمی نەدەدایەوە تاکو هەڵ نەشاخێت بە ڕووی ( ئیبراهیمی ) دا و لێی تورە نەبێت ئەمە بەپێی ووتەی ویداد.

## ڕایــــــــس

بریمەر زۆر سەرسامی ڕایس بوو پێی دەگووت کەشتی ئاسمانی و باسی زیرەکی و لێهاتوویی دەکرد ، هەر کاتێ ناوی ببیستایە. وە پێی وابوو ( ڕایس ) جێگەی ( کۆلن پاوەل ) دەگرێتەوەو دەبێتە وەزیری دەرەوە و لەمەش دەترسا

چوونکە ( بریمەر ) زیاتر ( پاوەل )ی پیَ باشتر بوو لە هەمان کاتیشدا لە توانای ڕایسی کەم نەدەکردەوە و دەیووت ئەو هەڵسوڕاوەیە کە هیچ کاتێك ئارام ناگرێت و جارێکیان بە گاڵتەوە گووتی : خوا ئارام ببەخشیَ بە وکەسەی کە عاشقی ڕایس دەبێت ، لە بەر ئەوەی دەبێت هەموو تەمەنی لەخەونی چاوەڕوانیدا بێت ئەوەندە ڕایس سەرقاڵە.

تەنها ئەم ناوانە باس کراون .هیوادارم زۆر بە ووردی بەم نوسراوانەدا بچنەوە بەڵکو هۆکارێك بێت بۆ زیاتر ئاشنا بوون لایەنە شاراوەکانی کەسایەتی جەنابی باڵوێز پۆل بریمەر.

لێرەدا پێم باشە دەقی ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەگەرییە بخەمە ڕوو کە بە شێوەیەکی فراوان ڕۆژنامەنووسی بەڕێزی ( لوبنانی ) ( ئیبراهیم خەیات ) بەڕێوەبەری نووسینگەی ( ئەلحەیاتی ال بی سی ) ی ئەوکاتە لەگەڵ باڵوێز ( بریمەر )ئەنجامی دا بوو لە ڕۆژنامەی ( ئەلحەیات )ی لەندەنی ، تا کەسییەتی ( بریمەر )بە جوانی بۆ هەموو لایەك ڕوون ببێتەوە، بە تایبەتی وتەی سیاسییەکان کە لە پاش وازهێنایان پۆستەکەیان لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت.

پێویستە خوێنەر زۆرێك لە لایەنەکانی کەسایەتی ( بریمەر )شارەزا بێت بە تایبەتی لێدوانەکانی زۆر پێچەوانەی کردەوەکانی بووە لە زەمینەی کاریدا .

هەواڵنامەی کتێب

**حاکمی مەدەنی- عێراق- دووپاتی دەکاتەوە کە بە ووردی چاودێری دروست بوونی ( سوپای مەهدی دەکات .**

**بریمەر بۆ ( حەیاتی ) ال بی سی : هەڵسووکەوتەکانی ئێران لە عێراقدا بێ بەرپرسانەیە و گرتنی صەدامیش هێرشەکان ڕاناگرێت.**

**ئیبراهیم خەیات ١٩ ئۆگەستی٢٠٠٣**

پۆل بریمەری سەفیری مەدەنی ـ عێراق ـ ڕایگەیاند ، نیگەرانە لە دەست تێوەردانی ئێران بۆ ناوخۆی عێراق،وەدەڵێ پێویستە هەموو ولاٚتانی دراوسێی وازبهێنن لە دەستێوەردانی عێراق چوونکە ئەمە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە.

هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ ( حەیات ال بی سی ) ڕایگەیاند کە سوپای ئەمریکی زۆر بە توندی دژی دروستبوونی میلیشیایەکی چەکدارە لەعێراق دا وەئەوە بەجیدی چاودێری پێکهێنانی ( سوپای مەهدی ) دەکات کە –حجە الاسلام–( موقتدا صەدر ) بانگەشەی بۆ کردووە و ڕاشی گەیاند کە ئێمە دژی ئەوەین کە سوپای ئەمریکا لە سەرووی یاسایاکانی عێراقییەوە بێت و جیاوازیمان لەگەڵ عێراقییەکان تەنها لە ڕووی ڕۆشنبیریەوەیە و بەڵێنی دا کە پاش تەواو بوونی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ هەموو گیراوانی ڕژێمی پێشوو بە دەسەلاٚتدارانی عێراقی بسپێرێتەوە.

هەروەها بەڵێنی زووتر ئازاد کردنی سەرجەم ئەو بەندکراوانەیدا بە ناڕەوایی بەند کراون پاش چارەسەر کردنی کێشەی کەمی کادێری قەزایی لە سوپای ئەمریکی لە عێراقدا.

لە ئاستی گرەو بازی ( مراهنات )ی گرتنی صدامی کەم کردەوە ، کە دەستگیر کردنی نابێتە هۆکاری ڕاگرتنی توند و تیژی .بە هۆی چالاکی ( فیدایی صدام ) و ئەو تاوانبارە ئازاد کراوانەی بەندیخانەکان سەردەمی پێشوو ، چالاکی ئەو

چەکدارە تیرۆریستانەی کە لە وولآتە دراوسێیەکانەوە دێنە ناو خاکی عێراقەوە لەبەردەم بوندایە .

ووتیشی لای گرووپی ( الانصار الاسلام ) نزیکەی ( ١٠٠ ) تیرۆریستی ترسناك هەیە کە چالاکن لە عێرقدا و دووپاتی کردەوە کە بەڵگە بە دەستەوە هەیە کە ڕێکخستنەکانی ( کۆمەڵی ئیسلامی ) لە باکووری عێراقدا چالاکی تیرۆریستانەیان هەیە و باسکردنی بەڵگەکانی رەتکردەوە و ووتی : من فێری خواردن درووستکردنی عێراقی بوومە، و ناتوانیّ خواردن لە عێراقدا دروست کات و ڕایگەیاند کە بە رەو ( واشنتن ) دەڕوات بە مۆڵەتێکی دە ڕۆژەی تالەو ماوەیەدا عێراق لە بیر بکات .

**ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە :**

# بە بابەتێکی تاڕادەیەك گەرم و گوڕ دەست پێدەکەم .لەم دوایانەدا ئەویش شاری ( مەدینە صەدر )ە؟ چۆن پێناسەی ( سید موقتەدا صەدر ) دەکەن ؟ئایا دەبێتە مایەی هەڕەشە لە سیاسەتی ئێوە لە عێراقدا ؟وە ئایا دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندیەکانتان بە پێڕی شیعەوە بە تایبەتی کە ئەو خاوەن هەڵوێستی تایبەتی خۆیەتی و لە هەوڵی دروستکردنی سوپادایە.

_برێمەر : نامەوێت بخزێمە ناو قسەکردن لە سەر تاکە کەسێك، بەڵکو سەرقاڵی ئێمە بە پلەی یەکەم لە سەر دڵنیابوون لە پەیوەست بوون و ملکەچی بوونە بۆ یاسای عێراقی بە تایبەتی هان نەدانی توندو تیژی.ئێمە زۆر بە ووردی چاودێری ئەو کەسانە دەکەین لە هەموو عێراقدا کە هانی توند و تیژی دەدەن ، ئەمە یاسایەکی هاوبەشی هەموو یاسایە دیموکراسیەکانە و پێویستە دایبسەپێنین و لە جیّ بە جیّ کردنیدا بەرامبەر هەر کەسێکدا دوو دڵ نین بەڵام من نامەوێت لە سەر کەسێکی تایبەتتیدا بدوێم .

# ئەی سەبارەت بە درووستبوونی سوپای مەهدی ؟ ئایا پێت وایە دەتوانن ڕۆڵێکی کۆمەلآیەتی و ئاساییان پێ بسپێرن لە بری چەك هەڵگرتنی ئەندامانیان .

ـ بریمەر: ئێمە لەگەڵ هاتنماندا بۆ عێراقدا ئەوەمان دووپاتکردۆتەوەکە جێگەی هیچ میلیشیایەکی چەکداری نابێتەوە لە عێراقی ئازاد دا ئەمە هەڵویستی چەسپاو و نەگۆڕی ئێمەیە و بۆ ئەم مەبەستە هەستاین بە هەڵمەتی چەکدا ماڵینی میلیشیاکان لە سەرانسەری عێراقدا. جا نازانم هەڵویست و نیەتیان چۆن دەبێت لەم کاتەدا ،وە تا کو ئێستا خەڵکی بە شێوەی سوپایەکی بێ چەك باسیان دەکەن ، بەلآم با بزانین و ببینین بەم جۆرەن .

# پێشوازی لە سوپای مەهدی دەکەیت ئەگەر بێ چەك بن ؟

ـ بریمەر: من پێشوازی ناکەم من دەڵێم چاوەڕوان دەبین و چاودێری دەکەین کە ئایا سەرپێچی ڕێنمایەکانمان دەکەن ،یان نا .

# ئایا ئەگەر بێ چەك بوون ئێوە پەسەندیان دەکەن ؟

ـ بریمەر: با چاوەڕوان بین و تەماشا بکەین من نازانم ئایا ئەو سوپایە بوونی هەیە یان نا ،من وەلآمی پرسیاری گریمانەیی نادەمەوە کاتێ وەلآم دەدەمەوە ئەگەر بوونیان هەبێت و بزانین چی دەکەن .

# هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا لە سەرووی یاساوە مامەڵە دەکەن ،چۆن پاساو بۆ ئەم حاڵەتە دەهێننەوە لە کاتی بە دواداچوونی یاسایی بۆی و ئەم حاڵەتە دژی ئەو کۆمەك و پشتیوانیە نی یە ،کە ئێوە لە یاسای نێو دەوڵەتی دەیکەن؟

ـ بریمەر: یەکەم ئێمە هێزەکانی ئەمریکی لە سەرووی یاساوە نین و لە عێراقدا بە پێی یاسای نێودەوڵەتی مامەڵە دەکات .و بە تەواوی گونجاوین لەگەڵ یاساکانی نێودەوڵەتی و بڕیاری ژمارە ( ١٤٨٣ ) ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دان بە داگیرکردنی عێراقدا دەنێت و ئێمە ملکەچی هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتێن و لە سەرووی یاساوە نین .

# بەلاّم کاتێك کەدێینە سەر بە دوا داچوونی یاسایی ( الملاحقه القانونیه ) هیچ دادگایەك بۆی نییە گلەی و گازندە و شکاتی دژ بە هێزەکانی ئەمریکی وەربگرێت و ئەمە بڕیاری خۆتە ؟

بریمەر: ئەمە بە تەواوەتی گونجاوو لە بارە لەگەڵ یاساکانی نێودەوڵەتی و هاو ڕێکە لەگەڵ پەیوەست بوونی ئێمەوە بەچوارچێوەی یاساکانی نێودەوڵەتییەوە، هیچ شتێکی سەیر و کت و پڕ نییە .ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە لە ژێر سایەی داگیر کاریدا .

# ئەی کێ بۆی هەیە بە شێوەیەکی قەزایی ڕاوەدوونانی سەربازەکانتان بکات لەکاتێکدا کە هەڵە وتاوان دەکەن ؟

- بریمەر: ئێمە خۆمان بەم کارە هەڵدەستین و ئەم کارەشمان کردووە .

# ئەی بۆ ئەم بابەتانە بلاّو ناکەنەوە؟پێم وایە ڕۆڵی دەبێت لە جوانکردنی وێنەتان لە عێراقدا ؟

- بریمەر: هەر کاتێ هەستمان کرد گونجاوە بلاّویان دەکەینەوە بەلاّم گرنگ بە لای ئێمەوە بلاّوکردنەوەی ئەو حاڵەتانەیە کە عێراقیەکان هەڵدەستن بە کوشتنی عێراقی و تێکدانی وولاّت و لە ناو بردنی سەر و ماڵی عێراقییەکان ئەمە ئەرکی دادگای تاوانەکانە .ئێمە لە هەوڵی چڕ و پڕ داین بۆ دۆزینەوە ئەو کەسانەی کە هەفتەی ڕابردوو بۆرییە نەوتەکانی کەرکووکیان تەقاندەوە، بە ڕاستی ئەمانە دژی سەر و ماڵی عێراقی دەجەنگێن . ئەگەر بیانگرین دادگاییان دەکەین.

# بە پێی ووتەکانت بێت هەر سەربازێکی ئەمریکی کاری نارەوا و تاوانکاری بکات تووشی ڕاودونان و لێپێچینەوە دەبێت و ئێوە لە هەموو حاڵەتێکی شکات دەکۆڵنەوە ..

- بریمەر: بەڵێ بەم کارە هەڵدەستین ولە هەموو شکاتێك دەکۆڵینەوە و هەموو جارێك گەر پێویست کات ( داوای لێبوردن دەکەین ) و قەرەبووی مادی دەدەین

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر پێویست بكات ، لە چەندین شوێنی ئەم وڵاتە ئەم كارەمان كردووە، تەنانەت لە بەغداد ماوەیەك لە مەوبەر.

# ئێوە كە ئەم حاڵەتانە بڵاو دەكەنەوە چوونكە لێرەدا كێشەی وێنەی ناشیاوی ئێوە هەیە لە عێراقدا ؟

بریمەر: من لە سەر ئەو سەربازانە دەدوێم كە شتی ناشیاویان لێ دەوەشێتەوە، هەندێ جار لە ژێر كاریگەری دەروونی ترس و نەزانین و بێ ڕۆشنبیری دا ئەم كارانە دەكەن وەك هەمو مرۆڤێكی ئاسایی.

# چۆن دەتوانی بیسەلمێنیت كە هۆكاریك و میكانیزمێكی ڕوون و ئاشكرا هەیە بۆ پاكی نیەتیان ؟

ـ بریمەر: ئەوەی زۆر گرنگە ئێمە كاری لە سەر دەكەین و هەوڵی بۆ دەدەین ئەوەیە هۆشیاری تەواو بدەینە هێزەكانمان سەبارەت بە داب و نەریتە ئیسلامی و عێراقییەكان ، لەم ولاتەدا.بۆ نموونە زۆر ڕەخنە لە سەربازە ئەمریكیەكان دەگیرێت سەبارەت بە پشكنینی ئافرەتان ئێمە هەستیاری ئەم حاڵەتە دەزانین ، و بە پێی توانا هەوڵماندداوە كە سەربازەكچەكانمان بەم كارە هەستن لێرەشدا ڕاستییەك هەیە كە لە سەتا دەی سەربازانمان كچن .و هەندێ جار لەو جێگەیەدا نین كە پێویست دەكات پشكنین بكرێت. ئێمە پەیوەستین بە پاراستنی ئاسایشی ئەم ولاتەوە و بۆ سەروەری كردنی یاساش تیایدا هەر كەسێك بیەوێت سەرپێچی بكات ئەوا دەبێت ئێمە كارێك لەم پێناوەدا بكەین ،كە ڕێزی شەریعەتی ئیسلامی و یاسای نێو دەوڵەتی بگرێت. وە لە هەر جێگەیەكدا هەڵە بكەین ،دوو دڵ نابین لە داوای لێبووردن كردن و لەمە زیاتر ئێمە هیچی ترمان لە تواناادا نییە ئەنجامی بدەین و ئەگەر كەسێكی تر شتێ باشتر و گونجاوی تری لایە ئەوا ئومێد دەكەین پێمان بڵێت.

# هەر دوو براکەی صدام لەم دواییەدا تووشی لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە کرانەوە ئایا لە کاتی دامەزراندنی وەزارەتی دادو بوونی وەزیر وەکو گیراوەکانی تر دەسپێردرێنەوە دەسەڵاتدارێتیە عێراقیەکان ؟

- بریمەر: یەکەم شتێ کە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی ( کە نوێنەرایەتی عێراقییەکان دەکات ) لە یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەیدا بریتی بوو لە درووستکردنی لێژنەیەکی لاوەکی بۆ پێشنیارکردنی دامەزراندنی دادگایەکی عێراقی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ دژی مرۆڤایەتی ، ئێمە هانماندان و پێمان ووت کە هەموو هاوکارییەکتان دەکەین لەم پێناوەدا و هەر کەسێك سکاڵای لە سەر بکرێت ئەوا ئێمە هاوکاریان دەکەین لە بواری سازدان و ئامادە کردنی لیستی ناوی تاوانبارەکان ،ئەوسا خۆیان بە شوێنی ئەو سکاڵایانەدا دەچن ئێمە ئامادەی هاوکاری تەواوین و لە سەر ئەوانیشە پەلە بکەن لە دروستکردنی ئەو دادگایەدا.

# کام لە بەرپرسە کۆنەکان، ئێستا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت بۆ سازدانی لیستی تاوانکاری لە دژی ؟

- بریمەر: لە بەر دانەمەزراندنی ئەو دادگایە لە لایەن ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی ەوە هیچ کەسێك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ناکرێت لە دادگاکانی قەزای عێراقی .

پێویستە لە پێشدا ئەم دادگایە ساز بدرێت و دابمەزرێت و میکانیزمی پێویستی کارەکانی دیاری بکرێت ئەو کاتە ئێمە ئامادەین کە هەموو بەندکراوێکیان پێ بسپێرین بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .

# نزیکەی شەست هەزار بەندکراو لە گرتووخانەکانی سەربازی ئەمریکایە لە فرۆکەخانەی بەغدادی نێو دەوڵەتی کە زۆربەیان تا ئێستا لە دۆسیەکەی نەکۆڵراوەتەوە ،خانەوادەکانیان نازانن چیان بە سەر هاتووە، بێگومان ئەمەش

دیمەن و وێنەی ئێوە ناشرین دەکات ،تەنانەت لە لای وڵاتە دۆستەکانیشتان ئەمە کۆسپێکە ، ئایا کەی کۆتایی بەم کارە ستەمکارانە دەهێنن؟

ـ بریمەر: بەڵێ ، ئەمە کێشەیە .ئێمە ئێستا بە سێ کار هەڵدەستین :

یەکەم: ئێستا سیستەمێکی چارەسەر هەیە کە بە هۆیەوە دەتوانین بە وردی ڕاپبگەیێنین کە کێ ئێستا بەندکراوە.وە ئەوانە لەم ژمارەیە کەمترن کە تۆ باست کرد دوا جار ئەو ژمارەیە پێنج هەزار بووە، ئەو کێشەیەی ئێستا ڕەەبەڕووی دەبینەوە بریتییە لە کێشەی ( تەکنیکی کە زۆر بەی ئەوانەی دەستگیر دەکرێن پێناس و هەوێیان پێ نییە یا خود پێناسیان ساختەیە . لێرەدا زۆر جار ناونووس کردنیان بە پیتی ئینگلیزی زۆر ڕاست و دروست نابێت ،یان ناوی سێیەمیان دەنووسرێت وەك (المجید ) ( عبد ) دەنووسرێت لە بری ( عبدالمجید ) لەم شێوازەمان زۆر لایە کە پێم وایە کێشەی تەکنیکی زیاترە ، بەلأم ئێستا لیستی ناومان لایە.

کێشەی دووەم : ئێمە زۆر پەیوەست نین بە ئینتەرنێتەوە کە ڕاستەوخۆ لیستی ناوەکان بۆ هەموو بەشەکانی وولأت بگوازینەوە، ئومێد دەکەم لە مەو دوا ئەمەش چارەسەر بکرێت.ئێستا لیستی ناوەکانمان لایە و لە زۆربەی جێگە گشتییەکان و بارەگای دادگاکان و ڕۆژنامەکان و بنکەی پۆلیسدا بلأویان دەکەینەوە .هەروەها لەم دواییەدا مۆڵەتمان دا بە خانەوادەی بەندکراوەکان ئەگەر ناویان لامان هەبێت سەردانیان بکەن بە مەرجێ ناوی لە لیستی بەندکراوە مەترسیدارەکان نەبێت کە ژمارەیان سەد کەسێك دەبێت ،هەروەها مۆڵەتمان داوە بە پارێزەران سەردانیان بکەن .

سێیەم و کۆتایی: کە لە هەموویان گرنگترە .ئەوەیە کە ئێمە پەلە لە هۆکاری دۆسییانە دەکەین تا لە ماوەی (٢١ )ڕۆژدا یەکلایی بکرێتەوە کە ئایا ئەو بەندکراوە شایستەی مانەوەیە لە بەندیخانە یا خود ئازاد بکرێت ، وە ئەم

هەواڵنامەی کتێب

ماوەیەش یاسای نێودەوڵەتی دیاری کردووە.ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین کە پەلە بکەین لەم کارە و ماوە کە بۆ ( ٧٢ )کاتژمێر کورت بکەینەوە تا لە ماوەی ( ٣ )ڕۆژ دا گوێ لە بەندکراوەکە بگیرێت .لێرەدا کێشە یەکمان دێتە پێش کە بریتییە لە نەبوونی ( داواکاری گشتی ) کە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر هەیە و لە سیستەمی سەربازی ئێمەدا ژمارەی کەممان هەیە و بڕیارمان داوە ژمارەیەکی زۆر بهێنن تا وەکو ئەم کارە بە خێرایی ڕاپەڕێنین.

# بەلام هەندێك کەس هەیە بۆ ماوەی دوو تا سێ مانگ بەندکراون و مۆڵەتیان نادەن پەیوەندی بکەن بە خانەوادەکانیانەوە ئەمەش مایەی نیگەرانی و کارەساتە بۆ خانەوادەکانیان و ئێوە ڕێزی یاسا نێودەوڵەتیەکان ناگرن.

- بریمەر: ئەمە ڕاست نییە ،ئێمە بە تەواوی پەیوەستین بە یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە و لێژنەکانی خاچی سوری نێو دەوڵەتی هەموو کات سەردان و پشکنینیان هەیە بۆ بەندیخانەکانمان لە چوارچێوەی تەواوی یاسا نێو دەوڵەتیەکان .ڕاستە لە گەڵتدام کە کێشە هەیە کاتێ کەسێك دەگیرێت بۆ ماوەیەکی زۆر، وە خانەوادەکانیان نازانن لە کوێیە ولە بەرچی گیراون و هەر لە بەر ئەم هۆیە بوو هەستام بە دانانی سیستەمێکی نوێ و خێرا بۆ سازدانی دیداری خانەوادە و پارێزەرانیان .

# کەی بەر ئەنجامەکەی بە دیار دەکەوێت ؟

بریمەر: پێم وایە لە هەفتەی ڕابردووەوە بەر ئەنجامەکەی دەرکەوتووە کە چەندین بەندکراومان ئازاد کردەوە کە ( ٢١ ) ڕۆژیان بە سەری دا تێپەڕیوە هەر چەندە چاو پێخشانەوە بە حاڵیاندا کراوەتەوە بە پێی دەقی یاسا کە ڕێ بەم چاوخشاندنە دەدات .ئەگەر دەستەی دادوەران پێیان وا بوو هەر بە بەندکراوی بمێنێتەوە ،ئەوا هەر ( ٢٠ ) ڕۆژێك چاو بە حاڵەتەکەیدا دەخشێنرێتەوە و ئێمە بەم سیستەمەوە پەیوەستین .

# بەلاّم ئەمە وەلاّمی پرسیارە سەرەکییەکە ناداتەوە کە بریتییە لە ڕێگرتن لە ئازاردانی خەلّکی بە بێ هۆ ،نەك بە ڕادەی پەیوەست بوون و نەبوون بە یاسا نێودەلّەتیەکانەوە ؟

ـ بریمەر: لەم کێشەیە دەگەین و تەواوی هەولّی خۆمان دەخەینە کار بۆ پەلە کردن لەم کارانە بە شێوازێك کە ئەو کەسانەی دەیان گرین و هیچ جۆرە تاوانێکیان نییە بە زووترین کات ئازاد بکرێن، لەوە دەچێت هەندێکیان هەلّەی قەدەغە کردنی هاتوو چۆیان ئەنجام دابێت یا خود لە کاتی دەستگیر کردنی تاوانباراندا ئەوانیش بەر کەوتبێتن . هەر وەکو ووتم ئێمە هەندێ کێشەی تەکنیکیمان هەیە لە هەولّی چارەسەرکردنیداین.

# کەی مۆلّەت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدەن کە بێنە ناو گرتووخانەکانەوە و وێنەیان بگرن ؟ بۆ مۆلّەتیان نادەن ؟

ـ بریمەر: ئەوە شوێنی سەربازییە و سەربازی تێدایە و بابەتەکە هەر هەمووی پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە دەتوانن ڕاستەوخۆ پرسیاریان لێ بکەن .

# ئەم گرتووخانانە لە ناوچە پاریزراوەکاندان و چواردەوریان بە شێوەیەکی توووند دەپارێزرێت هەر وەکو باس دەکەن لە شێوەی گرتووخانەکانی کەنداوی ( گوانتانامۆ ) دایە .کە چی ئیوە ناهێلّن وێنەیان بگیرێت کە بە و پەڕی شێوە ناو گرتوخانەکان پارێزراوە لە ڕووی ئاسایشەوە بۆ چی تۆ ئەم بڕیارە دەرناکەیت کە وێنە بگیرێت ..؟

ـ بریمەر: هەر وەکو پێم ووتی ئەم جێگایانە سەربازین و پێویستە لە ئەوان بپرست بڕیار بڕیاری ئەوانە ئەگەر بڕیاریان وابێت کە مۆلّەت نەدرێت لە بەر هۆکاری ئاسایشی ئەوا من ڕێز لە بڕیارەکەیان دەگرم.

# ئایا ناتوانیت بڕیارەکانیان بشکێنیت ئەگەر بتەوێت ؟

بریمەر: ئەم جێگایانە سەربازین و پەیوەندیان بە منەوە نییە.

هەواڵنامەی کتێب

#زۆر جار عێراقییەکان دەڵێن دوژمنی سەرەکی ئەمریکییەکان لە عێراقدا ئەمریکا خۆیەتی کە نایەوێت گوێ بگرێت و هەمیشە خۆ سەپێنن ، وە ئەگەر دۆستەکانیشیان چارەسەریان پێ بێت ئەمان زۆر لە وەڵامدانەوە خاوەن . ئایا هۆکاری ڕۆشنبیری لە پشت ئەم خاوییەوەیە ؟ وە ئایا ئەم حاڵەتە دەگۆڕێت، چوونکە زۆر کاردانەوەتان دەبێت لە ڕووی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی زیاتر لەوەی دەست پێشخەربن . پێ دەچێت بەریتانییەکان لەم ڕووەوە لە ئێوە تێگەیشتووتر بن ، ئایا هۆکاری ئەمانە نوێیەتی و تازەگەری ئەم ئەزموونەیە بۆ پنتاگۆن و سەربازەکان ؟

- بریمەر: پێم وایە ئەمریکییەکان جییاوازن لە عێراقییەکان ، ئەمە ئینکاری ناکرێت .بەڵام ئێمە خێراین و خاونین بە هەزارها پرۆژی ئاوەدانیمان لەو وڵاتە ئەنجام داوە ،کە زۆربەیان هێزە سەربازییەکانمان پێی هەستاون کە تۆ ئێستا ڕەخنەت لێگرتن .هەر لە پاککردنەوەی یاریگا و دروستکردنی باخچە و نۆژەنککردنەوەی بارەگای شارەوانییەکان کە ئەمانە لە کاتی پشوو ئەنجامیان داوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پشوویان زۆر کەمە.بۆیە بە ڕای من ئەو بۆ چونە بەڕەوا نازانم کە دەڵێت : ئەمریکییەکان بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە کار لەگەڵ گەلی عێراق ناکەن .

# بە ئەمریکییەکان دەووترێت بێدەنگ نابن و گوێ ناگرن و لووت بەرزن تەنانەت ئەمە لە لای دۆستە عێراقییەکانشتانەوە دەووترێت .ئایا گوێت لەم ووتانە بووە یان نا ؟

- بریمەر: بێگوومان کاتێك دوو زادەی ڕۆشنبیری جییاواز بە یەك دەگەن ،وەك ئێستا و کرداری لێکخشاندن دروست دەبێت ،ئەو ساتە ڕاڤەی جیا جیا بۆ ئەو کردارە دەکرێت، هەیە دەڵێت ئەمریکییەکان خۆسەپێنن و ئەمریکییەکانیش

ڕەخنە ئاڕاستەی عێراقییەکان دەکەن جا ئەمە جێی سەرسووڕمان نییە بەڵکو لێخشانی لە یەك جوداو لەیەك جێگەدای ئەو دوو ڕوشنبیرییە جییاوازەیە .

من نیوەی تەمەنی ئێستای خۆمم لە دەرەوەی ئەمریکا بە سەر بردووە، لە نێو ڕۆشنبیری نەتەوەکانی جییاواز تردا.جا ئەمە شتێکی ئاساییە و هەر ئەمەش ڕوویداوە، پێویستە کار بکەین بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە . وەکو پێشتر ووتم ئێمە زۆربەی کاتەکانی پشووی هەفتانەمان لە هۆشیار کردنەوەی سەربازەکانماندا بە سەر دەبەین بۆ زیاتر ڕێزگرتن لە داب و نەریتی شەریعەتی ئیسلامی و عێراقی و سەرکەوتنمان بە دەست هێناوە .لەگەڵ بوونی شکستی لاوەکی.

# با بێنە سەر صدام حسێن، لێرە و لەوێ پڕو پاگەندەی جۆراوجۆر دەبیستین کە باسی دەستگیر کردنی دەکەن ئایا صدام بۆتە ژمارەیەکی ئاڵۆز ؟ وە کرداری گەڕان بە دوایدا کاتێکی زۆری دەوێت؟

ـ بریمەر: من نازانم ئەم پر وپاگەندانە لە کوێ وە سەرچاوە دەگرن و بێگومان ئەمە لە لایەن منەوە نەبووە،من دەڵێم بەم زووانە دەستگیر دەکرێت کاتێك بە ڕاستی دەستگیر کرا بێت و بە زۆری گومانم وایە کە پێش دەستگیرکردنەکە ئاگادارکردنەوەی گەورە و زۆری ناوێت.

دەشێت ئەمشەو بێت یان سبەی شەو ، ئەمە هەر ڕوو دەدات گومانی تێدا نییە، بۆ ئەم مەبەستە دەرامەتی بەرچاومان ئامادە کردووە بۆ گەڕان و دەستگیر کردنی ، بێگومان دەستگیر کردن یا خود کوشتنی بە قازانجی هەموو لایەك دەبێت ، وە پەردەی کۆتایی بە سەر شانۆی بەعسدا دادەرێتەوە بۆ هەتا هەتایە و ئەمەش نابێتە هۆی بنەبڕ کردنی تووند و تیژی دژمان بەڵکو کەمی دەکات .

# بۆ چی ...دەستگیر کردنی صدام لە ئاستی تووند و تیژی کەم ناکاتەوە ؟

ـ بریمەر : لە بەر ئەوەی ئێمە سێ کێشەی ترمان هەیە :

هەواڵنامەی کتێب

یەکەم : پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس ( فیدابییەکانی صدام ) کە پسپۆرن لە کوشتن و کوشتاردا وهەمیشە لە هەوڵی کوشتنماندان لەگەڵ صدام یان بە بێ صدامیش .

دووەم: تاوانبارانی زیندانەکانی سەردەمی صدام کە ژمارەیان ۱۰۰هەزار دەبێت .کە هاووڵاتیانی عێراقییان کردۆتە ئامانج بە دزین و ڕاو ڕووت و دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتان و ڕفاندن و سەیارە دزین و...هتد جۆرەکانی تری تاوانکاری.

سێیەم: لە عێراقدا ژمارەیەکی زۆر تیرۆریستی توند ڕەوی بێگانە هەیە ، کە لە دەرەوەی عێراقەوە هاتوون و خەڵکی بێتاوان دەکوژن و ئەم کێشەیە هاوشێوەی ئەوەی ترە و بەردەوام دەبێت.

# لە تواناتا هەیە باسی ڕێکخراوی ( القاعده ) و ئوسوولییەکانمان بۆ بکەیت ؟

- بریمەر: نەخێر من باسی هیچ ڕێکخراوێکی تایبەتم نەکردووە منیش بە شێوەی گشتی باسی توند ڕەوە بێگانەکانم کردووە.

# ئەو تیرۆریست و توند ڕەوە بێگانانە کێن ؟

- بریمەر: دابەش دەبن بە سەر سێ کۆمەڵەدا لە هەموویان مەترسیدارتر ڕێکخراوی ئەنسارو لئیسلامە کە پێمان وایە ژمارەیەکی زۆریان هەیە لێرەدا. کە پەیوەندیان بە قاعیدەوە هەیە .

# ژمارەیان چەندە ؟

- بریمەر: نازانم لە بەر ئەوەی زانیاری هەواڵگری لە سەریان زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە بەڵام نزیکەی ۱۰۰ دەبن و هەندێ زانیاری هەیە لە سەر هەندێ کەسی تایبەت کە پەیوەندیان بە قاعیدەوە هەیە ، لێرە هەن .

سێیەمیان هەندێ تیرۆریستی پسپۆر هەن نازانین کە ئایا سەر بە قاعیدەن یان نا .دەشێت تەنها جەنگاوەری بێگانە بن لە پێش جەنگ و ڕووخانی صدامدا لە

هەواڵنامەی کتێب

وولآتانی وەکو سوریا و لیبیا و سعودیە و یەمەن و سودان هاتبێت بە مەبەستی جەنگان لە تەك صدامدا، بەلآم بلێم بە دلنیاییەوە سەر بە قاعیدەن نازانم .

ئەم سێ کۆمەلآنە هەیە لە تیرۆریستەکان کە چالاکن لێرەدا.

# دەووترێت باشتر وایە مشت و مڕ لە سەر هۆکار و بیانووە مەعنەوی و ئەخلاقییەکانی هەلگیرساندنی جەنگ دژی عێراق دوا بخرێت بۆ دوای هەلبژاردنەکان . وە بلێین ئەم هەموو قوربانیانەی لە ماوەی ئەم دوانزە مانگەی داهاتوودا دەیدەین لە پێناوی جەنگی دژە تیرۆر ە،وە تۆ لەم ماوەیەدا توانیوتە بە کۆمەك و یارمەتی دان چەندین دامەزراوەی سیاسی بۆ عێراق دابمەزرێنیت کە مەبەستانە بۆ ئەو عێراقەی دەتانەوێت.

بەلآم لێرەدا وەك ڕاڤە و پرسیارێك ناو نانی ئەم جەنگە بە جەنگی تیرۆر نەبۆتە بیانوو هۆکاری هاتنی تیرۆریستان لە جێگەکانی دیکە بۆ عێراق تا درێژە بە کردار و چالاکییەکانیان بدەن دژ بە هێزەکانتان ..؟

هەوالنامەی کتێب

- بریمەر: نەخێر بە پێی زانیارییەکانی ئێمە تا کو ئێستا تیرۆریستان هێرشیان نەکردۆتە سەر هێزەکانی ئەمریکا، دەشێت هاوکاری لە نێوان هەندێ لە تیرۆریستی بێگانەکاندا هەبێت لەو کۆمەلآنەی باسم کردن و لە نێوان ئەندامانی ڕژێمی ڕابردوو لە هەندێ هێرشدا .بە تایبەتی پارێزگاری ئەنبار.

دەشێت هەندێ هاوکاری ڕووی دابێت بەلآم تا ئەمڕۆ ئەو کۆمەلەیە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیان نەکردۆتە ئامانجی هێرەشەکانیان بەلآم ئەگەر بێنە سەر بوونی کۆمەلآنێکی مەترسی داری وەك ( قاعدە ) و ( الانصارالاسلام )ئەوا چالاکەبن لە عێراقدا و دەبێت ئەوە بزانێن کە ئەوان ئێمەیان مەبەستە دەبینە ئامانجی هێرشەکانیان و کەسی تریان مەبەست نییە و کاتێك بالۆێزخانەی

ئوردونی بووە ئامانجی هێرەشەکان تا ئێستا لامان ڕوون و ئاشکرا نەبووە کە کێ لە پشت ئەم کارەوەیە .

هەڕەشەی تیرۆریستان لێرەدا هەیە و لە گەشەکردندایە و پێویستە مامەمەڵەیان لەگەڵ بکەین پێش ئەوەی ببینە ئامانجی هێرەشەکانیان .

# ئەگەر هاتینە سەر باسی ئێران ئێوە بارودۆخەکە چۆن دەبینن ؟ ئێوە لە سەرەتادای ڕەخنەی توونتان ئاڕاستەی ئێران و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی دەکرد بەڵام ئێستا ( عبدالعزیز الحکیم ) لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی ی دایە ؟ئایا پەیوەندیتان لەگەڵ ئێراندا چۆنە ؟ تا ئێستاش هەر لە گرژیدایە ؟

ـ بریمەر: من جیاوازی لە نێوان عێراقی و ئێرانییەکان دەکەم و تا ئێستا هەست بە نائارامی دەکەم لە دەست تێوەردانی ئێرانی لە کاروباری عێراق و ( پاسداران ) و وەزارەتی ئیتلاعات و هەواڵگری ئێرانی زۆر بە چالاکانە کار دژی هاوپەیمانی دەکەن لە عێراقدا و ئەمەش کارێکی نا بەرپرسیارانەیە دژی بەرژەوندییەکانی عێراق و من هەڵویستی خۆم نەگۆڕیوە لەم بارەیەوە و هەر ئەمەش هەڵوێستی بنەڕەتی هاوپەیمانانە .

وە ئێمە باوەڕمان وایە دەبێت عێراقی ئازاد چۆك دا نەدات بەرامبەر هەر دەست تێوەردانێك بۆ ناوخۆی لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە وە ئێرانیش بەڕای ئێمە لەم ڕیز بەندیەدایە.

# ئەی پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ سووریا بە تایبەتی؟

ـ بریمەر : لە ڕاستیدا تا ئێستا هەندیˇ کێشە هەیە، تیرۆریسە بێگانەکان لە سنوورەکانی سوریاوە دێنە ناو خاکی عێراقەوە.وە بۆ ئەم مەبەستە ووتوێژمان لەگەڵ سوریەکاندا ئەنجام داوە . و ئێمە ئومێدی هاوکاری باشتر دەکەین.

# ئایا سعوودیەکانیش لە هەمان بواردا هاوکاریتان دەکەن .؟

ـ بریمەر : تا کو ئێستا بەڵێ.

# داوای هاوکاری لە کوێی تر دەکەن بۆ ڕێگرتن لە هاتنی تیرۆریستەکان ؟ ئوردونیەکان ؟ کوەیتییەکان ؟

ـ بریمەر : هەموو وولاّتانی دراوسێی عێراق دەبێت دان بەوە دابنێن کە بەرژەوەندییەکی درێژخایەنیان هەیە لە بوونی عێراقێکی دیموکراسی هێمن و ئارام کە حوکومەتێکی هەڵبژێردراو بە ڕێوەی ببات و هێزێکی سەربازی ئەوتۆی نەبێت کە مایەی ترس بێ بۆ دراوسێکانی، ئەوەمان بە لاوە گرنگە کە ولآتانی دراوسێ لەم ڕاستییە بگەن وبە بارودۆخەکە ڕازی بن و دەستی تێوەر نەدەن.

# ئایا دەتوانین ئاشکراتر هاوکاری سعودیە بخەیتە ڕوو لە دژایەتیکردنی تیرۆردا ؟

ـ بریمەر: هاوکاری نێوان وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سعودیە سەبارەت بە تیرۆر زۆر ئاڵۆزە لە بابەتی عێراق بە دەرە و ئەم کارە پەیوەندی بە منەوە نییە لە بەر ئەوەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکانی شەوپۆلە تەقینەوەکانی ئەوێوە هەیە. باشتر وایە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوە بکەن لە واشنتن یان لە سعوودیەکانی بکە یان باڵوێزخانەی ئەمریکی لە ( ریاض )

# مەبەستی من هاوکاری یان بو لە سەر سنووری عێراق ؟

ـ بریمەر : بەڵێ سنووری هاوکارییەکانمان لە سەر گێڕانەوەی ئاوارەکان بوو لە خێوەتگەکان و ئەم کارەش بە شێوەی ئاسایی بەڕێوە دەچێت .

# باس ( الانصار الاسلام )ت کرد کە کۆمەڵەیەکی ترسناکن. ئەی دژایەتیکردنی ڕێکخراوی کۆمەڵی ئیسلامی( الجماعە الاسلامیە ) بۆ.. ؟ هەست ناکەن بە بێ هۆ دژایەتیان دەکەن . دەڵێن سەرکردەیەك هەیە لە باکووری عێراق هان و پاڵی بە هێزەکانتانەوە ناوەکە دژایەتی ( کۆمەڵی ئیسلامی )بکەن و تاوانی پەیڕەو کردنی توندو تیژی یان بخەنە ئەستۆ لە بەر ئەوەی سەرکردەیەك .دەیەوێت

پێش دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان بە دووساڵ هەر نەیارێکی ئیسلامی و ناوخۆیی هەیە تێکبشکێنێت لە باکووری عێراق .

# ئایا هەست بەوە ناکەیت کە هێزەکانتان کەوتنە تەڵەی یارییەکی سیاسیانەی ناوخۆیی و باجەکەشی دوایی دەدەنەوە ..؟

ـ بریمەر : نەخێر، ئەمە وەك هەر بیردۆزێکی ڕۆژهەلاتی ناوڕاست پێشتر بە باشی ئامادە کراوە بەلاّم لە بنەڕەتدا دوورە لە ڕاستییەوە .

# لێت دەپرسم لە بەر ئەوەی تۆ.... بەبزە خەنەوە پرسیارەکەمی بڕی ووتی : وەلاّمم نەخێرە.

#تۆ باوەڕت وایە کە ( کۆمەڵی ئیسلامی ) دەستی هەیە لە چالاکی تیرۆریستیانە دا؟

ـ بریمەر : بەڵێ باوەڕم وایە.

# ئایا بەڵگەکانت لایە؟

ـ بریمەر : نەخێر ، نامەوێت کەمەندکێشم کەیت بۆ باسی جۆری ئەو بەڵگەیە کە لامە .بۆیە هەوڵەکانت بێ سوودە.

# بەلاّم تۆ دڵنیایت لەم بەڵگانە؟

ـ بریمەر: بەڵێ وا من بۆ چوونی تایبەتی خۆم هەیە بەڵێ.

# کاتێ بێکاریت لە بەغدا چۆن بەسەر دەبەیت ؟ تۆ ناسراوی بەوەی کە لە خواردن دروست کردن و شێوەکانی چێشت لێنان دەزانێت ؟ چ جۆرە خەسلەتێکی خواردن دروست کردن لە عێراقدا فێر بوویت ؟

ـ بریمەر: ( پێدەکەنێ ) لە ڕاستی من حەزم لە هەموو خواردنێکی عێراقیە و حەزم لە کەبابە و بە تایبەتی حەزم لە بەرنجە بەلاّم هیچ کاتی خواردن لێنانم نییە بۆ خۆم.

# ئایا فێر بوویت هیچ جۆرە خواردنێکی عێراقی دروست بکەیت ؟

هەواڵنامەی کتێب

ـ بریمەر: نەخێر، من کاتی ئامادەکردنی خواردنم نییە ... ( پێدەکەنێ ) خۆزگە کاتم هەبووایە فێری ئامادەکردنی خواردنی ( فسنجوون )ببوومایە ( جۆرە خواردنێکە خەڵکی نەجەف ئامادەی دەکەن )، بەلاّم کاتی پێویستم نییە لە ئامادەکردنیدا مەگەر کاتێ بگەڕێمەوە بۆ وولاّتەکەم .

# ڕۆژی چوارشەممە لە مۆڵەتێکدا دەچیت بۆ ( واشنتن )بۆ ماوەی دە ڕۆژ، چۆن بە سەری دەبەیت ؟ لە ئەنجامدانی چەندین چاوپێکەوتن بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەکی سیاسی بۆ خۆت...؟

ـ بریمەر: هیچ ئومێدێکم نییە ئەم هەفتەیە بچم بۆ واشنتن ،مەگەر بۆ بە سەر بردنی پشوو بچم چونکە کۆنگریس و حکومەت لەم کاتەدا لە مۆڵەتی ڕەسمیدان و کۆ نابنەوە .

# ئەتەوێت تەنها عێراق لە یادی خۆت بەریتەوە ؟

ـ بریمەر: بەڵێ وایە .

(( ئایا تا چ ئەندازەو ڕێژەیەك ڕاستگۆیی لە ووتەکانی بەڕێز باڵوێزی بریمەردا بەدی دەکرێت لەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووسییەدا ..ئەمە بۆ خوێنەری بەڕێز بە جێ دەهێڵم تا خۆی بە زیرەکییەوە هەڵی بسەنگێنێت .))

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## ناتەبابیەکانی دیموکراسی ئەمریکی

١- ناوچەی سەوز :

نەوەکانی داهاتووی عێراق هیچ کاتێك باوەڕ ناکەن بەو جیاوازییە فراوانەی نێوان خۆشییەکانی ناوچەی سەوز و دۆزەخی بەغدا هەبێت ، هەرچەندە ناوچەی سەوز دەکەوێتە ناو جەرگەی شارەکەوە .

پێدەچێت ( شەهزادی ـ حیکایەتخوان )ی سەربەست ڕۆژێك لە ڕۆژان چیرۆکی ( هەزارو یەك شەوی ) ترس و سامناکی شاری بەغداد بگێڕێتەوە و چەندین ڕۆژی تایبەت بە ناوچەی سەوز و بە چیرۆك گەلێکی بێکۆتا.. ئەگەر ( شەهزاد ) مۆڵەت بدرێت شەوانە بێتە دەرەوەو یاسای قەدەغە کردنی شەو گەڕان نەیگرێتەوە .ئەوسات دەبینن چیرۆك و سەرگوزەشتەی ناوچەیەك دەگێڕێتەوە کە پێی دەڵێن ناوچەی سەوز لە ناوەندی شاریکدا کە شەقامەکان و کۆشکەکانی بە خوێنی سووری نەوەکانی ڕەنگاو ڕەنگ بوو بێت.

نموونەی ناوچەی سەوز کۆشك و قەڵاکانی پاشا و زۆردارانی سەدەکانی ناوڕاستمان بیر دێنێتەوە کە چۆن دیوار و هۆڵەکانی نەخشێنراو بوون بە زێڕ و زیوو و هەموو جۆرە چێژ و خۆشییەکی تێدا بوو لە خواردن و خواردنەوە لە هەمان کاتدا برسێتی و ترس مردن و نەخۆشی بە شەقامەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکان هاتوو چۆی دەکرد.وەرێژەیەکی زۆریان لە سەر پاشماوەی

سفرەی قەلاَکان دەژیان بەڵێ ئەمە حاڵی ناوچەی سەوزی قایم کراوە تەنها بەرامبەر ڕۆکێت و موشەکەکانی ( مورتر ) نەبێت کە لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە ڕۆژانە بە بێ مۆڵەت ئەو ناوچەیە دەهەژێنێت.

ئەم ناوچەیە هیچ کاتێك پێگەیەکی دابڕاوەی کارگێڕی و ناوچەیی سنووری نەبووە و هەمیشە بە هەموو لایەکی بەغداد دا کراوە بووە کە چەندین شەقامی خۆش و کۆشك و تەلاری چەندین دەوڵەمەندی تێدابووە لەگەڵ بوونیچەندد کۆشکێکی صدام و یاریدەدەرەکانی، بەشێکی تریش بریتین لە ماڵی خانەوادە دێرینەکانی بەغدا بەڵام دوای هاتنی هێزە داگیرکەرەکان و نەوەکانی( مامە سام )و هاوپەیمانەکانیان ئەم ناوچەیان دابڕی وەکو دەنکە گێلاسێك لە سەر قالّبێکی حەلواو پاشتر کردیانە مێرگێکی ڕووناك و چراخان لە ناوەندی تاریکستانی شاری بەغداد دا و ئەم مێرگە تەنراوە بە چەندین خاڵی پشکنین و سەدان بەربەستی کۆنکرێتی و چەندین تەن لە پەرژینی خۆڵ و هەزارەها کیلۆمەتر تەلەزی جگە لە هەزارەها کامێرای چاودێری و ئامێری ئاشکراکردنی تەقەمەنی و چەندین فڕۆکەی چاودێری بێ شۆفێر، کە بەردەوام لە ئاسمانی ئەم ناوچەیەدا دێن و دەچن ،بالۆنێکی زۆر گەورەی چاودێری کە جووڵەی مێرووڵەش ئاشکرا دەکات لە ناوچەکەدا .لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەزارەها سەربازی فرە ڕەگەز کە سەربازە عێراقییەکان وەك قەڵغان بە کاری دێنن لە دەرەوەی دیوار و پەرژینەکانەوە _ بە بێ توانج _ ! !

هەڵبژاردنی ناوچەی سەوز لە ئەنجامی نەخشە و پیلانێکی زیرەکانەی ئەمریکاوە بوو کە مەبەست لێی پشت ئەستووری ئەمنییە ،چونکە ناوچەکە زیاتر لە بیست دەرگای فەرمی هەیە جگە لە چەندین دەروازەو دەرگای جوراوجۆر کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری پاراستنی ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و

هەواڵنامەی کتێب

ڕەگەزەکانی تر لە کاتی دەر چوونیان لەو ناوچەیەدا بۆ جێگەکانی تر . ئەمە بە لای منەوە گرنگترین هۆکارە .

جگە لەوەی زۆربەی ئەندام پەڕلەمانەکان و کاربە دەستانی حکومەت و باڵوێزخانەکان لەم ناوچە یەدا نیشتە جێن کە ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەفڕینی کرێی خانووبەرە لەم ناوچەیەدا ، ئەگەر جاران نرخی کرێ خانوویەکی بچوك بریتی بوو بێت لە ٢٠٠ دۆلار ئێستا گەیشتۆتە نزیکەی ٥ بۆ ١٠هەزار دۆلار کە ئەم نرخە لە هیچ شار و پایتەختێکی دونیا دا نییە ،لە مەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ناوچەیە ئێستا تایبەتمەندییەکانی چین کە هانی ئەم کرێ بەرزانە دەدات ، تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەن:

( بە هیچ شێوەیەك کارەبا نابڕێت ، تاوەکو بە بەردەوامی بەرپرسان چێژ لە هەوای فێنکی ئامێرە ساردکەرەوەکان وەربگرن لە هاوینی گەرمدا و لە زستانیشدا لە بەردەم هەوای گەرم دابن ،تاکو بە هێمنی بیر لە دوا ڕۆژی عێراق بکەنەوە، ئاوی خاوێنی بەردەوامە چوونکە بەرپرسان بەرگەی تینویەتی و خۆ نەشۆردن ناگرن زیاتر لە هەفتەیەك لە دەرەوەی دیوارەکانی ناوچەی سەوزدا.

هەروەها کێشەی قەرەباڵغی ئۆتۆمبێل لە شەقامەکانیدا بە هیچ شێوەیك ڕوو نادات چونکە بەردەوام پیاوانی هاتو چۆ کاری تێدا دەکەن.

هەروەها نەبوونی کێشەی سووتەمەنی بەنزین ...هتد کە بەشی خۆیان و خێزانەکانیان و پاسەوان و دۆست و حزبەکەیان و عاشقانیشیان بە بێ بەرامبەر وەردەگرن کە چی زۆرێك لەو بەرپرسانە پارەی ئەو سووتەمەنییانە وەردەگرن وەك ( نەسرییە )..!!

جگە لە بوونی خزمەتەکانی ( ئەنتەرنێت ) و جۆرەکانیتریتا وەکو منداڵی بەرپرسەکان لە پەیوەندی دۆستەکانیان دانەبڕێن لەو چەند ڕۆژەی کە لە عێراقدا بە سەر یدەبەن .

لە هەموویان گرنگتر بریتییە لە نەبوونی میلیشیا چەکدارەکان و گرووپەکانی مەرگ ( فرق الموت ) و کۆمەڵە تیرۆریستییەکان و جیهادییەکان لەم ناوچەیەدا . لایەنێکی دیکە کە جێگەی گرنگی بەرپرسانە ئەوەیە لەم ناوچەیەدا بەرپرسان دەتوانن سەرجەم هیوایەتەکانی خۆیان لە وەرزشی بەیانیان و مەلەکردن و جۆرەکانی تری وەرزش ئەنجام بدەن بۆ پاراستنی توانای جەستەییان ( اللياقه البدنيه ) و پیاسەکردن و گەشتکردن لەگەڵ عاشقانیاندا دوور لە چاوی کامێرای رۆژنامەنووسان و خەڵکی بۆ پاراستنی توانای دەروونیان . هەروەکو بریمەر وەك نموونە یەك و سازدانی چەندین ئاهەنگی خۆشی وشادی بۆ لە بیر چوونی ماندووبوونی کار و تێکۆشین لە پێ ناوی عێراقدا ...!!

پێویستە ڕاستی بوترێت بەرپرسانەکانمان زۆر جەخت لە سەر دوانەکەوتنیان دەکەنەوە لە کاتی دیدار و کاریان لەگەڵ ئەمریکییەکان ئەمەش لە ترساندایە، بۆیە بوونیان لە ناوچەی سەوزدا ئەم کارەیان بۆ ئاسان دەکات لە کات و شوێنی دیدار دا ئامادە دەبن..))

ئەمە مشتێکە لە خەرمانی تایبەتمەندییەکانی ئەم ناوچەیەی کە ڕازاوەتەوە بۆ بەرپرسەکان تاوەکو بتوانن داهێنانکاری ئەنجام دەن لە کار و پیشەیاندا.

**٢- هەندێ جار خۆشەویستی لە منداڵدان و باوەشی مردندا لە دایك دەبێت:**

( ئەستیڤن تۆماس – ویلایەتی تەکساس ) سەربازی پیادەی دەریاوانی ئەمریکی هیچ کاتێك پێش بینی ئەوەی نەدەکرد کە لە مەترسیدارترین شوێنی دونیا دا تووشی ڕووداوی خۆشەویستی بێت .بە تایبەتی هەستێکی هونەری هەبوو زۆربەی کاتەکانی پشووی بە ئامێری ( گیتار ) ژەنییەوە بە سەر دەبرد کە دیاری کچە وەرگێڕێکی عێراقی هاوڕێی بوو بە ناوی (سحر محمد عكاب الشمری ) کە دواتر بوو بە هاوسەر و خێزانی ..

تۆماس کەسێکی ڕۆمانسی بوو، حەزی لە توندوتیژی نەبوو بەڵام بە هۆی کزی چاوانییەوە ناچار دەبوو تەقە لە هەموو گومانلێکراوێکدا بکات .وە وای دەزانی هەموو عێراقییەك ڕووی چەکی تێکردووە ولەناوی دەبەن . ڕوژێکیان (ئەستیڤن تۆماس ) لە سەر سەیارەیەکی هەمەر دانیشتبوو دەستی لە سەر ڕەشاشەکەیەوە بوو بەو پەڕی وریاییەوە چاودێری ئەو دەور و پشتەی دەکرد کە هەر کەسێك دەست درێژی بکاتە سەر دەوریەکەیان گولەبارانی بکات .

بەڵێ هەر ئەمە ڕوویدا کاتێ لەناکاو لە یەکێ گەڕەکەکانەوە سەیارەیەك بە خێرایی دەرچوو ( تۆماس )بێ ئەوەی دڵنیا بێت بە چاوە کزەکانی لە شۆفێری سەیارەکە وورد دەبێتەوە دەستی کردە گولەبارانکردنی سەیارەکە، ئەمە لە چاوەڕوانکردن باشترە بۆ ماوەی ١٠ چرکە تا لە شۆفێرەکە دڵنیابێتەوەو ڕووداوەکە بە ڕوویەکی تر بگۆڕێت.

تەقەکانی ( تۆماس ) فەرمانی دا بە هەموو ئەندامانی دەورییەکە تا هەموویان ڕووی چەکەکانیان بکەنە شوێنی تەقەکان هەروەکو وتەیەکی عێراقی هەیە دەڵێت: ( بە پێی دەنگی تەپڵ سەما بکەن قاچەکانم) سەرئەنجام پاش چەند خوولەکێك لە گوڵەباران و چەند سەعاتێك گەمارۆدانی ناوچەکە لە ترسی بۆسەیەکی گوماناوی بە ڕێژەی ( ٠.٠٠٠٠١ ٪ ) دا و پاش پشکنین و ووردبوونەوە لە ڕووداوەکە دەرکەوت کە تەنها شۆفێرێکی عێراقی بێ ئاگا بووە لە بوونی ئەو دەوریە ئەمریکی و ١٠نان و کیلۆیەك خەیار و ٣ دەبە بیبسی پێبوو بە هەر حاڵ شۆفێرەکە بە رەو دیداری خوای گەورە بە ڕێ خرا و ( تۆماس )یش گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی ناوچەی سەوز بە مەبەستی هێوەرکردنەوەی باری دەروونی بە پێدانی دەرزییەکی هێوەرکەرەوە و پاش ئارامبوونی گیتارەکەی هەڵگرت و چەند ئاوازێکی خەماویانەی ژەنی.

پاش تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك بە سەر ئەو ڕووداوەدا ( تۆماس ) لە لایەن ئەفسەری ئەو دەوریەوە بانگێشت کرا تا کو دەستخۆشی ئەو کاردانەوە خێرایە و ووریایەی لێبکات و پێی ڕابگەیێنێت کە پێکەوە بچنە دیداری خانەوادەی ئەو شۆفێرە بێتاوانە و سەرەخۆشیان لێ بکەن و چەند ( گلأیەك )ی سەوزی ئەمریکی یان بدەنێ کە زۆر کەمترە لە ژمارەی ئەو گولانەی شۆفێرە چارە ڕەشەکەیان پێی پێکا.

کە گەیشتنە ماڵەکە گشتیان دیمەنێکی خەمۆکییان پیشان داو سەرەخۆشی خۆیان ئاڕاستە کرد و پاشتر زانیان کە تاقە کچێکی هەیەو چەند ڕۆژێك دەبێت زانکۆی تەواو کردووە لە بەشی وەرگێڕان و ئەفسەرە ئەمریکییەکە ژمارە تەلەفۆنەکەی خۆی پێدا تاکو لە کاتی پێویستدا پەیوەندی پێوە بکات و زۆر پێیان ووت دوو دڵ مەبە لە پەیوەندیکردندا ، بەزمانی حاڵیان دەیانگووت : هەر چۆن ئێمە دوو دڵ نەبووین لە کوشتنی باوکت ،پاشتر ئەو کچە تووشی فشاری سوپای مەهدی بوویەوە ئەویش پەیوەندی کرد بەو ئەفسەرەوە و لە چاوپرکانێکدا ناوچەکە گەمارۆ درا بە هەمەری ئەمریکی بۆ بە هاناوە چوونی کچەکە و پاش گفتوگۆیەکی کورت کچەکە ووتی حەز دەکات لەگەڵیاندا کار بکات وەکو وەرگێڕێك چوونکە ئینگلیزی باش دەزانێت و دەرچووی زانکۆیە ئەوانیش ووتیان پاش ماوەیەکی تر وەڵامت دەدەینەوە تاکو کارەکە ڕێك بخەین ، پاشانیش ڕەزامەندیان نواند و لە هەمان ئەو دەوریە کە باوکیانی کوشت وەرگیرا، دواتر گواسترایەوە بۆ یەکێ لە دەرگاکانی ناوچەی سەوز وەك وەرگێڕێکی سەرەکی، بە هۆی هەڕەشەکانی سوپای مەهدی بە ناچار ماڵیان گواستەوە بۆ ناوچەی سەوز لە شوێنی سەربازەکاندا نێشتەجێ بوون چونکە سوونین و لە گەڕەکی (جمیلە) دادەنیشتن کە ناسراوە بە مۆڵگەی سوپای مەهدی ( خوای گەورە وتەکانمان لە سەریان سوك بکەیت ) بە هەرحاڵ ئەو کچە

هەواڵنامەی کتێب

مانگانە موچەیەکی ( ۷٥٠$ ) دۆلاری وەردەگرت کە زۆر باش بوو بۆ ئەوسای عێراق بە تایبەتی کە کرێی کارەبا و ئاو و چارەسەرکردن و...هتد نەدەن.

کەواتە کچەکە هیچی کەم نییە تەنها ئەوە نەبێت کە هاوسەرێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ خۆی کە لە ژێر سایەیدا بە هێمنی و ئارامی بژێت و لەوێدا کوڕێکی گونجاوی ناسی کە کەم دەخواتەوە و جگەرە ناکێشێت و بە لایەوە کێشە نییە کە موسڵمانێك بخوازێت و باوەڕی بەتایفەگەری نییە و ( شیعە و سووننە ) بە لایەوە جییاوازی نییە ( یان لە ژیر بەزەیی ئاگریان دا دەبێت یان لە ژێر بەزەیی ئاگریدا دەبن ).

پەیوەندیان لە یەکترناسینەوە گەشەی کرد بۆ خۆشەویستی و دواتریش کاری سێکسی و سك پڕبوون دواتر سەربازە (لاوەکە)بەرەو وولاتی خۆی گەڕایەوە بەو ئومێدی ئەوەی بە وەفا بێت و دوایی بیخوازێت بەڵێ خۆشەویستە ئەمریکییەکەی پەیوەندی پێوە کردووەو دەری خست  کە هەر خۆشی دەوێت و ئامادەیە بیخوازێت و بە لایەوە کێشە نییە کە کچەکە سەر بە هەر ئایینێك بێت ( ئێوە ئایینی خۆتان و ئێمەش ئایینی خۆمان ) و پێکەوە و دەژین و کوڕ و کچی جوان دەخەینەوە بەڵام نهێنییەك هەیە پێویستە بیزانیت ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئەوگەنجە سەربازە ئەمریکیەیە ناوی ( ئەستیڤن تۆماس ) ە کە بکوژی باوکی ڕەحمەتیتە و مەبەستی کوشتنی نەبووە و بە هەڵە ڕوویداوە ، خۆشەویستییەکەم بۆت لە بەزەییەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو بە ڕاستی خۆشی دەوێت. بە بیستنی ئەم هەواڵە ( سحر محمد عکاب الشمری ) لە تاواندا کەوت و فرمێسك بە چاوانییدا دەهاتە خوارەوە و تەماشای سکی دەکرد کە ووردە ووردە گەورە دەبێت و بە زمانی حاڵ دەیووت کوڕی بکوژی باوکم لە سکمدایە پاشان بە هەر حاڵ ( سحر )ڕەزامەندی نواند کە هەموو شتێك ( قیسمەت و نسیب )ە وەوڵبدات بگاتە هاوسەرەکەی لە وڵاتێکدا کە تا دوێنێ

داگیرکەر بووە کە چی لەمەو دوا دەبێتە هاوولاتی ئەو نیشتمان و ولاتە کە ئەمریکایە .

ئەم ڕووداوە بە سەر هاتێکی ڕاستەقینەیە کە پاڵەوانەکەی ( سحر و تۆماس و ویداد )ە چونکە سحر لەو دەرگایە کاری دەکرد کە نزیکی ماڵی ( ویداد )بووە کە شایەت حاڵی ئەم چیرۆکە خۆشەویستییە بووە و بریمەر دیارییەکی ( ١٠هەزار ) دۆلاری بەخشی بەم پرۆژە ( هاوسەرگیرییە )، هەزار جار پیرۆزە !

**٣- دایکی علی**

علی گەنجێکی ڕووخۆش و قسەزان و بالاّ بەرز بوو هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو ، هەموو کەسێکی خۆشدەویست و دژی تایفەگەری بوو، دایکی عەلەویەو خەڵکی شاری نەجەفە و باوکیشی سوونەیە و خەڵکی شاری پرتەقاڵە واتە: ( دیالی ) .هەموو جارێك علی بە گاڵتە و پێکەنینەوە دەیووت خاڵۆانم ( موقاوەمە )ی شیعەن و مامەکانیشم ( موقاوەمەی )سوونین خوێندنی زانکۆی تەواو کرد ولە بەشی ئەندازەی پرد و ڕێگاوبان بوو بە ئەندازیار لە بەر ئەوەی عێراقی زۆر خۆشدەویست .ویستی بەشداری بکات لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەڵکو بتوانێت پشوویەك بە دایکی بدات کە لە پاش مردنی باوکی ئەرکی بە خێو کردن و پەروەردە کردنی ( علی )کەوتبووە ئەستۆی و لە یەکێ لە قوتابخانەکانی شاری بەغدا مامۆستا بوو لە بەشی ( کەرخ )دا .هەر بۆیە علی لە کۆمپانیایەك کە بەروکار نەرویجی و بە بنەڕەت ئەمریکی بوو وەرگیرا بە ئەندازیارو دەستی کرد بە نەخشە کێشانی پرۆژەکان بە مەبەستی جێ بە جێ کردنی لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە ئەوانیش لە فێڵ ە ساختەکاریدا پسپۆرن علی و چەند ئەندازیارێکی تری سوونیان هێنا و ڕەوانەی شاری ( دیالی ) یان کرد بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە هۆکاری لایەنگیری مەزهەبیان ،بۆ ئەنجامدانی تویژینەوەیەکی مەیدانی، ئەمانیش بەو پەڕی

پەرۆشییەوە بۆ کارەکەیان کەوتنە ڕێ و هەریەکەش چەندین هیواو ئاواتیان لە دڵدا بوو کە لە دوا ڕۆژ بێتە دی و خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن بەڵام لە ناکاو پێڕێکی دەمامك پۆش کە دەم و چاویان داپۆشی بوو ڕێی پێ گرتن و داوای ناسنامەکانیان کرد ئەمانیش هەموویان ناسنامەی کۆمپانیایان پێبوو .لە تێڕوانینی دەمامك پۆشەکان ئەم ئەندازیارانە کرێ گرتەی دوژمنن و پێویستە لە ناو ببرێن بە بێ گوێدانە ڕەگەز و تایفە و بڕوانامەکانیان ، هەرهەموویان گولەباران کرد . بەم شێوەیە علی و هاوڕێکانی ماڵئاواییان کرد و دایکی (علی )ش بە تەنها و بۆ دەردەسەری مایەوە بێ کەس و کار ، خوا لە علی خۆش بێت و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات .

**٤- میلیشیاکان**

لە سەردەمی صدامدا و پێش داگیرکردنی عێراق چوار تا پێنج میلیشیای چەکداری هەبوو کە لە دژی صدام و ڕژێمەکەی دەجەنگان و هەیانبوو لە دەرەوەی وڵات خەباتی دەکرد و هەشیان بوو لە ناو وڵاتدا بوو بەڵام سەرئەنجام هەموویان سنووری کارو چالاکییەکانیان سنووردار بوو وهەندێ ڕێکخراوی ئیسلامی توند ڕەو لە باکووردا هەبوون بەڵام پاش ڕۆیشتنی ( بریمەر ) ئەوا لیستێك بە ناوی ئەو میلیشیایانە دەخەمە ڕوو کە لە عێراقدا هەن و چالاکن و بە بێ دەست نیشانکردنی لایەنەکانیان ئەمە جگە لە میلیشیا بچووکەکان و دەستەی پاسەوانی بەرپرسان کە هەندێکیان ژمارەیان دەگاتە پەنجا کەس کە بە هەموو جۆرە چەك و تەقەمەنیەك پڕ چەك کرا بوون و مۆڵەتی فەرمی چەك هەڵگرتنیان پێیە:-

ڕێکخراوە جیهادییە عێراقییەکان کە دژ بە داگیرکەر و هاوپەیمانان دەجەنگێن:

١- جیش محمد ( سوپای محمد )

٢- کتائب ثورة العشرین ( کەتیبەکانی شۆڕشی بیستەم )

هەواڵنامەی کتێب

٣- جيش المجاهدين ( سوپای موجاهدين )

٤- انصار السنه ( پشتیوانانی سووننه)

٥- المتوكلون ( پشت بەستوان )

٦- ثوار الانبار ( شۆرشگێڕانی ئەنبار )

٧- ابطال كركوك ( پاڵەوانانی کەرکووك )

٨- مجاهدو بعقوبه ( تێکۆشەرانی بەعقووبە )

٩- مقاتلوا موصل ( جەنگاوەرانی موسل )

١٠-كتائب الحسين ( کەتیبەکانی حوسێن )

١١-تنظيمات حزب البعث العربي الاشتراكي ( ڕێکخستنەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی )

١٢-تنظيمات فيدائيو صدام ( ڕێکخستنەکانی فیدائیانی صدام )

١٣-كتائب أهل عراق ( کەتیبەکانی خەڵکی عێراق )

١٤-كتائب التحرير ( کەتیبەکانی ڕزگاری )

١٥-كتائب اهل اليمن ( کەتیبەکانی خەڵکی یەمەن )

ڕێکخراوە چەکدارییەکانی شیعە

١- قوات بدر ( هێزەکانی بەدر )

٢- جيش المهدی ( سوپای مەهدی )

٣- المهديون المنشقون من التيار الصدر ( ابودرع ) ئەوانەی لە ڕەوتی صەدر جیابوونەتەوە بە ( ابو درع )ناسراون.

٤- انصار اليعقوبی ( پشتیوانانی یەعقوبی )

٥- انصار الحائری ( پشتیوانانی حائیری )

٦- انصار الحسنی ( پشتیوانانی حەسەنی )

٧- تنظيم مجاهدوا الدعوة ( الجعفری و المالکی ) ڕێکخراوی تێکۆشەرانی دعوەی ( جەعفەری و مالکی )

٨- حرکة الثأر ( بزوتنەوەی تۆڵە )

٩- میلیشیات حزب الله ( چەکدارانی حیزب الله )

١٠- میلیشیات حزب مؤتمر ( چەکدارانی حیزبی مؤتمر) ( چەلەبی )

١١- میلیشیات الفضیلة ( چەکدارانی فەزیلە )

١٢- میلیشیات الکاظمیون ( السید الصدر )( چەکدارانی کازمییەکان )

١٣- ثوار الاهوار ( شۆرش گێڕانی هۆرەکان )

ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان :

١- تنظیم قاعدة في بلاد الرافدين ( ڕێکخراوی ( قاعیدە ) لە وولاتی ڕافیدین )

٢- انصار الاسلام ( پشتیوانانی ئیسلام )

هەواڵنامەی کتێب

پێی دەچێت لە ڕۆژگاری داهاتوودا چەندینی تر هاو شێوەی ئەم ڕێکخراوانە سەرهەڵبدەن خوای گەورە لە شەڕ و فیشەکی چەکەکانیان بمانپارێزێت .

**٥- بەراورد کردن**

من ڕقم لە خشتەکانە لە منالییەوە کە یادی خشتەی لێکدانەوەی بیرکاریم دەکەوێتەوە کە مامۆستای بیرکاری بەلێدان پێی لە بەر کردم .

بە هەر حاڵ لەیاد چوونەوە نیعمەتە وئەم جارە لە هەوڵی ئاشتبوونەوەدام لەگەڵ خشتەکاندا چونکە پێم وایە هەندێ جار سوودی هەیە بە تایبەتی ئەگەر ببێتە هۆکاری گەیاندنی ئەوەی لە مێشکی مندایە بۆ خوێنەری بەڕێز .

بەراورد کردنێکی سیانی لە نێوان (سەگێك ) ی ڕاهێنراو لە سەر بۆنکردنی تەقەمەنی پێی دەڵێن ( بلاکی ) و لە نێوان ڕاهێنەر ە نیپالییەکەی و وەرگێڕێکی عێراقی کە لە یەکێك لە دەوریە ئەمریکییەکاندا کار دەکات .بەراورد کردنەکە لە

سەر جۆرەکانی سوکایەتیکردن یان گاڵتە جاری نییە بەڵکو هەر سێکیان کار و ئەرکی خۆیان جێ بە جێ دەکەن بەلاّم تەنها بەراورد کردنێکە و هیچی تر ( ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە )

| جۆری بەراورد | سەگەکە ( بلاکی ) | ڕاهێنەرەکە | وەرگێڕەکە |
|---|---|---|---|
| کاتەکانی کار | هەشت کاتژمێر کارو کاتژمێرێك پشوو ، وە دوو ژەم خواردنی تێدا دابەشکراوە پاشانیش سەگی دووەم و سیچیەم لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر جێگای دەگرنەوە | دوانزە کاتژمێر کار دەکات چونکە بەرپرسە لە سەر نان پێدانی سەگەکە و پاککردنەوەو پێدانی ڤیتامین و دڵنیا بوون لە نووستن و پشوودانی سەگەکە و ڕاهێنانی سەگی یەکەم | دوانزە کاتژمێری تەواو بە بەردەوامی تەنانەت نان خواردن و سەر ئاو کردنی لە ناو هەمەرەکەدا دەبێت |
| جێگای کار | لە بەر دەرگای ژمارە ٧ بستێك دوور ناکەوێتەوە تا کو سەگەکەی تر دێت | دەرگای ژمارە ٧ و کولانەی سەرەکی لە بەشی دووەمی ناوچەی سەوز | جێگایەکی دیاریکراوی نیە سەربازەکان بۆ کوێ بچن ئەویش لە گەلیانە ئەگەر بۆ دۆزەخیش بچن |
| جۆری خواردن | ژەمێکی تایبەتی پڕ لە ڤیتامینات و موقەویات نرخی ٢٥ دۆلارە | ژەمێکی خواردنی سوپای ئەمریکا نرخەکەی دۆلار و نیوێکە | ژەمێکی خواردنی سوپای ئەمریکا نرخەکەی دۆلار و نیوێکە یان کڕینی خواردن لە چێشتخانەیەك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **حەسانەی ئەمنی** | بۆی هەیە بۆ هەموو جێگایەك بچێت و کەس داوای ناسنامەی لێ ناکات .هەرچەندە هەیەتی مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ دەکرێت و کەس نایپشکنێت چونکە یەکێکە لە کەرەسە ئاسایشییەکان | جگە لە کولانەکە و جێگای کارەکەی ئیدی بۆی نییە بۆ هیچ شوێنێك بڕوات و لە هەر خاڵێکی پشکنیندا تا نەپشکنرێ بۆی نییە تێپەڕێت هەندێ جار سەگەکە بێ ڕاهێنەرەکەی دەچێتە ژوورەوە | ئەگەر گومانی بخرێتە سەر ڕاستەوخۆ قۆل بەست دەکرێت تا کاتێکی دیارینەکراو و حاڵەتی هاوکاری وەرگێڕکان لەگەڵ گرووپە چەکدارییەکان زۆرە و بۆتە هۆی نیگەرانی ئەمریکییەکان |
| **تایبەتمەندییە خزمەتگوزارییەکان** | لە کاتی نەخۆشی و چارەسەر کردنیدا مۆڵەتی هەیە بە مووچەوە | ڕێ پێ دەدرێت جێی بهێڵێت لەم حاڵەتانەدا: دەست لە کار کێشانەوە یان مردن بە مووشەکێکی مۆرتری لە ناکاو لە هەر دوو حاڵەتەکە قەرەبوو ناکرێتەوە | قەرەبوو دەکرێتەوە بۆ ماوەی سێ مانگ لە کاتی کوشتنی لە لایەن گرووپە چەکدارییەکانەوە |
| **تایبەتمەندییە پیشەییەکان** | هەموو کەسێك گوێڕایەڵی دەکات چونکە هەست بە بوونی تەقەمەنی دەکات | گوێڕایەڵی سەگەکە و پیاوە ئەمریکییەکان دەکات | گوێڕایەڵی هەموویان دەکات سەگەکەو ڕاهێنەرەکە و سەربازانی ئەمریکی |
| **تایبەتمەندییەکانی کار** | پێناسەیەکی هەمیشەیی پێ دەبەخشرێت بە هۆییەوە چارەسەر دەکرێت بە بێ بەرامبەر و جێگەیەکی تایبەتی بۆ دابین دەکرێت | پێناسەیەکی پێدەبەخشرێت و سێ مانگ جارێك نوێ دەکرێتەوە لەگەڵ ( دە ) نیپالی تردا لە شوێنێکدا دەمێننەوە | پێناسەکەی مانگانە نوێ دەکرێتەوە گەر یەکێك لە دەرەوەی ناوچەی سەوز پێی ببینێت ئەوا دەکوژرێ لە ژووری وەرگێڕەکاندا دەمێنێتەوە. کە ئاخنراوە لە بۆنی عەرەق و جگەرە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مووچە | دە هەزار دۆلاری مانگانە و سەد دۆلاری دیکەشی پێ دەدرێت بەرامبەر هەر سێ کاتژمێری زیاد کراو لە کارکردنیدا | سێ هەزار دۆلاری مانگانە و هیچی پێ نادرێت لە بەرامبەر کاری زیاد کراو | هەزار دۆلاری مانگانە و هیچی لە بەرامبەر کار ی زیاد کراو پێ نادرێت |
| خانەنشینی | خانەنشین دەکرێت دەیگەڕێننەوە بۆ نیشتمانەکەی بە تایبەتی بۆ زاوزێ کردن و کوتان تاوەکو نەوەیەك ببەخشێت بە سوپای ئەمریکی کە سیفاتی دایکە خانەنشین کراوەکەی تێدا بێت. | هیچ مووچەیەکی بۆ تەرخان ناکرێت چوونکە بە کرێگیراوە. | هیچ مووچەیەکی بۆ تەرخان ناکرێت لە تێڕوانینی ئەمریکییەکاندا ئەم خزمەتی نیشتمانەکەی دەکات. |

هەواڵنامەی کتێب

## کۆتایی

کاتێك کەئەم چەند دێرە دەنووسم و خەم هەموو لاشەی داگرتووم بە هۆی چەند شتێکەوە کە دەیانخەمە ڕوو .ئەگەر ئەم کتێبە خوا ڕۆژی لە ڕۆژان مۆڵەتی چاپکردنی بدات :

١.ئەشێت من هەر لە عێراقدا بمێنمەوە چونکە من پەیامنێر و بێژەری تەلەفزیۆنێکی عێراقی تایبەتم .ئەوسا ناتوانم ئەم کتێبە بلاو بکەمەوە لە بەر مەترسیدارێتی و گرنگی ناوەڕۆکی کتێبەکە تەنانەت لە کاتی نووسینیدا نەموێراوە لە منالەکانیشم تورە و زیز بم نەکا لای یەکێك باسی بکەن کە لە کاتی گفتوگۆی نێوان خۆم و خێزانم گوێیان لە هەندێ بابەت بوو بێت . ئەو کاتە دەبوومە نێچیرێکی چەور و بیانوو بۆ فیشەکێکی بێ سەر و شوێن کە لە عێراقدا کاری بەمجۆرە کەسانە زۆرە.

٢. ئەگەر خوای گەورە لە چارەی نوسیبێتم کۆچ بکە بۆ دەرەوەی عێراق ئایا کەسێکی خەمخۆرم دەست دەکەوێت کە ئەم کتێبە بلاو بکاتەوە بە هەموو ئەو ڕاستییانەی تیایدا هەیە چونکە نازانم لە جیهانی عەرەبیماندا خانەکانی بلاو کردنەوە چۆن بیر دەکەنەوە و من کەسێکی رۆژئاوایش ناناسم تا ئەم کارەم بۆ ئەنجام بدات .

٣. ئەگەر بلاو کارێکیشم دۆزییەوە کە مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و کارەکەمان سەری گرت ئایا ئەم کتێبە بە هەموو ئەو ئابروو چوونانەی کە داگیرکەر ئەنجامی داوە دەگاتە دەستی گەلی عێراقی و ئەمریکی تا یەکەمیان ویژدان بێت و دووەمیان ڕاستییەکانی بۆ دەرکەوێت.

٤. ئایا ڕاگەیاندنی عەرەبی گرنگی تەواو بە ڕاستییەکانی ئەم کتێبە دەدات و دۆسێی تایبەتی بۆ دەکاتەوە هەروەکو ڕاگەیاندنی ئەمریکی گرنگی دا بە ئابروو چونەکەی ( کلینتۆن و مۆنیکا )..؟؟

٥. ئایا ئەوەی من مەبەستمە بگاتە گەلی عێراقی ئەم کتێبە دەیگەیێنێت؟ و ئایا برا سیاسەتمەدارانی عێراقی بە چاوی دوژمن لە من دەڕوانن یان نا ، لە کاتێکدا من تەنها تێڕوانینەکانی ( بریمەر )م لەم کتێبەدا گەیاندووە لە سەر زاری ژنە ئاشوورییە عێراقییەکەی. واتە من تەنها گەیەنەرێك بوومە و بەس و پەیامبەر تەنها گەیاندنی پەیامەکەی لەسەرە (وماعلى الرسول الا البلاغ )

ئەم کتێبە بە پشتیوانی خوای تاك و تەنها تەواو بوو

هەواڵنامەی کتێب

## پێش چاپکردن

ولآتی خۆم بە جێ هێشت و دەستی خێزان و منالْ و کتێبی خۆم گرت و دام لە دەرگای کتێبخانەی حاجی ( مدبولی )لە ڕێگەی پێگەیەکی تۆڕی ئینتەرنێتدا و مامۆستای بەڕێز ( محمود عبدالعزیز ) زۆر بە پەرۆش بوو بۆ کتێبەکە و داوای لێکردم کە بەشی یەکەمی بنێرم بۆ خوێندنەوە و پیاچوونەوە منیش هەر چاوەڕوانی وەلآمیان بووم وەك چاوەڕوانی کردنی کەسێك لە سەر پشکۆیەکی ئاگر بێت لە دەیەمی کۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز پێی ڕاگەیاندم کە حاجی ( مدبولی )قسەت لەگەڵ دەکات منیش هەستم کرد کە لەگەڵ کاغەز و قەڵەمدا دەدوێم ، تەنها ناوەکەی هەموو شتێك بوو بۆم ، نەمدەزانی چی لەگەڵ بڵێم ، باسی سەرسوڕمانی خۆمی بۆ بکەم بە کەسایەتی یەکەی کە هەمیشە گوێ بیستی هەواڵەکانی دەبووم لە ڕۆژنامە و کەناڵە ئاسمانییەکان یان پیرۆزبایی مانگی ڕەمەزانی لێبکەم یان سلآوی لێبکەم و پێی بڵێم کە گرنگی بە کتێبەکەم بدات بەڵام کاتەکەم و کارتی مۆبایلەکەم دەرفەتم پێنادات .لەم کاتەدا بوو دەنگی ( حاجی مدبولی ) بە قەد گەورەیی ژیاری هەرەمەکان هات ووتی: — چۆنی کوڕەکەم — هەموو ساڵێکت هەر شادی و کامەرانی بێت محمد من ئەم کتێبەم دەوێت لە پیشانگای کتێبدا دایدەنێم

منیش بە دڵخۆشی و پەشۆکانەوە وەلآمم دایەوە و وتم : حاجی ، هەموو ساڵێکت هەر شاد بێت . زۆر سوپاسی گرنگیدانت دەکەم بەم کتێبە ، بە پشیوانی خوای گەورە لە ماوەی دوو هەفتەدا کتێبەکە بە شێوەی کۆتایی دەگاتە دەستت... کارتی مۆبایلەکەم تەواو بوو سوپاس بۆ خوا کتێبەکە کەوتە بەر ڕووناکی دیدەی خوێنەران .

هەواڵمەی کتێب